




سەرنووسەر
E-mail: mariwanrasheed@yahoo.com

چوار هێزی سەرەکی هەن لە جیهانی ماددەدا رۆڵی تەواویان هەیە، کە بریتین لە: (ناوکە ئەتۆمی بەهێز، ناوکە ئەتۆمی لاواز، کارۆموگناتیسی، کێشکردن).

هەریەك لەم هێزانە مەودای کار کردن و توندییان جیاوازە، هێزی ناوکە ئەتۆمی بەهێز بەرپرسە لە بەستنەوەی ناوکی ئەتۆمەکان، هێزی ناوکە ئەتۆمی لاوازیش لە شیبوونەوەی ناوکە ئەتۆمیدا کاردەکات، و هێزی کارۆموگناتیسی لەنێو تەنۆلکە بارگاوییەکاندا رۆڵی هەیە، و هەرچی هێزی کێشکردنیشە بەهۆیەوە بارستە و تەنە گەردوونییەکان بە یەکترەوە بەندن، وەك هێزی کێشکردنی نێوان خۆر و هەسارەکان، ئەستێرە و گەلەستێرەکان (هەرچەندە ئەنیشتاین کێشکردن بە هێز دانانێت).

کاری هەریەك لەم هێزانەش لەلایەن تەنۆلکەی تایبەتەوە بە ئەنجام دەگات، هێزی ناوکە ئەتۆمی بەهێز لەلایەن (گلۆنەکان)، و هێزی ناوکە ئەتۆمی لاواز لەلایەن تەنۆلکەکانی (W)ی موجەب و سالب و (Z)ی هاوبارگەوە بە ئەنجام دەگات، هێزی کارۆموگناتیسی لەلایەن فۆتۆنەکان، و هێزی کێشکردن (گراڤیتۆن) بەرپرسیارە لێی.

دەیان ساڵە زانایان هەوڵی ئەوەیانە کە ئەم چوار هێزە بە یەکترەوە گرێ بدەن، (ئەنیشتاین) زۆر هەوڵیدا لە بیردۆزی بواری یەکگرتوودا (نظرية المجال الموحد)دا ئەم هێزانە یەکبخات، بەڵام نەگەیشتە ئەنجام. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوودا زانایان (عبدالسلام، واینبێرگ و گلادشۆ) بەجیا گەیشتنە دۆزینەوەیەکی گرنگ کە توانییان هێزی ناووکە ئەتۆمی لاواز و هێزی کارۆموگناتیسی بەیەك هێز دەربڕن، لە گرنگی کارەکەیاندا ساڵی (١٩٧٩) خەڵاتی (نۆبڵ)یان لە فیزیادا وەرگرت.

ئەم کارەیان زیاتر هانی زانایانیدا بۆ یەکخستنەوەی دوو هێزەکەی تر لەگەڵ ئەم هێزە تازەیەدا کە بە هێزی (کارۆ لاواز) ناودەبرێت، هەوڵەکان تا ئێستا بەردەوامن و توێژینەوەی چڕوپڕ هەن لەسەر سیفاتی تەنۆلکە سەرەتاییەکان، و زانایان سەرقاڵی ئەوەن کە بزانن بنەڕەتی هێزەکانی گەردوون چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

فیزیای نوێ ئەمڕۆ گەیشتۆتە دەرەنجامێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە لە سەرەتادا هەر چوار هێزەکەی گەردوون یەك هێز بووە، و لەو پلە گەرمییە بەرزەدا کە گەردوون دروست بووە تەنانەت هێزی کێش کردنیش لەگەڵ هەر سێ هێزەکەی تردا دەبێت یەکگرتوو بووبێت بە یەکترەوە.

ئەم درەنجامە دەمانگەیەنێتە ئەو راستییە کە هەموو هێزەکانی گەردوون یەك سەرچاوە بوون لە سەرەتای دروست بوونی گەردووندا، و ئەو هێزە گەورەیەش بەو ووزە بەرزەوە کە سەرەتای دروست بوونی هێزەکانی گەردوونە جارێکی تر ئاسۆی یەکتاپەرستی پرشنگدار دەکات:

﴿ذَلِكُم اللّهُ رَبُّكُم لا إِلَـهَ إِلا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيءٍ فَاعبُدُوهُ وَ هُوَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ وَكِيلٌ﴾الأنعام ١٠٢..........




بسم الله الرحمن الرحيم

## بەشی دووەم

# بەربەستی ئاویی نێوان دەریا سوێرەكان

زانایانی دەریا لەدوای پێشكەوتنی زانستی سەردەم، گەشتنە دەرخستنی بەربەستی نێوان دەریاكان، بینییان بەربەستێك نێوانی دەریاكان جیادەكاتەوە، و لە نێوانیاندا دەجوولێت، بۆیە زانایانی دەریا ناویان نا بە (بەرە)، ئەویش بە چواندن بەو بەرەی كە نێوانی دوو سوپا جیادەكاتەوە.

بە بوونی ئەم بەربەستەش هەریەك لە دەریاكان تایبەتمەندییەكانی خۆیان دەپارێزن، و گونجاو دەبن بۆ ئەو گیاندارانەی لە ژینگەكانیاندا دەژین، لەگەڵ بوونی ئەو بەربەستەشدا هەردوو دەریای دراوسێ تێكەڵ دەبن بە تێكەڵ بوونێكی هێواش.

قەدەر وا لە ئاوەكە دەكات كاتێك لە دەریایەكیانەوە بۆ دەریاكەی تریان تێپەڕێت، تایبەتمەندییەكانی بگۆڕێتە سەر ئەو دەریایەی كە بۆی چووە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو بەربەستەوە كە هەڵدەستێت بە كرداری هەڵگەڕاندنەوەی ئاوی پێدا ڕۆیشتوو لە دەریایەكەوە بۆ دەریایەكی تر، هەتا هەر دەریایەك پارێزەری تایبەتمەندییەكانی خۆی بێت.

## پلە پلەی زانستی مرۆڤایەتی لە دۆزینەوەی ئەو بەربەستە شارراوە ئاوییانەدا :

* زانایانی دەریا دەریان خست كە جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئەو نموونە ئاوییەكاندا كە لە دەریا جیاوازەكانەوە وەرگیرا بوو لە ساڵی (١٨٧٣ز)، ئەمەش لەسەر دەستی تیمێكی دۆزەرەوەی دەریایی ئینگلیزی بوو لە گەشتی (تشالینجەر)دا، لەو كاتەوە ئادەمیزاد بۆی روون بووەوە كە ئاوی دەریاكان لە پێك هاتەیاندا جیاوازن لە روانگەی ڕێژەی خوێ تیایاندا، و پلەی گەرمییان، و ئەندازەی چڕییان، و زیندەوەری جۆراوجۆری ناویان، دەرخستنی ئەم زانیارییانە لەدوای گەشتێكی زانستی بوو كە سێ ساڵ بەردەوام بوو، هەموو دەریاوانەكانی جیهان هێنرا بوون، گەشتەكە زانیاری لە (٣٦٢)وویستگەوە كۆكردەوە كە تایبەت كرابوون بۆ لێكۆڵینەوەی تایبەتمەندییەكانی دەریا و زەریاكان، راپۆرتی گەشتەكە بە (٢٩٥٠٠) پەڕە پڕبووەوە، لە (٥٠)بەرگدا، تەواو بوونی ئەم راپۆرتە (٢٣)ساڵی خایاند، ئەم گەشتە بە یەكێك لە گەورەترین دەستكەوتە زانستییەكان دانرا، بەوەی كە نادیارییەكانی دەریاكانی دەرخست كە ئادەمیزاد پێشتر نەیزانیبوو.

* لەدوای ساڵی (١٩٣٣ز) گەشتێکی زانستی تری ئەمریکی لە کەنداوی (مەکسیك)دا کرا، سەدان وویستگەی دەریایی بۆ لێکۆڵینەوەی دەریا بڵاوکرایەوە، بینییان ژمارەیەکی زۆر لە وویستگەکان هەمان زانیاری دەبەخشن سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی ئاو لەناوچەیەکدا لە رووانگەی: خوێ، چڕیی، گەرمیی، زیندەوەرانی ناویان، توانای بۆ تواندنەوەی ئۆکسجین لە ئاودا، لە کاتێکدا وویستگەکانی ترلە



مرۆڤ و ئامێرەکانی لە لێکۆڵینەوەی دەریا و زەریاکاندان

ناوچەیەکی تردازانیاری چوون یەك دەبەخشن بەڵام جیاواز لە ناوچەکەی تر، ئەمەش وای لە زانایانی دەریا کرد دەری بخەن کە ئەو دوو ناوچەیە دوو دەریای جیاوازن لە سیفاتدا، و بە تەنها جیاوازی لە نموونە وەرگیراوەکاندا نین، هەروەك گەشتەی (تشالینجەر) دەریخست.

* ئادەمیزاد سەدان وویستگەی دەریایی بۆ لێکۆڵینەوەی دەریا جیاوازەکان دانا، زانایان دەریانخست کە جیاوازی نێوانیان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە ئاوی دەریا جیاجیاکان لە یەکتری دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا دەپرسین سەرەڕای کاریگەریی هەڵکشان و داکشان کە ڕۆژانە ئاوی دەریاکان دوو جار دەجووڵێنێت، و دەریاکان دەخاتە حاڵەتی چوون و هاتنەوە و تێکەڵ بوون و چوون بەیەکدا، هەروەها سەرەڕای ئەو کاریگەرییانەی تر کە ئاوی دەریاکان بەردەوام دەبزوێنێت وەك: شەپۆلە رووکەش و ناوەکییەکان و تەووژمەکانی تری دەریاکان، بەڵام دەبینین ئاوی دەریاکان ئاوێتەی یەکتری نابن و چوون یەك نابن، واتە دەریاکان هەموویان ببنە یەك سیفەت و چوون یەك بن، بۆ یەکەم جار لەسەر لاپەڕەی کتێبە زانستییەکان لە ساڵی (١٩٤٤ز)دا وەڵام دەرکەوت، بەوەی کە لێکۆڵینەوە فراوانەکانی تایبەتمەندییەکانی دەریا، بەربەستی ئاویی نێوان دەریاکانی دەرخست، کە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەکان هەریەك لە دەریاکان دەپارێزێت، لەدوای ساڵی (١٩٦٢ز)دا ڕۆڵی بەربەستە دەریاییەکان زانرا کە بریتییە لە راگرتنی تایبەتمەندی بارستە ئاوییە تێپەڕ بووەکان لە دەریایەکەوە بۆ دەریایەکەی تر بۆ ئەوەی هیچ کامێك لە دەریاکان بەسەر ئەوەی تریاندا زاڵ نەبێت.

* لە کۆتاییدا ئادەمیزاد توانی وێنەی ئەو بەربەستە بزواو و خواروخێچانە بگرێت کە لە نێوان دەریا سوێرەکاندایە، ئەویش لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای تایبەت بە وێنەگرتنی گەرمی (التصوير الحراري) بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە، کە بە ڕوونی ئاوی دەریا دەردەخات کە هەرچەندە وەك یەك پارچە دەردەکەون بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان بارستە ئاوییەکانی دەریا جیاوازەکاندا، بەوەی کە ئەو وێنە گەرمییانە دەریا جیاوازەکان بە ڕەنگی جیاواز دەردەخەن، ئەویش لەبەر جیاوازی پلەی گەرمییان (**خوێنەری خۆشەویست بڕوانە وێنەی ڕاستەقینەی ئەم شوێنە کە لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوەی ئەم گۆڤارەماندا بڵاو کراوەتەوە کە وێنەیەکە بە مانگی دەستکرد گیراوە، و کۆتایی دەریاکان بەدوو ڕەنگی جیاواز دەرکەوتووە (سوور و سپی)، کە جیاوازی تۆخییان جیاوازی پێکهاتەی دوو دەریاکە دەردەخات، هەروەها شوێنی بەیەك گەیشتنی دوو دەریاکە (بەربەستی نێوانیان) وەك ناوچەیەکی ڕەش لە ناوەڕاستیاندا دەردەکەوێت**).

لە وێنەیەکدا بەناوی (کینیان) کە لە ساڵی (١٩٦٣ز)دا دروست کراوە، سنووری ئاویی نێوان دەریای ناوەڕاست و زەریای ئەتڵەسی دەردەخات لە نزیك گەرووی (جبل







هناك امواج عالية وتيارات قوية، ومد وجزر في البحر الأبيض المتوسط. تدخل مياه البحر الأبيض المتوسط الى المحيط الأطلسي عبر مضيق جبل طارق ولكن حرارتها و كثافتها ونسبة ملوحتها لا تتغير لأن هناك حاجزا يفصل بينها

**وێنەی (کینیان)**

طارق)، لە وێنەکەدا بەپێی قووڵایی دەریاکە گەرمیی دەریاکە دیاری کراوە، بۆ نموونە لەو دیوەی کە زەریای ئەتڵەسی لێیە قووڵایی (سفر هەتا ٨٠٠مەتر) گەرمی کەمترە لە (٣٦پلەی سەدیی)، بەڵام لە قووڵایی (٨٠٠م تا ١٤٠٠مەتر) گەرمی زیاترە لە (٣٦,٥ پلەی سەدیی)، و لەو بەرەی کە دەریای ناوەڕاستی لێیە لە قووڵایی (٤٠٠مەتر) هەتا قووڵایی (١٤٠٠مەتر) گەرمی لە (٣٨پلەی



سەدیی) زیاترە، کەواتە ئاوی دەریای ناوەڕاست گەرمتر و سوێرترە لە ئاوی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی کە ساردترە و خوێی کەمترە، هەروەك نموونەی ئەمە لە سنووری نێوان دەریای سوور و کەنداوی (عەدەن)دا هەیە.

* لێکۆڵەر (محمد ئیبراهیم سەمرە) مامۆستای کۆلیژی زانست-بەشی زانستە دەریاییەکان لە زانکۆی (قەتەر) لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بۆ کەنداوی عومان و کەنداوی عەرەبی کرد، کە باسی ئەنجامی لێکۆڵینەوە کیمیاییەکان دەکات کە لە بەشی تاقیگەی لێکۆڵینەوە دەریاییەکان لە زانکۆی قەتەر کرا، لە ماوەی نێوان (١٩٨٤ز تا ١٩٨٦ز)، لێکۆڵینەوەکە بەراوردێکی واقیعی نێوان هەردوو کەنداوەکە بوو، بە ژمارە و حیسابات و وێنە و شیکاری کیمیایی، کە تیایدا جیاوازی تایبەتمەندییەکانی هەریەك لە کەنداوەکانی روون کردبووەوە لە روانگەی کیمیایی و رووەکە بەربڵاوەکانی هەریەکەیان، هەروەها لێکۆڵینەوەکە ناوچەیەکی لە نێوان هەردوو کەنداوەکەدا روون کردبۆوە کە لە زانستی دەریاکاندا ناو دەبرێت بە (ناوچەی ئاوە تێکەڵاو بووەکان **Mixed-Water Area**) یان (ناوچەی بەربەست).

* ئەنجامەکان دەریان خست کە ستوونێك لە ئاو لەو ناوچەیەدا لە دوو چینە ئاو پێك دێت: یەکەمیان رووکەشییە و لەسەرەوەیە کە بنەڕەتەکەی کەنداوی (عومان)ە، ئەوی تریان بەشی خوارەوەیەتی کە بنەڕەتەکەی لە کەنداوی عەرەبییەوەیە، بەڵام لە ناوچە دوورەکاندا کە کاریگەریی کرداری تێکەڵاو بوون (**Mixing**) نایگاتێ لە نێوان هەردوو کەنداوەکەدا، ستوونی ئاو تەنها لە یەك چین پێك دێت و ئاوەکە چوون یەکە، هەروەها ئەنجامەکان سەلماندیان کە سەرەڕای تێکەڵاو بوون لە ناوچەکانی کە ئاو تیایدا تێکەڵە بە دوو چین لەسەریەك، بەڵام بەربەستێکی جێگیر هەیە کە بەهۆی هێزی کێش کردنەوە (((**Gravitational Stability**))) جێگیری کردووە و دەکەوێتە نێوان هەردوو چینە ئاوەکەوە، و بەرگری لە ئاوێتە بوون و چوون یەك بوونیان دەکات، بەم جۆرەش تێکەڵاوێکی ناچوون یەك پێك دێت ((**Heterogeneous Mixture**))، هەروەها ئەنجامەکان روونیان کردەوە کە ئەو بەربەستە یان لە قووڵاییدا دەبێت لە(١٠مەتر بۆ ٥٠مەتر)دا، ئەمە ئەگەر تێکەڵاو بوونی ئاوی هەردوو کەنداوەکە ستوونی بێت، واتە یەکێکیان لەسەر ئەوی تریان بێت، و یان بەربەستەکە لە روودا دەبێت،

ئەمەش كاتێك كە ئاوی سەر رووی هەریەك لە كەنداوەكە بچێتە سنووری ئەوی ترەوە.

هەر لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە كردارییەكەی (محمد ئیبراهیم السمرە)دا ئەم ئەنجامانە دەست كەوتن لە نێوان هەردوو كەنداوی عەرەبی و كەنداوی عوماندا:

تێكڕای سوێریتی كەنداوی عەرەبی (٤٠٪)ە، بەڵام كەنداوی عومان (٣٧٪)ە، هەروەها بۆ هەر لیترێك ئاو لە كەنداوی عەرەبیدا (٩,٣ میللیگرام) سیلیكات هەیە، بەڵام بۆ كەنداوی عومان (٢ میللیگرام) هەیە، بۆ لیترێك ئاوی كەنداوی عەرەبی (٠,١٤ میللیگرام) فۆسفات هەیە، لە كاتێكدا (٠,٤٧ میللیگرام) فۆسفات بۆ كەنداوی عومان هەیە، بۆ هەر لیترێك لە كەنداوی عەرەبی (٠,٢١ میللیگرام) نیترات هەیە، بەڵام بۆ كەنداوی عومان (٠,٤١ میللیگرام) نیترات هەیە، ژمارەی هایدرۆجینی (ph)ی كەنداوی عەرەبی (٧,٩)یە، بەڵام كەنداوی عومان (٨,٢)ە، كلۆرۆفیل لە كەنداوی عەرەبیدا بۆ هەر (١ مەتر سێ جا) بریتییە لە (٠,٩ میللیگرام)، بەڵام لە كەنداوی عوماندا (٠,٤ میللیگرام) كلۆرۆفیلی تێدایە، هەروەها لە كەنداوی عەرەبیدا سەبارەت بە رووەكە هەڵواسراوەكان، رووەكی (دایەتۆم) هەیە كە قەوزەیەكی دەریایی ووردی تاك خانەیە و دیوارەكانی بە سیلیكا پڕبووەتەوە، لە كاتێكدا لە كەنداوی (عومان)دا رووەكە قامچیدارەكان هەیە كە پێیان دەووترێت (Dinoflagellata)، هەروەها سەبارەت بە گیانەوەرە




ناوچەی بەیەك گەیشتنی كەنداوی عەرەبی و كەنداوی عومان

هەڵواسراوەكانیش واتە (Zooplankton)ی كەنداوی عەرەبی بۆ هەر مەتر سێ جایەك (٠,١١ بۆ ٠,٩٥ میللیلیتر) هەیە، بەڵام لە كەنداوی (عومان)دا (٠,٥٢ بۆ ٢,٢٧ میللیلیتر) گیانەوەری هەڵواسراو هەیە، هەر لە توێژینەوەكەدا (محمد ئیبراهیم) هەستا بە دروست كردنی چەند وێنەیەكی پەیوەندی، لەوانە لە نێوان قووڵایی ئاوەكە و پلەی گەرمی ئاوەكەدا، كە دەریخست پلەی گەرمی لەگەڵ قووڵایی كەنداوەكاندا پێچەوانە دەگۆڕێت، و پەیوەندییەكی تری لە نێوان قووڵایی ئاوەكە و رێژەی سوێریتییەكەیدا دروست كرد، كە لەمەیانەدا پەیوەندییەكە راستەوانەیە، بە هەمان شێوەش دەریخست كە پەیوەندی چڕیی لەگەڵ قووڵاییدا راستەوانەیە.

لەم خاڵانەی سەرەوە بۆمان دەركەوت كە گەشتن بە راستیی بوونی بەربەستەكان لە نێوان بارستە دەریاییەكاندا نزیكەی (١٠٠ساڵ)ی لێكۆڵینەوەی پێویست كرد، كە بە سەدان لێكۆڵەرەوە تیایدا بەشدار بوون و ژمارەیەكی زۆر لە ئامێر و هۆكاری ووردی لێكۆڵینەوەی زانستی تیایدا بەكار هات، بەڵام قورئانی پیرۆز ئەم راستییەی پێش ١٤سەدە دەرخستووە، كە خوای گەورە لە سوورەتی (الرحمن)دا دەفەرمووێت:

﴿مرج الْبحرين يلْتقِيـان {١٩} بينهمـا برزخ لا يبغِيان {٢٠} فَبِـأي آلاء ربكما تكذِبـان {٢١} يخرج مِنهمـا اللؤلؤ والمرجانُ {٢٢}﴾.

## واتا زمانەوانییەكان و ووتەی تەفسیر زانان:

ووشەی (**مرج**): بە دوو واتای دیار دێت:

یەكەم: تێكەڵاو بوون (خلط)[١]، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿بلْ كذبوا بِالحق لما جاءهم فهم فِي أمر مريج﴾ق٥، واتە: كاتێك بێباوەڕان راستییان پێگەیشت بەدرۆیان خستەوە و ئەوان لە بارێكی تێكەڵی و

---
١ (لسان العرب)/ بەرگی (٢)/ لاپەڕە ٣٦٤، (مفردات ألفاظ القرآن للأصفهاني)/ ل٤٦٥، (تاج العروس)/ بەرگی (٢)/ ل٩٩.

پەشێواویدا بوون، (ئیبن جەریری طەبەری) موفەسیر دەڵێت: (و الله الذي خلط البحرين فأمرج أحدهما في الآخر و أفاضهُ فيه)، واتە: خوای گەورە دوو دەریاکەی تێکەڵ کردووە کە یەکێکیان چۆتە ئەوی تریانەوە و وەکو لافاو چوون بەیەکدا، هەروەها دەڵێت: (أصل المرج: الخلط)، واتە: (مرج) بریتییە لە تێکەڵاو کردن.

دووەم: (**مرج**) بە واتای هاتووچۆ و بەیەکدا هاتن دێت[2]، لە زمانی عەرەبیدا دەووترێت (مرج الخاتم في الإصبع)، واتە: مستیلەکە لەناو پەنجەکەدا جووڵە جووڵ دەکات، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە: ﴿**و مرجت أمانات القوم و عهودهم**﴾[3]، واتە: ئەمانەت و بەڵێنی ئەو گەلە کەوتە تێکەڵ بوون و بەیەکدا هاتن، هەروەك لە واتای ئەم فەرموودەیەدا ووتراوە: ووشەی (**مَرِجَت**) واتە (**إضْطَرَبَت وَ إختَلَطَت**)[4].

ووشەی (البحرين) مەبەست پێی دوو ئاوی دەریای سوێرە[5]، ئەصفەهانی دەڵێت: (البحر في الأصل للماء المالح دون العذب)[6]، واتە: دەریا لە بنەڕەتدا بە ئاوی سوێر دەووترێت نەك ئاوی شیرین، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**و سخر لكم الفُلكَ لتجري في البحر بأمره وسخر لكُم الأنهار**﴾إبراهيم ٣٢، لێرەدا ووشەی (البحر) بۆ ئاوی سوێر بەکار هاتووە، و بۆ ئاوی شیرین ووشەی (الأنهار) بەکار هاتووە.




هەروەها لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) بە پێغەمبەری ووتوە: (**إنا نركب البحر و معنا القليلُ من الماء**)[7]، واتە: ئێمە بەسەر دەریاوە بووین لە کەشتیدا کە کەمێك ئاومان پێبوو، واتە ئاوی دەریای بەو ئاوە دانەناوە کە مرۆڤ پێویستییەتی ئەویش لەبەر ئەوەی کە سوێرە.

ووشەی (البرزخ)یش لە زمانی عەرەبیدا بە مانای بەربەست (الحاجز) هاتووە[8].

ووشەی (البغی): واتە لە سنوور تێپەڕان[9].

ووشەی (اللوءلوء و المرجان): واتە گەوهەر و مرواری کە دوو خشڵن بە تەنها لە دەریای سوێراودا هەن، (زەجاج) دەڵێت: (المرجان أبيض شديد البياض)[10]، واتە: مەرجان زۆر سپییە، هەروەها دەڵێت: (المرجان ضرب من اللوءلوء)، واتە: (مەرجان) جۆرێکە لە مرواری.

(إبن مسعود) لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: (المرجان الخرز الأحمر)، واتە: مەرجان مووروی سوورە، (أبو حيان) دەڵێت: (المرجان الحجر الأحمر)[11]، واتە: (مەرجان) بەردی سوورە، (قرطبي) دەڵێت:

٢ معجم مقاييس اللغة.
٣ ئیمامی ئەحمەد لە (مسند)ەکەیدا/ بەرگی (٢)/ لاپەڕە (١٦٢) لە (عبدالله ی کوڕی عەمر)ەوە گێڕاویەتەوە.
٤ معجم مقاييس اللغة/ بەرگی (٥)/ لا ٣١٦، (الصحاح للجوهري)/ بەرگی (١)/ لا ٣٤١، (لسان العرب)/ بەرگی (٢)/ لاپەڕە ٣٦٤، (تاج العروس)/ بەرگی (٢)/ لاپەڕە ٩٩، (مفردات ألفاظ القرآن للأصفهاني)/ ل٤٦٥.
٥ (لسان العرب)/ بەرگی (٤)/ لاپەڕە ٤١.
٦ (مفردات ألفاظ القرآن للأصفهاني)/ ل ٣٨.
٧ (أبوداود) لە (سنن)ەکەیدا/ بەرگی (١)/ لاپەڕە ٦٤ گێڕاویەتەوە، هەروەها (الترمذي) لە (تحفة الأحوذي)/ بەرگی (١)/ لاپەڕە ٢٢٤دا گێڕاویەتەوە، هەروەها (النسائي، إبن ماجة و الدارمي) گێڕاویانەتەوە.
٨ زۆرینەی تەفسیر زانان وا دەڵێن، لەوانە: إبن الجوزي، الزمخشري، أبو حيان، القاسمي، الخازن، النسفي.
٩ إبن منظور لە (لسان العرب)/ بەرگی (١٤)/ لاپەڕە ٧٨دا دەڵێت: (و أصل البغي مجاوزة الحد)، هەروەها جوهري لە (الصحاح)/ بەرگی (٦)، لاپەڕە ٢٢٨١، أصفهاني لە (مفردات)/ لا٥٥ دا هەمان واتایان هەیە.
١٠ (إبن الجوزي) لە (زاد المسير)/ بەرگی (٨)/ لا ١١٣.
١١ (البحر المحيط)/ بەرگی (٨)/ لا ١٩٢.

(لوءلوء) گەورەیە و (مەرجان) بچووكەكانێتی[١٢]، هەروەها (ضحاك و قتادة) هەمان ڕایان هەیە، و ئاشكرایە كە (مرجان) بە تەنها لەو ناوچانەدا گەشە دەكات كە ئاوی سوێرە.



ئایەتە قورئانییەكان ووردەكاری ئەو نهێنییانەمان نیشان دەدات كە تا ئەمڕۆ زانستی دەریا پێی گەیشتووە، بەوەی كە وەسفی بەیەك گەیشتنی دەریا سوێرەكان دەكات، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم خاڵانەیە:

١- ئایەتەكە ووتەی (البحرين)ی بە تەنها بەكار هێناوە، ئەوەش بەڵگەی دوو دەریای سوێرە.

٢- ئایەتەكان ڕوونیان كردووەتەوە كە لە هەردوو دەریاكەوە گەوهەر و مرواری دەردێن، وەك فەرمووی (**يخرج منهما**) واتە لە هەردوو دەریاكەوە، ئاشكراشە كە مرواری بە تەنها لە دەریای سوێردا نەبێت نییە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئایەتەكە باس لە دوو دەریای سوێر دەكات، لێرەدا دەپرسین: ئایا كێ دەیزانی كە دەریا سوێرەكان جیاوازن لە یەكتری، هەرچەندە یەكیان گرتووە لەو وەسفە ڕووكەشییانەی كە چاو و هەست دركی پێدەكات: هەموویان سوێرن، شینن، خاوەن شەپۆلن، ماسی و گیانداری تریان تێدایە، ئیتر چۆن جیاوازن كاتێك لەگەڵ یەكتری بەیەك گەیشتوون؟

ئەوەی زانراوە لای خەڵكی ئەوەیە: ئەگەر ئاوی جیاواز لە قاپێكدا تێكەڵ بكرێن چوون یەك دەبن، ئیتر چۆن ئەو هەموو هۆكارە زۆرانەی كە دەریاكان تێكەڵ دەكەن لە هەڵكشان و داكشان و شەپۆل و تەوژم و گەردەلوول، ناتوانن ئاوی جیاواز چوون یەك بكەن؟!

ئایەتە قورئانییەكە باسی بەیەك گەشتنی دوو دەریای سوێر دەكات كە لەگەڵ یەكتریدا جیاوازبن، خۆ ئەگەر دوو دەریاكە لە یەكتری جیاواز نەبن ئەوا یەك دەریان، بەڵام جیاكردنەوەیان بە دەربڕینە قورئانییەكە بەڵگەیە لەسەر جیاوازی نێوانیان، لەگەڵ ئەوەی هەردووكیان سوێرن، خوای گەورە فەرمووی: ﴿**مرج البحرين يلتقيان**﴾، واتە: دوو دەریای سوێر تێكەڵ بوون و لە باری هاتووچۆ و بەیەكدا دانن لە ناوچەی بەیەك گەیشتندا، هەروەك ووشەی (**مرج**) بەڵگەی ئەو كردارانەیە، و ئەوەش زانست دەریخستووە لە وەسفی باری بەربەستەكەدا بەوەی كە خوارو خێچە و بەردەوام (بە هۆكاری هەڵكشان و داكشان و (با)وە) لە هاتووچۆ و شوێن گۆڕیندایە لە وەرزە جیاوازەكاندا، و هەر كەس بە تەنها گوێ لە ئایەتی (١٩) بگرێت، واتە: (**مرج البحرين يلتقيان**)، وا تێدەگات كە تێكەڵ بوون و بە یەكدا چوونێكی گەورەی نێوان دەریاكان وا دەكات تایبەتمەندییەكانی هەریەك لە دەریاكان لەدەست بدەن، بەڵام خوای زانا و شارەزا لە ئایەتی دوای ئەودا رایدەگەیەنێت: ﴿**بينهما برزخ لا يبغيان**﴾، واتە: لەگەڵ بوونی حاڵەتی تێكەڵ بوون و بەیەكدا چوون لە دەریاكاندا، بەربەستێك هەیە لە نێوانیاندا كە لە یەكیان جیادەكاتەوە و قەدەغەی هەردوو لایان دەكات كە لە سنووری خۆی دەربچێت و سەركەشی بكات.

ئەمەش ئەوەیە كە ئادەمیزاد پاش پێشكەوتنی زانست و دەزگاكانی توانی ئەم ڕاستییە ببینێت، بەوەی كە ئاوی سێهەمی دۆزییەوە كە بەربەستی نێوان دەریاكانە و تایبەتمەندییەكانی جیاوازە لە تایبەتمەندی هەردوو لایان (**بۆ بینینی وێنەی ئەو بەربەستە بگەڕێرەوە بۆ وێنەكەی لە دیوی ناوەوەی بەرگی پشتەوەی ئەم گۆڤارەدا**).

لەگەڵ بوونی ئەو بەربەستەشدا ئاوی دوو دەریا دراوسێیەكە بە هێواشییەكی زۆر تێكەڵ دەبن، بەڵام

---

١٢ (الجامع لأحكام القرآن)/ بەرگی (١٧)/ لا ١٦٣.



بەبێ ئەوەی هیچ کام لە دەریاکان تایبەتمەندییەکانی خۆی زاڵ بکات بەسەر ئەوی تردا و لە سنوور دەرچێت، لەبەر ئەوەی بەربەستەکە ناوچەیەکە ئاوی پیا ڕۆیشتوو لە دەریایەکەوە بۆ دەریایەکی تر هەڵدەگێڕێتەوە، هەتا ئاوی گواستراوە وورده وورده سیفاتی ئەو دەریایە وەربگرێت کە بۆی چووە، و سیفاتی ئەو دەریایە لەدەست بدات کە لێوەی هاتووە، بەوەش هیچ کام لە دەریاکان تایبەتمەندییەکانی خۆی بەسەر ئەوی تردا زاڵ ناکات.

هەندێك لە تەفسیر زانان گرفتیان لە واتای ئەم ئایەتەدا بۆ دروست بووە بەوەی کە ئایا چۆن ئەو دوو دەریایە بەربەست لە نێوانیاندایە و تێکەڵیش دەبن، رووبینی ئەوەیە کە بوونی بەربەست بۆ تێکەڵ نەبوونە؟! و باس کردنی تێکەڵ بوون پێویست بە نەبوونی بەربەست دەکات!!

هەندێك لەو زانایانە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە واتای ووشەی (مرج)یان گۆڕیوە بۆ واتای (أرسـلَ) واتە ناردن، هەروەك پێشتریش روونمان کردەوە کە ووشەی (مـرج) دوو واتای تری هەیە نەك واتای ناردن.

* هەروەها زۆرینەی زانایانی تەفسیر وایان لێك داوەتەوە کە ئەم دوو دەریایە یەکێکیان سوێرە و ئەوی تریان شیرینە، بەڵام کاتێك گەشتوونەتە ووشەی (**يخـرج منهمـا اللؤلـؤ والمرجـانُ**) واتە: لە هەردوو دەریاکەوە گەوهەر و مرواری دەردێن، لێرەدا تووشی گرفتێکی تر بوون لە لێکدانەوەیدا، چونکە زانیویانە کە مرواری بە تەنها لە ئاوی سوێردا نەبێت نییە، ئیتر چۆن خوای گەورە دەفەرموێت لە هەردوو دەریاکەوە دەردەهێنرێت، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش ووتوویانە لەبەر زۆری ئاوی دەریای سوێر گەر بەراورد بکرێت بە ئاوی شیرینی رووبارەکە کە زۆر کەمترە، حیساب بۆ ئاوە کەمەکە نەکراوە، گرفتی ئەم لێکدانەوانەش بەردەوام بوو هەتا زانست پێشکەوت و نهێنییەکانی ئاشکرا کرد و وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

یەکگرتنەوەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و راستییە زانستییەکانی بواری زانستی دەریا سەلمێنەرێکی تری گەورەیی موعجیزەی قورئان و سوننەتی پیرۆزە بە تایبەتی لە رووی ئیعجازی زانستییەوە، و دووپاتی دەکاتەوە کە هەتاوەکو زانست بەرەو پێش بچێت بەڵگەی نوێ دەدۆزرێتەوە لەسەر سەرچاوە بەرزەکەی ئەم پەیامە پیرۆزە کە پەروەردگاری باڵادەست و رێکخەر و دانەری هەموو ئەم نهێنییانەیە لە هەموو سووچێکی ئەم گەردوونەدا، کە هەموویان شایەتی دەدەن و ئیشارەت دەدەن بۆ گەورەیی دەسەڵاتی و فراوانی سۆز و میهرەبانی.

و السلام علیکم و رحمة الله و برکاته

**سەرچاوەکان:**

١-قورئانی پیرۆز.
٢-تەفسیری قرطبي (الجامع لأحكام القرآن).
٣-لسان العرب- إبن منظور.
٤-مفردات ألفاظ القرآن-الراغب الأصفهاني.
٥-مختار الصحاح/ أبي بكر الرازي.
٦- کتێبی (منطقة المصب و الحواجز بین البحار في القرآن الکریم)/ لە بڵاوکراوەکانی: (هیئة الإعجاز العلمي في القرآن و السنة).
٧-چەند پێگەیەکی ئینتەرنێت لەوانە پێگەی: Dr. Zaghloul elnajjar



# گەشتێکی بچووك



ئەردەڵان صالح عەزیز
بەکالۆریۆسی جیۆلۆجی
ardalansalih@eijazizansti.org

بسم الله الرحمن الرحیم

زەوی یەکێکە لە هەسارەکان (الکواکب **Planets**) کە سەر بە کۆمەڵەی خۆرە (**Solar System**)، و بریتی‌یە لە تەنێکی تا ڕاددەیەك سارد کە بە دەوری تەنێکی گەورەتری گەرمدا دەسووڕێتەوە کە (خۆر)ە و ئەستێرەیە (نجم **Star**)، زەوی دەکەوێتە بواری راکێشانی (مجال جذب)ی خۆرەوە.

زەوی تەنها هەسارە نی‌یە کە بە دەوری (خۆر)دا بسووڕێتەوە، بەڵکو هەشت هەسارەی تر هەیە کە هەندێکیان چەندین مانگیان هەیە، هەروەها بە هەزارەها هەسارۆکە (کویکبات**Asteroids**)ی ناسەرەکیش هەن لە رووبەرێکدا کە دەگاتە سەدەها کیلۆمەتر هەموویان بە هەمان رێڕەو و خولگەدا بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە.

ئەمانەش سەرەڕای بوونی ملیۆنەها (نەیزەك) و کلدارەکان (المذنبات **Comets**) و هەوری تیشکدەر (الغیوم المشعة) کە هەموویان بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە، ئەم کۆمەڵەیە یەك سیفەتی هاوبەش دەیان بەستێتەوە ئەویش ئەوەیە کە هەموویان بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە و لەژێر کاریگەریی بواری راکێشانی‌دان، هەروەها رۆشنایی و گەرمیشی لێوە وەردەگرن.

خۆر چەقی ئەم کۆمەڵەیەیە، کە ئەمیش یەکێکە لە ملیارەها ئەستێرەی تر لە گەردووندا، خۆر لە ماددەی کڵپە سەندووی گڕ گرتوو (مواد ملتهبة) پێك هاتووە کە پلەیەکی گەرمی زۆر بەرزی هەیە، و بە نزیکەیی (١٥٠ملیۆن کیلۆمەتر) لە زەوی‌یەوە دوورە، بارستایی‌یەکەی گەورەترە لە زەوی بە نزیکەی (٢٣٢٠٠٠ هەزار) جار، و تیرەکەی دەگاتە (١,٣٨٠,٠٠٠ کیلۆمەتر)، پلەی گەرمی سەر رووی خۆر دەگاتە (٦٠٠٠ پلەی سەدی)، شەپۆلە کارۆموگناتیسی‌یەکانی خۆر کە



درێــژی شــەپۆلەکــانیان دەگـاتـــە (٤,٠-٠,٨ مــایکـرۆن) لــــە دووری (١٥٠ملیـۆن کیلۆمــەتر)ەوە دەگـــەنە زەوی.

## کۆمەڵەی خۆر (Solar System):

ئــەم کۆمەڵەیە لـە خۆر و ٩هەسارە سەرەکی‌یەکان پێك دێت، کە ئەمانەن: ١-عـطـارد (Mercury). ٢-زوهـرە (Venus). ٣-زەوی(الأرض Earth). ٤-مــەریخ (Mars). ئەمانــە پێیان دەووترێت هەسـارە ناوخۆیی‌یەکـان (الکواکب الداخلیة Inner Planets)، پاشــان هەســارە دەرەکی‌یەکـــان (الکواکب الخارجیة Outer Planets) دێن، کە بریتین لە: ٥-مـــوشـــتـــــەری (Jupiter). ٦-زوحـەل (Saturn). ٧-ئۆرانۆس (Uranus). ٨-نیپتۆن (Neptune). ٩-پلۆتـۆ (Pluto). (بڕوانــە وێنــەی خوارەوە).

ئــەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە یاسایــەکی تایبەت هەیە کــە دەست بەســەر هێندی دووری هەسـارەکاندا دەگــرێت بــە نیسبــەت خــۆرەوە، ئەمــەش لــە ساڵی (١٧٧٢م) لە لایەن زانایــەك کــە نـاوی (بود Bode) بوو دۆزیەوە، و یاسـاکـەش بـە یاسـای (بـود) نـاسراوە، ئەم یاسایە ڕێگایەك بۆ دیاری کردنی دووری هەسارەکان بە نیسبەت خــۆرەوە دادەنێ، بۆ ئەم مەبــەستەش دووری نێـــوان زەوی و خۆری کردووەتە یەکەیەکی پێوانەیی بۆ ئـــەم یاسایـــە، ئەگەر وای دابنێین دووری (عطارد) لــە خۆرەوە یەکسانە بـە (٠,٤) ئـەوا دووری (زوهـرە) لـــە خۆرەوە بریتی‌یە لە:

٠,٣ + ٠,٤ = ٠,٧، و دووری (زەوی) لــە خـــۆرەوە بـریـتـی‌یـــە لـــە: ٠,٤ + ٢×(٠,٣) = ١، و (مـــەریـخ): ٠,٤ + ٢ × (٢ × ٠,٣) = ١,٦ و بـــەم شێوەیــە حیساب دەکـرێت. (سـەیری خشتەی ژمارە ١ بکە).

تێبینی ئــەوە دەکــەین کــە ئـەم یاسایــە ئەنجـامی چـاکی هەیـە لـە زوربەی هەسارەکاندا تەنها (نیپتۆن و پلۆتۆ) نەبێت، لـەگەڵ ئـەوەشدا ئـەو دووری‌یەی ئەم یاسایە دیاری دەکات بـۆ (پلۆتۆ) نزیکە لـە دووریی ڕاستی (نیپتۆن)، زانایـان باوەڕیـان وایە کـە ڕووداوێـکی گرنـگ لـە خولگـەی ئەو دوو هەســارەیـــەدا ڕووی داوە دوای دروست بوونیـان، و (پـلـۆتـۆ) لــە ڕەچەڵەکدا مانگی (نیپتۆن) بووە.

ئەوەی شـــایانی بــاسە زوربــەی هەسارەکان لە ئاستێکدا دەخولێنەوە، تەنها (پلۆتۆ) نەبێت، تـا ئێستا هیچ جۆرە شیکردنەوەیەك بۆ یاسای (بود) نی‌یە، بەڵام دەبێـــت هەرچ تیۆری‌یەك کـە بـاس لــە دروست بوونی خۆر و هەسـارەکان دەکات ئەم یاسای (بود)ە بەرەچاو بگرێـت، ئــەوەی شایانی بـاسـە دۆزینـــەوەی هــەسـارەکـانی (ئۆرانۆس، نیپتۆن و پلۆتۆ)، هەروەها دۆزینەوەی هەسارۆکەکان (کویکبات) لەژێر تیشکی ئـەم یاسـای (بود)ەدا بە بەرچاوترین سەرکــەوتنی زانستیی ئەم یاسایە دادەنرێت.

کۆمــەڵەی خۆر تەنها ئەم نۆ شوێن کەوتووانە (توابع) نی‌یە، بەڵکو شوێن کەوتەی نـاسەرەکی تری هەیــە کـــە ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (١٠٠)دانـە، ئەمــە بێجگـــە لـە ژمارەیـەکی زۆر لـە هەســارۆکە (کـویکب) کــە ئـــەوەی تـا ئێستـــا دۆزراونەتـەوە زیـاتر لە (٢٠٠٠)دانەیە، و نزیکـەی (١٠٠٠) کـلکــــدار (Asteroids) لـــەگــــەڵ ژمارەیـــەکی بێ‌شومـار لـە (شـــوهوب و نەیــازیك و تــۆزی گـەردوونی)، کە ئەمــانە هەمــووی بـــە دەوری خـــۆردا دەسووڕێنـەوە، قەبارەی خۆر هێجگار گــەورەیە، ئەگــەر بــە خەیـاڵ خــۆر وەك تـــۆپێکی بەتـــاڵ دابنێین، ئـــەوا (١,٣٠٠,٠٠٠)تۆپی تـر تیایدا جێی دەبێتەوە کــە هەریەکێك لـــەو تۆپانە هێندەی زەوی ببێت!!

## گــەردوون و گەلــە ئەستێرەکــان (الکون و المجرات):

گــەردوون (الکـون Universe) لە چەندین کۆمەڵگـای ئەستێرەیی یـان گەلـەئەستێـرە (مجـرات Galaxies) پێك هاتووە، بەو گەلەئەستێرەیەی کە خـــۆری خۆمـــانی تێدایـە دەووترێت گـەلــە ستێـرەی ڕێگـای کـاکێشـان (مجـرة درب التبانـة Milky Way Galaxy)، ئـــەم گەلـــەستێرانە هـــەر یەکێکیـــان بـــە هەزارەهـــا ملیـــۆن ئەستێـــرەی تێدایە، و بۆشـایی‌یەکی زەبـــەلاحی زۆر فــراوان لــە نـێـــوان



گەلەستێرەیەك و ئـەوی تردا هـەیە، لەسـەر زەوی خۆمـانەوە و بـەهۆی بەکـارهێنانی تـازەترین و گەورەترین دووربین یان تیلیسکۆب (Telescope) تەنهـا دەتوانرێت چـوار سەد ملیۆن گەلەستێرە ببینرێت.

گەلەستێرەکـەی خۆمـان (ڕێگـای کاکێشان) شێوەی دیسـکی ئاوسـاو (قرص مفلطح)ی وەرگرتووە. (وەك لە وێنەی خـوارەوەدا دیارە)، تیـرەکەی (٨٠٠٠٠)سـاڵی ڕوونـاکی‌یە و دوو باڵی پێچ خواردوو (حلزوني)ی هەیە، خۆری خۆمـان یەکێکە لە سەد هەزار ملیـۆن ئەستێرەی ئـەم کاکێشـانە، لـەبـەر ئـەوەی دووری نێـوان ئەستێرەکـان زۆر فراوانـە، بۆیـە بۆ پێوانە کردنی ئەم دووری‌یە زانایـان (ساڵی ڕووناکی) بەکار دەهێـنن، کە ئەویش بریتی‌یـە لـەو ماوەیـەی کە ڕووناکی لە ساڵێکدا دەیبڕێت بـە خێرایی (٣٠٠٠٠٠)کیلۆمەتر لـە یەك چرکـەدا، بـەم یەکـەی پێوانەیـە نیـوەتیرەی کۆمەڵـەی خـۆری خـۆمـان بریتی‌یە لە (١١ سەعات).

بەڵام دووری نزیکترین ئەستێرە لە خۆرەوە بریتی‌یە لە ٤ساڵی ڕووناکی، تیرەی دیسکی گەلەستێرەی ڕێگـای کاکێشـان بـە نزیکـەیی (١٠٠٠٠٠) ساڵی ڕوونـاکی‌یە، خۆر لە چەقی ئەم گەلەستێرەوە بـە نـزیکی (٣٠٠٠٠) ساڵی ڕووناکی دوورە، بەم پێیە خۆر

| | | | عدد الأقمار | القطر (كم) | الكتلة | الكثافة الماء=١ | طول اليوم بالساعات | مدة الدوران حول الشمس | المسافة من الشمس حسب قانون بود | المسافة من الشمس الفعلية |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| الكواكب الداخلية | عطارد | Mercury | — | ٤,٨٨٠ | ٠,٠٦ | ٥,٤ | ١٤١٦ | ٠,٢٤ | ٠,٤ + ٠,٠ = ٠,٤ | ٪٣٩ |
| | الزهرة | Venus | — | ١٢,١٠٤ | ٠,٨١ | ٥,٢ | ٥٨٣٢ | ٠,٦٢ | ٠,٤ + ٠,٣ = ٠,٧ | ٪٧٢ |
| | الأرض | Earth (Terra) | ١ | ١٢,٧٥٦ | ١ | ٥,٥ | ٢٤ | ١ | ٠,٤ + ٠,٦ = ١ | ١ |
| | المريخ | Mars | ٢ | ٦,٧٨٧ | ٠,١١ | ٣,٩ | ٢٤,٦ | ١,٨٨ | ٠,٤ + ١,٢ = ١,٦ | ١,٥٢ |
| | الكويكبات | Asteroids | | | | | | | ٠,٤ + ٢,٤ = ٢,٨ | ٢,٩ متوسط |
| الكواكب الخارجية | المشتري | Jupiter | ٦١ | ١٤٢,٨٠٠ | ٣١٧,٩ | ١,٣ | ٩,٨ | ٢٩,٥ | ٠,٤ + ٤,٨ = ٥,٢ | ٥,٢ |
| | زحل | Saturn | ٣٢ | ١٢٠,٠٠٠ | ٩٥,٢ | ٠,٧ | ١٠,٢ | ٢٩,٥ | ٠,٤ + ٩,٦ = ١٠ | ٥,٢ |
| | اورانوس | Uranus | ٢٧ | ٥١,٨٠٠ | ١٤,٦ | ١,٢ | ١١,٠ | ٨٤,٠ | ٠,٤ + ١٩,٢ = ١٩,٦ | ١٩,١٨ |
| | نيتون | Neptune | ١١ | ٤٩,٥٠٠ | ١٧,٢ | ١,٧ | ١٦ | ١٦٥ | ٠,٤ + ٣٨,٤ = ٣٨,٨ | ٢٠,٦ |
| | بلوتو | Pluto | ١ | ٦,٠٠٠ | ؟ | ؟ | ١٥٣ | ٣٤٨ | ٠,٤ + ٧٦,٨ = ٧٧,٢ | ٣٩,٤٤ |

خشتەی ژمارە ١: هەسارەکان، ژمارەی مانگەکان و چەند زانیاری‌یەکی تر

تـەنها ئەستێرەیەکی بچووکە لەنێوان ئەسـتێرەکانی ڕێی کاکێشـاندا، کـە خۆیشی گەلەستێرەیەکی بچووکە لەم گەردوونە پان و بەرین و نەبراوەدا.

## ڕەچەڵەکی دروست بوونی گەردوون و کۆمەڵەی خۆر و زەوی:

یەکـەم تیـۆری کـە هـەوڵی‌دا ڕەچەڵەکی کۆمەڵەی خۆر شی‌بکاتەوە و باسی لێوە بکات تیـۆری (کانت-لاپلاس)ە، کە لە نزیك کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا دەرکەوت، ئەم تیۆری‌یە نـاونراوە بـە نـاوی هـەردوو فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئیمانوێل کانت Immanuel Kant) (١٧٢٤-١٨٠٤م)، و زانـای بیرکاری فەرەنسی (پییێـر سیمـۆن لاپـلاس Pierre Simon Laplace) (١٧٤٩-١٨٢٧م)، هەر یەکێك لەم دوو زانایە هەمان تیۆری‌یان دانا بەجیا بـەبێ ئەوەی پەیوەندی‌یـان پێکـەوە کـردبێ، و بنچینـەی دانـانی ئـەم تیۆری‌یـەش لەسـەر هەندێك بینینی فەلەکی دامەزراوە.

ئەم تیۆری‌یە وا دادەنێت کۆمەڵەی خۆر دروست بـووە لـە ئەنجـامی چڕبوونەوەی **باستایی‌یەکی گـازیی** زۆر زەبـەلاح کـە شـێوەی خـڕی تـۆپیی هەبووە، ئـەم بارستـەیە (کتلة)یە لە سەرەتـادا بـە دەوری خـۆیدا دەسووڕایەوە، لە هەمـان کاتیشدا هێزی کێش کردن وای لەم بارستەیە کرد کـە ئـەو مـاددە گازی‌یـە گـرژ بکاتـەوە بـۆ نـاو چـەقەکەی، پاشـان هێـزی دەرکـەر و پاڵپێـوەنـەری سـەنتەریی (القوة الطاردة المركزية) کە بەهۆی سووڕانەوەی ئەم بارستە گازی‌یەوە دروست بوو، ئـەم شێوە تۆپی‌یـەی گـۆڕی بـۆ شـێوەیەکی دیسکیی (قرص)، پاشـان هەندێك پارچـەی دەرەکی ئـەم دیسکە لە شێوەی بازنەدا جیابوونەوە لە ماددە چڕ بووەوەکەی ناوچەقی ئەم بارستە گازی‌یـە، کـە ئـەوانیش ووردە ووردە چڕبوونەوە تـاوەکو هەسارەکانیان دروست کرد، بـە هـەمان شێوە و لە هەندێك حاڵەتدا بازنەی تر بە دەوری ئەم هەسارانـەدا دروست بـوون کـە دوایی بوون بـە مانگەکانی دەوری هەسارەکان، بەڵام خۆر هەر لەو ماددە چڕەی نـاو چەقی ئـەو بـارستە گازی‌یەوە دروست بوو و جیابووەوە.






پاش ئەم دوو زانایە و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا پێوەری تر دانران بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی گەردوون و کۆمەڵەی خۆر، وەك تیۆری (چامبەرلین-مۆلتۆن) (١٨٤٣-١٩٢٨م)، بەڵام ئەم تیۆرییانە سەرکەوتوو نەبوون لەبەر ئەوەی بەڵگەی زانستی بەهێز پاڵپشتی نەدەکردن، تاوەکو تیۆرییە تازەکانی ئەم سەردەمە پەیدا بوون کە هەموویان پشت دەبەستن بە زانیاری و بینینی وورد و داتای نوێ، بەڵام هەموویان لە تیۆرییەکەی (کانت-لاپلاس) دەچن، و جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە تیۆرییەکەی (کانت-لاپلاس) باس لە چڕبوونەوەی **بارستەیەکی گازیی دەکات بە تەنها**، بەڵام تیۆرە تازەکان باس لە چڕبوونەوەی **بارستەیەکی گازیی و تۆزیی** (كتلة عازية و غبارية) دەکەن، نەك بە تەنها بارستەیەکی گازیی.

لێرەدا دەبێت کەمێك ڕاوەستین و سەرنج بدەین لە یەکێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت: ﴿**قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ {٩} وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ {١٠} ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ {١١} فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ {١٢}**﴾ سورة فصلت، واتە: باشە ئێوە بۆ باوەڕتان بەو زاتە نییە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کرد و ئێوە هاوەڵیشی بۆ بڕیار دەدەن کە ئەو پەروەردگاری تەنهای هەموو جیهانیانە؟! لەسەر ڕووی زەوی کێوەکانی دامەزراند، و بەرەکەتی زۆری تێدا دابین کردووە لە ماوەی چوار ڕۆژدا، تا نیاز و داخوازییەکانی ئادەمیزاد جێبەجێ بکات، پاشان وویستی ئاسمان ڕێك بخات و دروستی بکات لە کاتێکدا سەرەتا هەمووی **دووکەڵ** بوو، جا بە ئاسمان و زەوی فەرمووو: فەرماندار و ملکەچ بن، بەخۆشی خۆتان یان بەزۆر بتانخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە؟! هەردوولا خێرا ووتیان: ملکەچی تۆین و چی دەفەرموویت وا دەکەین، پاشان لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئاسمانی کردە حەوت چین و فەرمانی بۆ هەر حەوت چینێکیش دەرکرد.

تێبینی ئەوە بکە خوای گەورە باسی ئاسمان دەکات و دەفەرموێت (**وهي دخانٌ**)، ئەوەی شایانی باسە (**دخان**) تەنها بارستەیەکی گازی نییە بە تەنها بەڵکو بارستەیەکی گازی و تۆزییە، بینینە فەلەکییەکان گومان لەوەدا ناهێڵنەوە کە گەلەستێرەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە بە خێراییەکی لە ڕادە بەدەر و هەرچەندە لە یەکتر دوور بکەونەوە خێراییەکەیان زیاد دەبێت، ئەمەش بەهۆی تێڕوانینی شەبەنگەکانی ڕووناکی (أطياف الضوء)ی گەیشتوو پێمان لەو گەلەستێرانەوە دەرکەوت، ئەوەش زانراوە لە فیزیادا کە



رسم توضيحي لعملية انفجار وتمدد الكون (عملية فتق الرتق)




شكل (15) تصور عام للكون كما يراه علماء الفلك

رەنگەکانی شەبەنگی رووناکی (ألوان الطيف) بۆ تیشکێك کە ئەگەر لە بینەرەوە نزیك بکەوێتەوە درێژی شەپۆلەکەی کورت دەبێتەوە، و بە پێچەوانەشەوە درێژی شەپۆلەکەی درێژ دەبێتەوە ئەگەر ئەو رووناکییە لە بینەرەوە دوور بکەوێتەوە، لە دیمەن و بینینە فەلەکییەکاندا بینراوە کە شەبەنگی گەلەستێرەکان (أطياف المجرات) هەموویان بەرەو رەنگی سوور دەچن کە شەپۆلەکەی درێژترە، واتە هەموویان لێمان دوور دەکەونەوە.

زانایان وا دادەنێن کە هەموو ماددەی گەردوون لە سنوورێکی بچووکدا چڕبوو بوویەوە پێش (١٠٠٠٠-١٥٠٠٠) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، پاشان جووڵەی دوور کەوتنەوەی گەلەستێرەکان لەویوە دەستی پێکردووە، ئەم جووڵەیەش بە تەقینەوەیەکی هێجگار گەورە دەستی پێکرد، بۆیە تیۆری دروست بوونی گەردوون بەم تەقینەوەیە ناونرا تیۆری تەقینەوەی گەورە یان مەزن (الإنفجار العظيم Big Bang Theory)، خوای گەورە لە سوورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێت: ﴿أو لم ير الذين كفروا أن السماواتِ والأرض كانتا رتقًا ففتقناهما وجعلنا مِن الماء كُل شيءٍ حي أفلا يؤمنونَ {٣٠}﴾، واتە: ئایا ئەوانەی بێباوەڕن نەیان بینیوە و بۆیان روون نەبۆتەوە، کە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەك پارچە بوون لە سەرەتادا کە لەوەودوا لێکمان جیاکردنەوە، سەرنجی ئەوە بدە کە خوای گەورە باسی زەوی دەکات پێش لێك جیابوونەوەکە.

هەروەك زانایان دان بەوەدا دەنێن کە ماددەی کەونی هەبووە پێش تەقینەوە گەورەکە، مانای (رتقًا): ملتصقتين بلا فاصل، واتە: پێکەوە نووسا بوون بەبێ جیاکەرەوە، (ففتقناهما): فَصَلنا بَيْنَهُما، واتە: لێکمان جیا کردنەوە، ئەی مرۆڤی سەرکەشی خۆبەزل زانەری دوور لە خودا، کێش و بارستایی خۆت لەم بوونەوەرەدا بەرامبەر بە ئەستێرەکان و گەردوون بزانە، کاتێك بەشەو سەیری ئەستێرەکان دەکەیت؟!

ئەو ووتەیەی خوای گەورەت بیربکەوێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿أأنتم أشد خلقًا أم السماء بناها {٢٧} رفع سمكها فسواها {٢٨} وأغطش ليلها وأخرج ضحاها {٢٩} والأرض بعد ذلك دحاها {٣٠}﴾ سورة النازعات، بۆیە تا زووە بگەڕێرەوە بۆ لای خوای دروست کەری بوونەوەر و گەلەستێرەکان و ئەستێرەکان و هەسارەکان و مانگەکان و هەسارۆکەکان و شوهوب و نەیازیك و کلك دارەکان و تۆزی گەردوونیی.

ئەوەش بزانە دەرگای تۆبە و پەشیمانی کراوەیە بە رووتدا و خواش هەمیشە بە رەحم و بەزەییە بەو بەندانەی دان بە تاوان و هەڵەکانی خۆیاندا دەنێن و دەگەڕێنەوە و پێیان دەفەرموێت: ﴿يا أيتها النفس المطمئنة، ارجعي إلى ربك راضيةً مرضيةً، فادخلي في عبادي، وادخلي جنتي﴾ الفجر ٢٧-٣٠.

## سەرچاوەکان:

١-قورئانی پیرۆز/ تفسير و بيان مفردات القرآن/ دار الرشيد- مؤسسة البيان.
٢-أساسيات علم الجيولوجيا/ د. محمد يوسف، د. عمر حسنين، د. عدنان النقاش/ مركز الكتب الأردني-١٩٩٩.
٣-الجيولوجيا العامة/ د. سهل السنوي، د. يحيى الراوي، د. نضير الأنصاري/ الطبعة الأولى-١٩٧٩. ■

# زانستی شاخەکان لە قورئاندا

## بەشی سێیەم و کۆتایی

ئامادەکردنی: سەروەر حسن علی
بەکالۆریۆسی فیزیا

## بوونی (جدد) لەسەر شاخەکان

**کورتەی بەشی پێشوو:**

بۆ ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموویێت: (**و الجِـبَـالَ أرساها**) دەکرێت دوو خوێندنەوەی مانای بۆ بکرێت:

**یەکەم:** ئەوەی کە شاخەکان خۆیان لە زەویدا چەسپاوون و لەنگەریان گرتووە، چونکە بەوەی کە شاخەکان ڕەگی قووڵیان هەیە، و بە نێو بەرگی بەردینی زەویدا ڕۆچوون، بوونەتە هۆی چەسپینیان لە زەویدا و جێگیر بوونیان.

**مانای دووەم:** ئەوەیە کە زەوی وەك بارستەیەك بە هۆی شاخەکانەوە چەسپاو و جێگیرە، بەوەی کە ڕەگی شاخەکان چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی پێکەوە دەبەستن و جووڵەیان ناهێڵن، هەروەها زەویش وەك هەسارەیەك وای لێدەکات جووڵەیەکی ڕێك وپێك و هاوسەنگی هەبێت.

### بەشی سێیەم: بوونی هێڵ و ڕێگای ڕەنگ جیاواز لەسەر شاخەکان:

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿**ألم تر أن الله أنزلَ مِن السماءِ ماءً فَأخرجنا بِهِ ثَمراتٍ مختلِفـاً ألوانها ومِن الجِبال جُـدد بِيض وحمر مختلِف ألوانهـا و غَرابِيب سـود**﴾ (فاطر:٢٧).

**لێکدانەوەی ئایەتەکە:**

*ووشەی (**جـدد**) تاکەکەی (جـدة)یە، ئەویش بە مانای ڕێگا و نیشانەی جیاوازە، (**جدد**) کۆکەیەتی کە ڕێگای ڕەنگ جیاوازە... لە تەفسیری (**و مِن الجِبال جدد بِيض**)دا ووتراوە ئەو ڕێگایانەیە کە جیاوازن لە ڕەنگی شاخەکە.

* (**غَرابِيب**) کۆی (غربيب)ە، بە مانای زۆر ڕەش دێت یان لێکچوو بە قەلەڕەش لە ڕەشیدا، ئیبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەربارەی ئایەتەکە دەڵێت: واتە شاخەکانی بە ڕەنگی جیاواز بەدیهێناوە، وەك دەبینرێ بە سپی و سوور، و لەسەر هەندێکیان ڕێگای ڕەنگ جیاواز (جدد) هەیە.

* لە (المنتخب في تفسير القرآن)دا هاتووە: لە شاخەکاندا شاخی خاوەن ڕێگا و هێڵی سپی و سوور و جیاواز هەن لە تێریی و کاڵیدا.

* لە (صفوة التفاسير)دا دەربارەی ئایەتەکە هاتووە: واتە شاخی بەدی هێناوە بە هەمان شێوەی (ثمرات) بەر وبووم و درەختەکان کە ڕێگای ڕەنگ جیاوازی تێدایە –هەرچەندە بەرد و خۆڵن– شاخەکان (جدد)یان هەیە، واتە: ڕێگا و هێڵی ڕەنگ جیاوازیان هەیە.

### ( جدد ) ی بەردین لە زانستی زەویناسیدا:

توێکڵی زەوی بە بەبەردبوونی تواوەی بەردین دەستی پێکرد، کە لێیەوە بەردە ئاگرینییەکان (بەردە یەکەمییەکان) پێك هاتن، کە ئێستا دەوروبەری ٩٥٪ی کۆی بەردەکانی توێکڵی زەوی پێك دەهێنن... و بەوەی کە بەردە ئاگرینەکان بەرکەوتە بوون بە فاکتەرە جیاوازەکانی ڕامالین و گواستنەوە و داخوران، بە هۆکارە جیاوازەکانی وەك: (با، ئاوی ڕۆیشتوو، بەستن، زیندەوەرەکان، و کاری کێش کردنی زەوی)، ئەو بەردانە پەرت بوون و بە شێوەیەکی کیمیایی شیبوونەتەوە.

ئەو پارچە بەردینییانەش گوێزراونەتەوە، تاوەکو لە نزمایییەکانی ووشکانی و دەریا و ئۆقیانووسەکاندا بنیشن و بپەستێورێن و پێکەوە ببەسترێن، و ڕەق ببن لە شێوەی بەردی

نیشتەنی‌دا، کە ئێستا بەرگێکی تەنك پێك دەهێنێت، کە بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەوی‌دا بڵاوبووەتەوە لەسەر شێوەی بەردی نیشتەنی کە دەوروبەری تەنها ٥٪ی کۆی بەردەکانی توێکڵی زەوی پێك دەهێنێت.

هەروەها بەهۆی بەرکەوتەیی هەریەکە لە بەردە ئاگرینی و نیشتەنی‌یەکان بۆ فاکتەرەکانی گۆڕان —پەستان و پلەی گەرمی یان هەردوو فاکتەرەکە پێکەوە— ئەو بەردانە گۆڕاون بۆ ئەو جۆرەی کە بە بەردی گۆڕاو ناسراوە، کە ئێستا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە کۆی بەردی توێکڵی زەوی پێك دەهێنێت.

بە بەرکەوتەیی بەردە گۆڕاوەکانیش بۆ بڕێك گەرمی دەتوێتەوە، و دەگۆڕێت بۆ تواوەی بەردین و دەگەڕێتەوە بۆ سووڕەکەی کە بە سووڕی بەردەکان ناسراوە.

کاتێك تواوە بەردیی‌یەکان لە توێکڵی زەوی‌دا لە پشتێنەی تەنکی زەوی‌یەوە دەردەپەڕن، ئەوا یان بە شێوەی شۆڕشی گرکانی دەردەپەڕنە سەر ڕووی زەوی، و یاخود دەچێتە نێو قووڵایی‌یەکانی توێکڵی زەوی‌یەوە تاوەکو دێتەوەیەك و دەیبەستێت و بە شێوەی تێ‌هەڵکێشراوی ئاگریی دەبن، کە دەگونجێت جووڵەکانی زەوی بەرەو ڕووی زەوی بەرز بکاتەوە، لەو جووڵانەش جووڵەی پێکهاتنی شاخ کە بەهۆی فاکتەرەکانی ڕامالینەوە رادەماڵرێن و پاش ملیۆنان ساڵ ئەو تێهەڵکێشراوانە دەردەکەون و دەبینرێن، تێهەڵکێشراوە ئاگرییەکانیش شێوە و قەبارەی جۆرا و جۆر وەردەگرن، لەوانەش تێهەڵکێشراوە تەختەکان، هەروەها بارستەیی، و لەوانەش تەبا هەیە لەگەڵ ئەو بەردانەی هاتوونەتە نێویان، ئەوانەش کە ناتەبان.



لە تێهەڵکێشراوە تەختەکان (جدد)ە، کە لە ئەنجامی دەرچوونی تواوەکان بۆ نێو کەلێن و نێوان ئاستەکانی جووت بوون و جگە لەوانەش پێکدێن، لەوانەش (جدد)ی بڕەڕەکانە ئەگەر ڕاست یان لاربێت، و (جدد)ی تەریب ئەگەر ئاسۆیی یان لار یان تەریب بێ بە ئاستەکانی جووت بوون.



**پێشینەی قورئان لە ئاماژەدان بە ڕەنگەکانی (جدد) بە ڕەنگی سپی و سوور و ڕەش:**

لە ئایەتە پیرۆزەکەدا (ئایەتی ٢٧ی سوورەتی فاطر) ئاماژە بەوە دەدات کە (جدد) ئەو هێڵ و ڕێگا ڕەنگ جیاوازانەیە کە لەسەر شاخەکان هەن، و لە ڕەنگی شاخەکە جیاوازن، زانستە بەدەست هاتووەکانیش دڵنیایی زیاتر دەدەن لەسەر ئەوەی کە تێهەڵکێشراوە ئاگرییەکان لە بەردی شاخەکان، لەدوای بەردە بنەڕەتی‌یەکانی شاخەکان دروست بووە بە ماوەیەکی درێژ، کە هەندێجار بە ملیۆنان ساڵ مەزەندە دەکرێت.

هەروەها لێکۆڵینەوەکانی زانستی بەردەکان سەلماندوویانە کە فاکتەری سەرەکی لە پۆلێن کردنی بەردە ئاگرینی‌یەکان پێکهاتە کیمیایی و کانزایی‌یەکانیانە کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی هەیە لەسەر ڕەنگەکانیان.

بەردە ئاگرینی‌یەکان لەسەر بنەمای پێکهاتەی کیمیایی و کانزایی‌یان دابەش دەکرێن بۆ سێ کۆمەڵەی سەرەکی کە ئەمانەن:

١- بەردی ترش و سەروو ترش کە خێزانی (گرانیت) دەگرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە کانزای (مرو)ی سپی و (فلسباری پۆتاسی) ڕەنگ نزیك سوور، و (بایۆتایت) کە لە نێوان هەردوو ڕەنگی زەرد و قاوەیی مەیلەو سوور یان هەنگوینی‌دایە پێك هاتووە.

٢- بەردی ناوەندیی کە خێزانی (دایورایت) دەگرێتەوە، و لە بنەڕەتدا لە کەمێك (مرو) و کانزاکانی (بلاجیو کلیزی کلسی و سوودی و ئەمفیبول) پێك هاتووە، کە ڕەنگەکانی لە نێوان سپی و سوور و خۆڵەمێشی‌دایە.

٣- بەردی تفت کە هەردوو خێزانی (جابرو - بریدوتایت) دەگرێتەوە، و بە ڕەنگە تاریکەکان جیا دەکرێتەوە کە مەیلەو ڕەشن بەهۆی بوونی هەریەکە لە کانزاکانی

ئـاسن و مەگنیسیـۆم تیـایـدا.

لەمـەوە بـە ڕوونـی ئـەوە دەردەکەوێت کە (جدد) دەچێتە نێو بەردی شاخەکانەوە، لە بنەڕەتدا لە بەردە ئاگرینییەکانە... و باشترین پۆلێنیش بۆ ئەو بەردانە ئەو پۆلێنەیە کە لەسەر بنەمای پێکهاتە کیمیایی و کانزاییەکانە کە ڕەنگ دانەوەی دەبێ لە سەر ڕەنگەکانیان، بەم جۆرەی خوارەوە:

١-بەرد کە ڕەنگەکانیان لە نێوان سپی و سووردایە، و ئەویش بەردی ترش و سەروو ترشن کە خێزانی بەردە گرانیتییەکانە (رایولایت-گرانیت).

٢-بەرد ڕەنگەکانیان لە نێوان سپی و سوورە لە ڕوویەکەوە، و لە ڕوویەکی ترەوە ڕەنگە تاریکەکان کە ڕەنگە خۆڵەمێشییەکانی تیادا زیاترە، ئەمانە ئەو بەردانەن کە بە ناوەندیی ناسراون (لە نێوان بەردی ترش و سەروو ترش لە لایەکەوە و بەردی تفت و سەروو تفت لە لایەکی ترەوە)، و خێزانی (دایورایت) دەگرێتەوە، ئەمەش دەکەوێتە ژێر ئەو وەسفەی قورئانەوە کە دەفەرموێت:

**(...مختلفاً ألوانها...).**

٣- بەرد کە ڕەنگەکانی زیاتر مەیلەو تاریکە تاکو ڕەش، ئەمیش بەردی تفت و سەروو تفتە، کە هەردوو خێزانی (بازلت-جابرو) و (بریدوتایت) دەگرێتەوە.

## ئاو و کاریگەریی لەسەر ڕەنگی شاخەکان:

هەروەك ئاو ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەسەر ڕەنگەکانی بەروبووم و درەختەکان، بەهەمان شێوە ڕۆڵیشی هەیە لە دیاریکردنی ڕەنگی بەردەکان و پاشانیش شاخەکان (بە تەواوی وەك ئەوەی لە ئایەتی ٢٧ی سوورەتی فاطردا هاتووە)، ڕەنگی بەردەکان، بە دوایدا ڕەنگی شاخەکانیش، لە ڕەنگی ئەو کانزایانەی پێکهاتەی بەردەکانن وەردەگیرێن، ڕەنگی کانزاکانیش وەستاوەتە سەر پێکهاتە کیمیاییەکەی و باروودۆخی ئەو ژینگەیەی تیایدا پێك دێت، ئۆکسێنراوە یان نە ئۆکسێنراوە.

ڕەنگی کانزاکانیش بە هەڵمژینی بڕێك ووزە یان شەپۆلی ڕووناکی دەگۆڕێت، لەو کانزایانەی کە زۆرتر بەم حاڵەتە کاریگەر دەبن ئەو کانزایانەن کە فلزە گوێزاوەکانیان تێدایە وەك ئاسن و کرۆم و مەنگەنیز.

لەبەرئەوەی ئاو لە سروشتدا لە شلەکانی تر زۆرتر بڵاوە، بە تایبەت شلە چڕیی کەمەکان، و توێنەرێکی چاکە و لە شلەکانی تر زیاتر توانای گواستنەوەی هەیە، و باشترین فاکتەری یاریدەدەرە لە کارلێکەکانی کانزا سیلیکاتییەکان لە توواوەی (ماگما)دا، هەروەها باشترین هۆکاری یاریدەدەریشە لە گۆڕینی بەردی ئاگرین یان نیشتەنی بۆ بەردی گۆڕاو، بۆیە ئاو لە دیاریکردنی ڕەنگی بەردەکاندا بەشدارە، بەوەی کە دەچێتە نێو کرداره جیۆلۆجییە دەرەکیو کرداره جیۆلۆجییە ناوەکییەکان.

کرداره دەرەکییەکان بۆ ڕوودانیان ووزەی پێویست لە خۆرەوە وەردەگرن، کە گرنگترین ئەو کردارانە تەجویە (**weathering**) و کرداری نیشتن (**sedimentation**)، هەروەها ئاو ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی ڕەنگی کانزاکانی وەك: فلسبار و بیرۆکسین و هورینلند، و لە ئۆکساندنی کانزا ئاسنییەکان، بۆ نموونە: لە ئۆکسیدەکانی ئاسنی ئاوییەوە کانزای جوسان (**Gossans**) بەرهەم دێنێت، کە ئەمەش لەو ئۆکسیدانەیە کە ئەو پێکهاتە ئاوییەی تێدایە، ڕەنگی ئەو کانزایانە دیاری دەکەن کە لێوەی بەرهەم دێن، و ئاو هەڵدەستێت بە ڕۆڵێکی گرنگ و پێویست لە گۆڕینی ژمارەیەك لە کانزا یەکەمییەکان بۆ کانزای ناوەندیی خاوەن پێکهاتەی کیمیایی و ڕەنگی جیاواز.

لەگەڵ ئەمانەدا ڕۆڵی ئاو لە گۆڕینی ڕەنگی بەردەکان و پاشان ڕەنگی شاخەکان لە ڕێگەی بەشدارییەتی لە کردارەکانی نیشتن، ئەوەش ڕۆڵێکی زۆر ئاشکرایە، کە کانزاکان لە ئەنجامی کرداری هەڵمیندا ڕێك دەبن و ڕنگێکی دیاریکراو وەردەگرن کە ئەمەش وەستاوەتە سەر ئەو بڕە ئاوەی تێیدایە، وەك: ئەنهێدریت و جیپسوم.

بە کاری کردارەکانی (تەجویە)ش نیشتووی لینج دروست دەبن، و بە



ئاودا دەڕۆن و بە ئایۆناتی دیاری کراو نوێ دەبنەوە، بە هەمان شێوە ژمارەیەك لـە مـاددەی لکێنەر دروست دەبێت کە دەنکۆڵە گوێزراوەکان بەرەو حەوزەکانی نیشتن پێکەوە دەلکێنن، بەمەش بەردەکان ڕەنگێکی جیاکراوە وەردەگرن، لەو بەردانەش بەردی لمینی ئاسنی‌یە (الحجر الرملي الحديدي)، وەك چۆن کرداری جیۆلۆجی دەرەکی هەیە، و ڕەنگی بەردەکان نوێ دەکاتەوە، بەهەمان شێوە کرداری جیۆلۆجی ناوەکیش هەن.

ئەویش ئەو کردارانەیە کە ووزەی پێویست بۆ ڕوودانیان لە ناواخنی زەوی‌یەوە وەردەگرن، کە تیایدا ماددەکان لە تواوەکەوە دروست دەبێت، بە دوای‌دا ئاو، کە لە پێکهاتەی تواوەکەیە، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە سەرجەم قۆناغەکانی پێکهاتندا، وەك: دابەزاندنی پلەی گەرمی پێکهاتووەکە، و کاریگەریی لەسەر لینجێتی تووانەکەوە و پاشان دەرچوونی بە شێوەی بەردی گڕکانی لە زەوی‌یەوە، یاخود مانەوەی لە زەوی‌دا تاکو لە قووڵایی‌یەکانی‌دا پێك بێن، هەروەها کاریگەریی لەسەر پلەی ئۆکسانی ئاسن هەیە، و لەسەر دیاری‌کردنی ڕێژەی (ئاسنیك) بۆ (ئاسنۆز)، ئەمەش ئەو ڕێژەیەیە کە ڕەنگی بەردە گڕکانی‌یەکان دیاری دەکات.

هەروەها چوونە پێکهاتەی زۆر جۆری کریستاڵ کە لە تووانەکە جیادەبنەوە، و بەرزبوونەوەی ڕێژەکەی لە تووانەکەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی کانزای نموونەی (ئەمفیبول و میکا)، و کەمیشی لە کریستاڵە دروست بووەکاندا دەبێتە هۆی چڕیی توخمە بەهادارە ئابوری‌یەکان بۆ مرۆڤ لە گیراوە گەرماوی‌یەکاندا، کە لێیانەوە کۆمەڵە کانزایەکی رەنگ جیاواز دەنیشن، هەروەك ئاو ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی ڕەنگی بەردەکاندا لە کرداره جیولۆجی‌یە دەرەکی و کردارە جیۆلۆجی‌یە ناوەکی‌یەکان، هەروەها ڕۆڵیشی هەیە لە دیاری‌کردنی ڕەنگەکانی لە کردارەکانی گۆڕاندا، ئەمەش ئەو کرداران کە لە توێکڵی زەوی‌دا ڕوودەدەن، و گۆڕان لە هەریەکە لە پەستان و گەرمی‌دا هاوڕێی ئەم گۆڕانە دەبن، و تیایدا کانزاکان دەگۆڕێن، یان پێکهاتەی کیمیایی و سیفەتە فیزیایی‌یەکانیان دەگۆڕێ، بەدوایدا ڕوخساری دەرەوەی بەردەکەش دەگۆڕێت.

## بەشی چوارەم: جووڵەی شاخەکان شوێنکەوتەی جووڵەی زەوی‌یە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿و ترى الْجِبالَ تحسبها جامِدةً وهِي تمر مر السحابِ صنع اللهِ الذِي أتقَن كُل شيءٍ إنـه خبِير بِما تفْعلُونَ﴾ (النمل:٨٨).

(حەنەفی ئەحمەد) دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت: (جامدة) بە مانای وەستاو و نەجووڵاو دێت، (مـر)یش بە مانای ڕۆیشتن و دەرکەوتنەوە دێت، بۆیە مانای



ئایەتەکە بەم جۆرەی لێدێت: دەڕوانیتە شاخەکان و تۆیش کە لەسەر زەویت وا هەست دەکەیت کە وەستاوە و ناجووڵێت، بەڵام لە حەقیقەتدا شاخ و هەورەکانیش پێکەوە دەڕۆن و لە جووڵەدان و دوور دەکەونەوە، بەوەش کە شاخەکان بەشێکن لە زەوی و جێگیرن لەسەری، بۆیە ئایەتەکە بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە زەوی و ئەوەش کە لە سەریەتی لە شاخەکان، لەگەڵ هەورەکان، و هەوای سەری‌دا دەجووڵێن، و دوور دەکەوێتەوە، واتە: لە فەزادا بەخێرایی دەگوێزرێتەوە و دەجووڵێت.

ئەم ئایەتە ئاماژە دەدات بە جووڵەی شاخەکان، کە هاوکات و گرێدراوی جووڵەی زەوی‌یە، ئایەتەکە دڵنیایی ئەوە دەدات کە زەوی دەجووڵێت و لە شوێنی خۆی دەگوێزرێتەوە، ئەم جووڵە و ڕۆشتن و گوێزرانەوەیەی زەویش لە خولگەی تایبەتیدایە بە دەوری خۆردا، زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە و ئەم سووڕانەوەیەش ڕۆیشتن و بەرەو پێشەوە چوونی هەموو ئەو شتانەشە کە لەسەری هەن کە شاخەکانیش بەشێکن لە زەوی.

لە ئایەتەکەدا هاتووە کاتێك دەڕوانیتە شاخەکان وا گومان دەبەیت وەستاوە، بەڵام (تمـر مـر السحـاب)، وەك هەورەکان لە جووڵەدان... لێرەدا ئاماژە دەفەرموێت وەك هەورەکان چونکە هەورەکان خۆیان جووڵەی زاتی‌یان نی‌یە، بەڵکو هێزێك لە دەرەوەی خۆیان پاڵیان پێوە دەنێت، کە ئەویش هێزی (با)یە، بۆیە کە هەور دەجووڵێت (با) هەڵیدەگرێت و دەیجووڵێنێت، بەهەمان شێوە شاخەکانیش خۆیان توانای ئەو جووڵەیەیان نی‌یە کە هەیانە و وەك هەورەکان دەجووڵێن، واتە: جووڵەی زاتی‌یان نی‌یە، بەڵکو بەهۆی جووڵەی زەوی‌یەوە دەجووڵێن، بە تەواوی وەك جووڵەی هەورەکان کە بەهۆی (با)وەیە.

کەواتە زەوی‌یە دەجووڵێت بە جووڵەیەکی زاتیی دەجووڵێت و شاخەکانیش شوێن کەوتەی ئەو جووڵەیەن، ئەمەش ئاماژەیە بە جووڵە و سووڕانەوەی زەوی کە ئێستا لە زانیاری‌یە چەسپاو و سەلماوەکانە لە زانستی ئەمرۆدا.

## سەرچاوەکان:

١- القرآن و العلم/ الشيخ محمد متولي الشعراوي.
٢- معجزة القرآن/ نعمت صدقي.
٣- جامع البيان عن تأويل آي القرآن (تفسير الطبري)، الإمام الطبري.
٤- چەند بابەتێکی (د. زغلول النجار)/ پرۆفیسۆری ناسراوی جیهان لە بواری جیۆلۆجی‌دا/ ئینتەرنێت.
٥- بابەتێکی (أ. د. كارم السيد غنيم)/ مامۆستای کۆلێژی زانست لە زانکۆی ئەزهەر/ ئینتەرنێت.

# مایتۆکۆندریا

## ... خانە ووزە





نووسینی: جەلال حەمە ساڵح بۆسکانی*
E-mail: jalal_boskani@yahoo.com

### پێشەکی:

خوای گەورە، لە قورئانەکەیدا دەفەرموێت: ﴿الذِي جعَلَ لَكُم مِنَ الشجرِ الأخضرِ ناراً فَإذَا أنتم مِنه توقدونَ﴾ (یّس: ٨٠)، لێرەدا نامەوێت باس لە تەفسیری ئەو ئایەتە بکەم، یاخود ڕای موفەسیرەکانی کۆن و تازە باس بکەم، چونکە لە ژمارە (٥)ی ئەم گۆڤارەماندا بابەتێك بڵاو کرایەوە بە ناونیشانی (درەختی سەوز و ئاگری ژیان) و هەر کەسێك دەیەوێت ڕای موفەسیرە کۆنەکانی وەك: (إبن كثير، إبن قتيبة، إبن الجوزي، الزمخشري، الخازن، البيضاوي و هەروەها القرطبي) بزانێت دەتوانێت ئەو بابەتە بخوێنێتەوە، بۆ زانیاری دەربارەی ئەم ئایەتە پیرۆزە و ڕای زانایان.

بەڵام ئاشکرایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەیی و بەها ڕۆحی و زانستی‌یەکەی قورئان دەردەکەێت، وەکو ووتمان تەفسیری زۆر کراوە بۆ واتای (الذِي جعَلَ لَكُم مِنَ الشجرِ الأخضرِ ناراً)، یەکێك لە ڕاڤە زانستی‌یە نوێیەکانی (ناراً) ئاگرێکی ترە کە زۆر گرنگ و جیاوازە لەو ئاگرەی کە ئێمە دەیناسین و پێی ئاشنا بووین، لە هەموو ساتێکدا لەناو لەشی هەموو زیندەوەرێکدا هەیە، جا چ ڕووەك بێت، یان گیانلەبەر، و بە بەردەوامی داگیرساوە، لە هەموو خانەیەك لە خانەکانی لەشی زیندەوەر، کە هەڵگیرسێنەری ئەم ئاگرەش ئاشکرایە لای هەمووان کە گازی($O_2$)ە.

$$6CO_2 + 6H_2O \xrightarrow[\text{sunbeam}]{\text{chlorophyll}} C_6H_{12}O_6 + 6O_2$$

﴿الذِي أنزلَ مِن السماءِ ماءً فَأخرجنا بِهِ نبات كُلِ شيءٍ فَأخرجنا مِنه خضِراً نخرج مِنه حباً متراكِباً﴾ (الأنعام: ٩٩).

لە هەموو خانەیەك لە خانەکانی زیندەوەر -لێرەدا باسەکەمان زیاتر ڕووەکە- کارگەیەك هەیە -ئۆرگانیل- کە بەبێ ووچان، لە هەموو ئان و ساتێکدا ئیش دەکات، بەبێ هیلاکی و ماندوو بوون -تەنها لە هەندێ کاتی نائاسایی بوونی ئەو ئۆرگانیلە- کە دەکرێت بەو کارگەیە بڵێین: (کارگەی نواندنی خۆراکی)، دیارە لە ناو ئەو ئۆرگانیلەدا کاربۆهایدرایت -بە تایبەتی گلوکۆز- و ترشە چەوری‌یەکان و پرۆتینەکان -ترشە ئەمینی‌یەکانی- وەك: فینایل ئەلانین، و تایرۆسین و... هتد، بە یارمەتی ئۆکسجین دەسووتێن و دەشکێن بە چەندەها کارلێکی کیمیایی و بە یارمەتی ئینزایمەکان تاوەکو ووزەیان لێوە وەردەگیرێت: (الذِي جعلَ لَكُم مِن الشجرِ الأخضرِ ناراً)، ئەم کارگە گەورەیە پێی دەڵێن: (مایتۆکۆندریۆن Mitochondrion)، جا لێرەدا بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم ئۆرگانیلە فەرموون ئەم بابەتە نوێیە کە تازەترین زانیاریمان بۆ ئامادەکردوون دەربارەی.

### مایتۆکۆندریا: شێوە تەلارسازی‌یەکەی تەعبیر لە فەرمانی دەکات!

دەتوانین پێناسەی مایتۆکۆندریا زۆر بە سادەیی بکەین بەوەی کە بریتین لەو خانانەی کە سەرچاوەی ووزەن، یان بە واتایەکی تر بریتین لە (خانە ووزە)، هەروەها مایتۆکۆندریا بریتین لەو ئۆرگانیلە دیاری کراوانەی کە لە دوو چینی پەردەیی پێك هاتوون، بە شێوەیەکی گشتی شێوەی درێژکۆلەیی‌یان هەیە (rod-shaped)، و هەندێك جاریش خڕن (round)، پەردەی دەرەوەی مایتۆکۆندریا -ئەو- سنوور و شێوازیی دیاری دەکات، پەردەی

---

* (م. جەلال): هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ە، و ئێستا قوتابی (دکتۆرا)یە لە زانکۆی (بغداد)، مامۆستای کۆلیژی (کشتوکاڵ)ە لە زانکۆی سلێمانی.


شێوەی (١)

ناوەوەی بریتییە لە چەند تویێەك (folds)، و چەند رەفەیەك (shelves)، كە دیوی ناوەوەی مایتۆكۆندریۆن بە دیار دەخات، كە بەزمانی لاتینی(كریستی) پێدەڵێن (cristae mitochondriales) (شێوەی ١).

بۆ ئەوەی زانیاری تەواو زیاتر بزانین دەربارەی مایتۆكۆندریا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە روون بكرێتەوە و باس بكرێت:

١- وەسفی شێوەی گشتی و پێكهاتەی مایتۆكۆندریا.

٢- چۆن مایتۆكۆندریا وا رەخسێنراوە كە ببێتە (خانە وزە) (power houses).

٣- گرووپە سەرەكییەكانی ئینزایمەكان كامانەن.

٤- ئەو هەنگاوانە كامانەن كە باس لە ئاوێتە بەرهەم هێنراوەكانی كرداری (Glycolysis) لە خولی كریپس و خولی (ETC) یان ( Electron Transport Chain)دا دەكەن.

٥- ئایا كاریگەرییە مەعنەوییەكانی كریستی (Cristae) چییە لەسەر مایتۆكۆندریا؟!

٦- پێكهاتە و فەرمانی پەردەی ناوەوەی مایتۆكۆندریا چین؟!هەروەها گەردیلە توخمەكانی كامانەن!؟

٧- ئایا چۆن مایتۆكۆندریا زۆر دەبن، و خۆی كۆپی دەكات لەناو خانەكاندا؟

٨- ئایا مایتۆكۆندریا وابەستەی (DNA) ی ناووكە بە تەواوەتی (nDNA)؟ هەروەها ئایا وابەستەی رایبۆسۆمەكانی ناو خانەیە!؟

٩- مایتۆكۆندریا پیر و پەككەوتەكان چییان لێ بەسەر دێت!؟

## پێكهاتەی وردی مایتۆكۆندریا ( Mitochondria substructure):

مایتۆكۆندریا دوو پەردەی هەیە، هەروەك باسمان كرد، جودان لە یەكتر و لە نێوانیاندا بۆشاییەك هەیە، و ئەم پەردەیە لە كار و فرماندا لە رێچكەی هێڵی شەمەندەفەر دەچێت (Railway track)، پەردەی ناوەوە بریتییە لە ماتركس (Matrix)، ئەم ماتركسە رەنگەكەی تێرە، و ئەگەر زۆر بە وردی سەیر بكرێت ئەوا دەزوولەكانی (DNA) و رایبۆسۆمەكان دەبینرێن لەسەر ماتركس، مایتۆكۆندریا دەتوانێت تەرجومە و كۆدی ئەو پرۆتینانە بكات كە پێویستی دەبێت، شێوەی (٢) پەردەكان و ناواخنە خانەكانی مایتۆكۆندریا روون دەكاتەوە.

## چۆن مایتۆكۆندریا ئامادە كراوە بۆ ئەوەی ببێتە ( خانە وزە ):

ئەو خواردنەی دەیخۆین كرداری ئۆكساندنی بەسەردا دێت، بۆ بەرهەم هێنانی ئەلكترۆنی باڵاووزە، كە لە دواییدا دەگۆڕدرێت بۆ وزەیەكی عەمبار كراو، و ئەم وزەیە هەڵدەگیرێت بە شێوەی بۆندی فۆسفاتی باڵاووزە كە پێی دەووترێت ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی (ATP) (Adenosine Triphosphate)، و (ATP)یش لە (ADP) (Adenosine diphosphate) پێك دێت لەگەڵ گرووپە فۆسفاتێك كە بۆندەكەی وزەی زۆر بەرزە.

هەرچی كارلێكەكان كە لەناو خانەدا روو دەدات پێویستییەكی زۆری بە وزە هەیە (بە گۆڕینی ATP بۆ ADP)، یاخود بەرهەم هێنانی وزە بە دەست خستنی ( ATP لە ADP)، و ئەمەش دەتوانین دەستمان بكەوێت بە كردارێك كە پێی دەڵێن (glycolysis) بۆ زنجیرەی گواستنەوەی ئەلكترۆن (ETC) (Electron Transport Chain).



شێوەی (٢)

## بۆچی مایتۆکۆندریا گرنگی‌یەکی زۆری هەیە؟

پێویستە هەموو هەنگاوەکان بەش بەش بکرێت، دوای ئەوە دەبینین چۆن خواردن دەگۆڕدرێت بۆ پاکیجی ووزە بە شێوەی (ATP) و ئاو، و ئەو خواردنەی دەیخۆین پێویستە یەکەم جار بگۆڕدرێت بۆ ئاوێتەی کیمیایی بنەڕەتی کە خانە بتوانێت بەکاریان بهێنێت، لەو خواردنە پڕ ووزانە، وەك شەکرەکان یاخود کاربۆهایدرات وەك نان، شەکر دەشکێنرێت بە هۆی ئینزایمەکانەوە کە دەبێتە ئاوێتەی سانا پێی دەڵێن (گلوکۆز)، دوای ئەوە گلوکۆز دەچێتە ناو خانەوە بە هۆی گەردی تایبەت لەناو پەردەی ناوەوە پێی دەڵێن (گواستەرەوەی گلوکۆز glucose transporters)، لەناو خانەدا گلوکۆز دەشکێت بۆ ئەوەی (ATP) دروست بکات، و بە دوو ڕێچکەدا:

**ڕێچکەی یەکەم**: پێویستی بە ئۆکسجین نی‌یە، و ئەم کردارە پێی دەوترێت کرداری زیندەچالاکی یان میتابۆلیزمی ناهەوایی (Anaerobic Metabolism) و ئەمەش بە ڕێچکەی سەرەکی کرداری (glycolysis) دادەنرێت، و ڕاستەوخۆ لەناو سایتۆپلازمی خانەدا ڕوو دەدات، لە دەرەوەی مایتۆکۆندریا بە ڕێگای کرداری (glycolysis) کە تیایدا گلوکۆز دەشکێت و دەبێتە (Pyruvate).

جۆرێکی تر لە خواردن وەك چەوری‌یەکان کە دەشکێت و بەکار دەهێنرێت وەك سووتەمەنی (بڕوانە شێوەی ژمارە ٣).

هەموو کارلێکێك وا دیزاین کراوە بۆ وەبەرهەم هێنانی ئایۆناتی هایدرۆجین (ئەلیکترۆنات)، کە دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ دروست کردنی پاکیجی (ATP)، لێرەدا دەتوانین (٤) گەرد لە (ATP) وەدەست بهێنین لە گەردێك گلوکۆز، کە بە ڕێچکەی هێڵدا دەڕوات لەناو مایتۆکۆندریادا.

لەبەر ئەم هۆیە مایتۆکۆندریا گرنگی هەیە، پێویستمان بەوەیە کە بە بەردەوامی کرداری شکاندنی گلوکۆز لە خولی کریپس لەناو مایتۆکۆندریا ڕووبدات، بۆ ئەوەی بڕێکی تەواومان دەست بکەوێت لە (ATP)، بۆ ئەوەی هەموو فرمانەکانی خانە بە تەواوی و ئاسایی بڕوات، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی مایتۆکۆندریادا دەگوزەرێت بە شێوەی هێڵکاری‌یەك ڕوون کراوەتەوە ( شێوەی ژمارە٣).

(Pyruvate) دەچێتە ناو مایتۆکۆندریۆن و لەوێ دەگۆڕێت بۆ (Acetyl. COA) و بە دەوری خۆی دەچێتە خولی (کریپس)ەوە، ئەم کارلێکە ئاوێتەی ($CO_2$) بەرهەم دێنێت بە هۆی لابردنی کاربۆنێك لە (Pyruvate).

## چۆن خولی کریپس کاردەکات؟!

هەموو مەبەست لە کرداری هەناسەدان لەناو مایتۆکۆندریادا بۆ بەکارهێنانە لە خولی کریپس (یاخود خولی ترشی ستریك)دا، بە مەبەستی وەدەست هێنانی زۆرترین بڕ لە ئەلیکترۆنات لەو خواردنەی کە دەیخۆین، ئەم ئەلیکترۆناتە (کە زۆر جار بە شێوەی ئایۆنی هایدرۆجینە) و بەکاردەهێنرێت وەك ترومپایەك بۆ پاڵپێوەنانی (ATP)، ئەم ووزەیەی هەڵگیراوە لەگەڵ (ATP)دا، و ئەم ووزەیە بەکار دەهێنرێت لە هەموو چالاکی‌یەکان و فەرمانەکانی خانە وەك: جووڵە، گواستنەوە، چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی ئاوێتەکان، دابەشبوون و... هتد.

لێرەدا ئێمە زۆر بە سادەیی باس لەوە دەکەین کە چۆن (Pyruvate) دەچێتە خولی کریپس، و لێرەدا باسەکەمان دەربارەی بەرەوپێش چوونی کردارەکە و فەرمانی ئەو کردارە دەبێت.

بۆ ئەوەی خولی کریپس بە ئاسانی بڕوات، پێویستمان بە چەندەها گەردیلە دەبێت جگە لە چەندەها ئینزایم، لێرەدا تیشك دەخەینە



شێوەی ( ٣ )

سەر بەدەری ئەلیکترۆنەکان (electron donors)، هەڵگرەکان (carriers) و وەرگرەکان (acceptors) لە گلوکۆز دوای ئەوە، پێویستمان بە گەردیلەی تەواو دەبێت لە ئەلیکترۆن، دوو جۆر هەڵگر هەیە: جۆری یەکەم پێی دەڵێن: (Nicotine amide adenine dinucleotide) یان (NAD+)، و جۆری دووەم پێی دەڵێن: (FAD+) (Flavin Adenine dinucleotide)، و گەردیلەی سێهەم ئۆکسجینە.

گەردێکە (Pyruvate) لە سێ ئەتۆمی کاربۆن، کاتێك کە دەچێتە ناو مایتۆکۆندریاوە دەشکێت، و دەبێتە گەردێکی جووت کاربۆنی بەهۆی ئینزایمێکی تایبەتەوە، بەو شێوەیە لەم کردارەدا ($CO_2$) رزگاری دەبێت و گەردێکی جووت کاربۆنی دروست دەبێت کە پێی دەڵێن: (Acetyl CoA)، و ئەم گەردەش دەچێتە نێو خولی کرێبسەوە، کە ئەمیش بە رێگای یەکگرتنی لەگەڵ گەردێکی تر کە (Oxalo acetate) پێی دێنن.

**یەکەم:** هەردوو گەردەکە پێکەوە دەگرن بۆ پێك هێنانی گەردێکی (٦) کاربۆنی کە پێی دەڵێن (Citric acid)، لەبەر ئەم هۆیەیە کە خولی کرێبس پێیشی دەڵێن خولی (ترشی ستریك)، و لە شێوازدا دەگۆڕێت و بەرگێکی نوێ دەپۆشێت، کاتێك ئەمە روو دا ئایۆناتی هایدرۆجین دەردەچێت و گەردیلەکانی کاربۆنی دروست دەبێت، ئەم گەردیلە کاربۆنانە بەکار دەهێنرێت بۆ دروست کردنی یاخود بەرهەمهێنانی ($CO_2$)ی زیاتر، بەم پێیە بەهۆی (NAD) و (FAD)ەوە ئایۆنەکانی هایدرۆجینمان چنگ دەکەوێت.

**لە کۆتاییدا:** ئەو هەموو پرۆسانەی کە لەناو خانەدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت گەردێکی لێ دەکەوێتەوە لە (٤) کاربۆن پێکهاتووە کە ئەویش (Oxaloacetate)ە، لەبەر ئەوە ئەم زنجیرە کارلێکانە لەناو خانەدا پێی دەڵێن ((خول cycle))، و بە خولی کرێبس ناسراوە کە دۆزەرەوەکەی کرێبس بووە، چونکە ئەو گەردیلەیەی کە خولەکە دەستی پێدەکات جارێکی دی بۆی دەگەڕێتەوە بەمەبەستی دروستکردنی (Oxaloacetate)، و وابەستە دەبێت لەگەڵ گەردی پتر لە (Acetyl. COA) و دوایی دروست کردنی ترشی ستریك.




## کرداری (فەسفەرە ئۆکساندن) چییە؟!

**یەکەم: پێناسەی بنەڕەتی:** کاتێك ئایۆناتی هایدرۆجین یا ئەلیکترۆنات وەردەگیرێن لە گەردێکەوە، ئەم گەردە پێی دەڵێن: گەردی ئۆکسێنراو (oxidized molecule)، و بە پێچەوانەوە کاتێك کە گەردێك ئایۆناتی هایدرۆجین یان ئەلیکترۆن دەدات پێی دەڵێن گەردی کەم کراوە (reduced molecule).

کاتێك کە گەردیلەیەکی فۆسفاتی دەخرێتە پاڵ گەردیلەیەکی تر ئەم کردارە پێی دەڵێن: بە فۆسفۆری بوونی گەردیلەکە، بە سانایی بە واتای: ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا ئایۆناتی هایدرۆجینی لێکراو لە گەردێك یەك دەگرێت لەگەڵ گەردیلەیەکی فۆسفۆری کە دراوە بە ئاوێتەیەك، لێرەدا پرسیارێك بکەین و بڵێین: ئەمە چۆن روو دەدات لە ناو مایتۆکۆندریۆندا؟!

لە کاتی رووداني خولی کرێبس، ئایۆناتی هایدرۆجین (ئەلیکترۆنات) دەدرێت بە دوو گەردی هەڵگر، (ئەم پرۆسەیە) بە چوار قۆناغ ئەنجام دەدرێت، و دەتوانین ئەم ئایۆناتانەمان دەست بکەوێت بە رێگای (NAD) یان (FAD).

ئەم گەردە هەڵگرانە دەبێتە (NADH) یان (FADH) (ئێستا بوو بە هەڵگری ئایۆنی هایدرۆجین)، بڕوانە شێوەی ژمارە (٤)، ئەم ئەلیکترۆنانە هەڵدەگیرێت -بە رێگای کیمیایی- بەرەو زنجیرەی گواستەرەوەی هەناسەیی، یاخود ئەلیکترۆنی (Respiratory or Electron transport chain) (RTC or ETC) کە دەکەونە -ئەم زنجیرانە- ناو کریستی مایتۆکۆندریۆنەکانەوە.

(بڕوانە شێوەی ٤ ، ٥).

لە دواییدا (فرق جهد)ێکی کیمۆ ئەلیکترۆنی (کیمۆ کارەبایی) لە نێو پەردەکەدا دروست دەکات، کە ئەمە بەکار دەهێنرێت وەک (مەکینەیەکی) بەرهەم هێنانی ووزە، ﴿الَّذِي جعلَ لَكُم مِن الشجرِ الأخضرِ نارًا فَإِذَا أنتم مِنْهُ تُوقِدونَ﴾، کە ئەو مەکینەیەش بریتییە لە ئینزایمی (ATP synthase)، کە ئەم گەردە بە بڕێکی کەم هەیە لەناو کریستی مایتۆکۆندریاکاندا، شێوەی ژمارە ( ٦ ) ئەم گەردیلە بنەڕەتییانە پیشان دەدات، هەروەها شێوەی ژمارە ( ٥ )یش کریستییەکان ڕوون دەکاتەوە.

لەبەر ئەوەی کە ئەو پرۆسەیە پێویستی بە ئۆکسجین هەیە لەبەر ئەم هۆیە ئەم کردارە پێی دەڵێن کرداری میتابۆلیزمی هەوایی (aerobic metabolism).

ئینزایمی (ATP synthase) ووزەی (فرق جهد)ی هایدرۆجینەکە (پرۆتینەکە) بەکار دەهێنێت، بۆ دروستکردنی (ATP) لە (ADP) و فۆسفات، هەروەها ئاویش دروست دەبێت لە بەیەک گەیشتنی ئۆکسجین و هایدرۆجین، و هەر ژوورێک لە ژوورەکانی (compartment)ی مایتۆکۆندریا تایبەتمەندی وەردەگرێت بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئەو کارلێکانە.

## چۆن پرۆسەی ئۆکسایدبوون پابەندە بە پرۆسەی بە فۆسفۆربوون؟

(NAD) و (FAD) هەردووکیان هەڵدەستن بە لابردنی ئەو ئەلیکترۆنانەی چنگمان دەکەوێت لە قۆناغەکانی خولی کریبس یان خولی ترشی ستریک، ئەم ئەلیکترۆنانە هەڵدەگیرێن بۆ ترومپاکانی گواستنەوەی ئەلیکترۆنی (ETP)، لەبەر ئەوە چ (NAD) و چ (FAD) لێرەدا (NADH) یان (FADH) ڕۆڵی پردێک دەبینێت، وەک لایەک لەناو پەردەکە بۆ ئەوەی لە ئاوێتەیەکەوە بگوێزرێت بۆ یەکێکی دی، و لە هەر پێگەیەکدا ترومپایەکی هایدرۆجینی (پرۆتۆنی) هەیە، کە هایدرۆجین دەگوازێتەوە لە پێگەیەکەوە –لەسەر پەردەکە- بۆ پێگەیەکی تر، و ئەمەش (فرق جهد)ێک دروست دەکات لە نێو پەردەکەی ناوەوە لەگەڵ بڕێکی زۆر لە ئایۆنی هایدرۆجین لەناو بۆشاییەکانی کریستە نێوەندەکان، (مەبەستمان لە بۆشاییەکان: ئەوانەن کە دەکەونە نێوان پەردەی دەرەوە و ناوەوەی مایتۆکۆندریۆنەکە) (دیسانەوە بڕوانە شێوەی ٤ ، ٥)، کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن گەردە ئاڵۆزەکانی (ETC) ئەلیکترۆن هەڵدەگرن لە ئاوێتەیەکەوە بۆ یەکێکی دی بە هەردوو ڕێگای: (Uniquinone) و (Cytochromoe C)

ترومپای سێهەم لەو زنجیرەیە هانی گواستنەوەی ئەلیکترۆنەکان دەدات لە ئۆکسجینەوە بۆ دروست بوونی ئاو (H2O)، و ئەم ترومپا کیمیاییە ئەسمۆزییە



شێوەی ( ٥ )



شێوەی ( 6 )

کاری ئۆکساندنیان بە سەردا دێت بەهۆی وون کردنی ئایۆنەکانی هایدرۆجین و ڕۆشتنیان بەرەو ترومپاکان.

ترومپاکانیش بە ڕۆڵی خۆیان هەڵدەسن لە گواستنەوەی ئایۆنەکان بۆ بۆشایی نێوان هەردوو پەردەکان، کە بە بڕێکی باش کۆدەبنەوە وەك سووتەمەنییەك بۆ ئیش پێکردنی ترومپای (ATP)، ﴿الذي جعلَ لكُم مِن الشجر الأخضر ناراً فإذا أنتم منه توقدون﴾.

کاتێك کە بڕێکی باش سووتەمەنی هەبوو ئەوا بە فۆسفۆری بوونی (ADP) ڕوو دەدات، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە کردمان: ئایا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان بە فۆسفۆری بوون و بە ئۆکساندن؟!

ئەو هایدرۆجینانەی ( H+) کە دەنێردرێت بەرەو ماترکس (Matrix) بەهۆی ترومپایەکەوە لەوێ لەگەڵ ئۆکسجیندا (O-) گەردی ئاو (H2O) دروست دەکەن، ﴿و جعلنا من الماء كل شيءٍ حي﴾ الأنبياء٣٠، و ئەمەش زۆر گرنگە چونکە ئۆکسجین کۆ دەبێتەوە و پێویستییەکی زۆری بە (فرق جهد)ێك دەبێت بۆ ئیش پێکردنی ترومپای (ATP).

## ئایا بۆچی پێویستمان بە مایتۆکۆندریا هەیە؟!

بیرۆکەی تەواو دەربارەی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە بڕێکی تەواو لە (ATP)مان وەدەست دەکەوێت، لە کاتێکدا کە ئۆکسجین نەبێت تەنها بڕی(٤) گەردمان وەدەست دەکەوێت لە پاکیجی (ATP) بۆ هەر گەردێك لە گلوکۆز (لە پرۆسەی Glycolysisدا)، بەڵام لە کاتی بوونی ئۆکسجین، چەندەها گەردیلەی ئایۆنی هایدرۆجینمان وەدەست دەکەوێت لە خولی کریپسدا کە بەکاردێت بۆ ئیش پێکردنی ترومپای (ATP)، لە خولی کریپسدا (٢٤-٢٨) گەردمان دەست دەکەوێت لە (ATP) بە تەنها لە یەك گەردی گلوکۆز کە دەگۆڕێت بۆ (Pyruvate)، لەگەڵ (٤) گەرد لە کرداری (glycolysis)دا دەستمان کەوت لەناو خانەدا لە دەرەوەی مایتۆکۆندریا، بڕێکی ئێجگار زۆرمان دەستکەوت لە (ووزە) بە سووتاندنی یەك گەرد گلوکۆز لەناو مایتۆکۆندریادا، لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی ڕێك وپێك ئیش بکات و ئۆکسجینیش هەبێت.

## گرنگی کریستەکانی مایتۆکۆندریا

لێرەدا دەبێت گرنگی بوونی کریستەکان بزانین نەك تەنها لەبەر ئەوەی (ETC) و ترومپای (ATP)ی تێدایە، و ئامادەی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەك دیوارێك کاردەکات کە ماترکس جیا دەکاتەوە لەو بۆشاییەی کە ئایۆنەکانی هایدرۆجینی تێدایە، لەبەر ئەوە بەم کارە (فرق جهد)ێکی زۆر دروست دەبێت بۆ ئیش پێکردنی ئەو ترومپایە، ئەگەر بمانەوێت باس لە گرنگی مایتۆکۆندریا بکەین کە چۆن پرۆتین جوولە پێ دەکات بەرەو ماترکس، تێبینی ئەوەش دەکەین لە گرنگی (فرق جهد)ی ئایۆنی هایدرۆجین (پرۆتۆن) وەك لە شێوەی ژمارە (٦)دا تێبینیمان کرد.

گەردیلەکان لە (ETC)دا بە شێوەی هێشوو دەبینرێن لەسەر کریستییەکان، لێرەدا تێبینی بوونی ڕەفەی زۆر دەکەین لە مایتۆکۆندریادا کە هەر هەمووی چالاکە و ئەکتیڤە لە بەرهەم هێنانی (ATP)دا، لەبەر هەمان هۆ چڕی بوونی پەردەکان پابەندە بە کار و فەرمانییەوە، بۆ نموونە مایتۆکۆندریای ماسولکەکانی باڵی باڵندەی جۆرێك (کە پێی دەڵێن باڵندەی باڵە فرکە) ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کریستی تێدایە لەبەر ئەو هۆیەی باسمان کرد.

## پێکهاتە و فەرمانی پەردەی ناوەوە و بەشە بنەڕەتییەکانی مایتۆکۆندریا:

دەتوانین مایتۆکۆندریۆن و پەردەکانی ناوەوە و دەرەوە پارچە پارچە بکەین، و جیایان بکەینەوە بەهۆی لێك دابڕینی پەردەی ناوەوە و یەکەی پەیوەستی ماترکس (Matrix)، کە ئەمەش پێی دەڵێن مایتۆپلاست (mitoplast)، کەواتە مایتۆپلاست بریتییە لە مایتۆکۆندریۆن جگە لە پەردەی دەرەوە، پارچەکانی مایتۆپلاست گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی فەرمانەوە.

دەتوانرێت کە مایتۆپلاست بکرێتەوە و سەیری پەردەی ناوەوەی بکرێت دوای ئەوەی کە بۆیە کرا



شێوەی (٧)



شێوەی (٨)

(بە شێوازی نەگەتیڤ)، بەم شێوازە بۆیەکە دەنیشێت لەسەر بەشەکانی ناوەوەی پەردەکە، بۆیە هەرچی بەشەکان و گەردەکانە وەدەر دەکەون لە ڕووی ناوەوەی کریستەکان، ئەم گەردانەش بریتین لە گەردەکانی ئینزایمی (ATP synthase)، **شێوەی ژمارە (٧)** (cytochrome) ڕوون دەکاتەوە کە دەکەوێتە دەرەوەی پەردەی ناوەوە، کە بریتییە لە پرۆتینێکی بەرەڵلا لەو بۆشاییەی کەوتووەتە سەر کریستەکان (یان ئەوانەی کریستەکان دروست دەکەن)...

چۆن پسپۆڕانی بواری کیمیای خانە ئەوەیان زانیوە کە (cytochrome C) دەکەوێتە سەر پەردەی ناوەوە؟!

دەتوانین چەندەها تاقیکردنەوەی کیمیایی ئەنجام بدەین دەربارەی (cytochrome)، کە ئەنجامەکانیشی لە **شێوەی (٨)**دا ڕوون کراوەتەوە، و دەتوانین دەرئەنجامی کارلێکی ئینزایمی ببینین کە تەنها پەیوەستە بە کریستەکانەوە، بۆ بەد بەختی لە کیمیای زۆربەی ئینزایمەکانی خانە، کە دەرەنجامی کارلێک بڵاو دەبێتەوە و وا دەردەکەوێت کە هەموو بۆشایی نێوان دوو پەردەکەیان گرتبێتەوە، و ئەمەش ئاراستەی ڕووی (cytochrome C) دەگۆڕێت، کە لە نێوان بۆشاییەکانی کریستەکان، بۆیە وا دەخەمڵێنرێت کە (cytochrome C) جێگەی نزیک لچی دەرەوەی پەردەی کریستەکانە، جگە لە لچەکانی ناوەوە کە هەندێك گەردیلە سەرەتاییەکان (یان ATP synthase)ی تێدایە.

## سووڕی ژیانی مایتۆکۆندریا

**چۆن مایتۆکۆندریا دابەش دەبێت و زیاد دەکات؟**

دەتوانین ئەمە بە شێوەیەکی کارتۆنی ڕوون بکەینەوە، دابەش بوونی مایتۆکۆندریا چوون یەکە لەگەڵ دابەش بوونی خانە بەکتیرییەکان، کاتێك مایتۆکۆندریا گەورە دەبێت لە قەبارەدا و دەچێتە ئاستی قەوارەی خۆی دەست دەکات بە دابەشبوون، بەوەی کە لە ناوەوە کەندرێك دروست دەبێت بەرەو دەرەوە بۆیە وا لە بەشی دەریشەوە دەکات ڕابکێشرێت بەرەو ناوەوە، بەو شێوەیە هەردوو مایتۆکۆندریای دەستە خوشك جیا دەبنەوە (**بڕوانە شێوەی ٩**)، ئاشکرایە کە لە پێش دابەش بوونی خودی مایتۆکۆندریا خۆی، دەبێت (DNA) دابەش ببێت بۆیە پێویستە هەندێك درێژە بدرێت بەم بابەتە، **شێوەی (١٠)** کرداری دابەش بوون بە مایکرۆسکۆبی ئەلیکترۆنی ڕوون دەکاتەوە، (چەمانەوە بۆ ناوەوە و دروستبوونی کەندر)، هەندێك جار لە نێوەندیدا ناوەندێك دروست دەبێت، و دابەش



شێوەی (١٠)




شێوەی (٩)



شێوەی (11)

دەبێت کە دەوڵەمەند بێت بە پرۆتین و پێداویستییەکی زۆری هەیە بە (پۆلی رایبۆسۆم) بۆ دروست کردنی شێوەی (١١) هێشوویەك لە مایتۆکۆندریا روون دەکاتەوە کە بە مایکرۆسکۆبی ئەلیکترۆنی گیراوە، ئەو هێشووە مایتۆکۆندریایە لە ناوەندی پرۆتیندایە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بوونی پرۆتین و پۆلی رایبۆسۆم زۆر پێویستە بۆ دابەش بوونی و زۆر بوونی لەناو خانەدا (شێوەی ١٢).

## مایتۆکۆندریا (DNA) و رایبۆسۆمی خۆی هەیە؟

مایتۆکۆندریا خاوەنی (DNA) و رایبۆسۆمی خۆیەتی و دەتوانێت زۆربەی پرۆتینەکانی خۆی دروست بکات، (DNA)ی رایبۆسۆم بازنەییە و کەوتووەتە ناو ماترکسەوە، لە پێکهاتەیەکی خاڵدارە کە پێی دەووترێت (nucleoid)، و هەر نیوکلیۆدێك چەند کۆپییەك لە (DNA)ی تایبەت بەخۆی تێدایە (mRNA).

بەهای مایتۆکۆندریای مرۆڤ (16569bp)ە، کۆدی ژمارە پرۆتین دەکات، و مایتۆکۆندریای مرۆڤ بەم شێوەی خوارەوەیە:

* ژێر یەکەی ١، ٢، ٣ لە ئینزایمی (cytochromosome oxidase).
* ژێر یەکەی ٦، ٨، ٩ لە ئینزایمی (Fo ATP ase).
*ژێر یەکەی Apocytochrome B لە ئینزایمی (– $CO_2$ $H_2$ cytochrome C reductase).
*٧ ژێر یەکە لە ئینزایمی ( NADH- $CO_2$ reductase).

پێداویستییەکانی تری مایتۆکۆندریا لە پرۆتین، ناوکی خانە هەڵدەستێت بە کۆد کردنی (تەرجومە کردنی)، هەروەها مایتۆکۆندریا پێداویستییەکانی تری لە مەوادی لیپیدی لە خانەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت.

شێوەی ژمارە (١٣) کاریگەری هەندێك ئەنتیبایۆتیك پیشان دەدات لەسەر دروست بوونی پرۆتین (ئەنتیبایۆتیکەکان: Tetracycline, Erythromycine, Chloraphenicol)، هەروەها مایتۆکۆندریا رایبۆسۆم و (tRNA)ی تایبەت بە خۆی هەیە: (22 tRNA, rRNA, 16sRNA, 12s RNA, 5s RNA).

زۆرێك لە (textbook)ەکان باس لەوە دەکەن کە مایتۆکۆندریا جۆری (5s RNA)یان نییە، بەڵام توێژینەوە نوێیەکان ئەوە رادەگەیەنن کە مایتۆکۆندریا (5s RNA)ی خۆی هەیە.

**کورتەی باسەکە:** بوونی (5s RNA) لەناو مایتۆکۆندریادا، بەڵام رۆڵ و فەرمانی ئەم جۆرە (rRNA)یە تا ئێستا نەزانراوە و دڵنیا نین لێی، و بە دڵنیاییەوە خوای گەورە هیچ شتێك بێ حیکمەت دروست ناکات: ﴿ويخلق ما لا تعلمون﴾، بە ئاسانی دەتوانین رایبۆسۆم ببینین لەناو مایتۆکۆندریۆندا، لە شێوەی ژمارە (١٤)دا تێبینی هەندێك تەنۆچکەی وورد دەکرێت لەسەر ماترکسەکان، هەروەها دەتوانرێت (DNA) ببینین،



شێوەی (١٣)



شێوەی (١٢)


شێوەی ( ١٤ )


شێوەی ( ١٥ )

(DNA)ی مایتۆکۆندریۆن شێوە بازنەیی‌یە، زۆر لە (DNA)ی بەکتریا دەچێت لە پێکهاتەی گشتی‌دا (**شێوەی ژمارە ١٤**).

هەروەها **شێوەی ژمارە** (١٥) بانە رووکەشی (مظهر فوقي)ی DNA و رایبۆسۆمەکان پیشان دەدات کە لە تەنیشت یەك ریز بوون، لێرەدا بە تەقریبی (DNA) بازنەیی‌یە، و بۆ ئەوەی شێوازی تەواوی (DNA) بزانین، دەبێت (DNA) لەناو مایتۆکۆندریادا دەربهێنرێت و پاڵفتە بکرێت و بخرێتە سەر (grid) و لەژێر مایکرۆسکۆپی ئەلیکترۆنیدا سەیر بکرێت و پشکنینی بۆ بکرێت (**شێوەی ١٦**).

**بۆماوەزانی مایتۆکۆندریا:**

لە ٩٩,٩٩٪ لە (DNA)ی مایتۆکۆندریا (mt DNA) لە شیردەرەکاندا لەدایکەوە دەگوێزرێتەوە (لێرەدا شتێك وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە دایك سەرچاوەی ووزە و ئیلهامە بۆ کۆرپەلە)، ئەم راستی‌یە بەوە سەلمێنراوە کە کلکی حەیوانی مەنەوی پیاو (الحيوان المنوي) تەنها (١٠٠) مایتۆکۆندریای تێدایە (کەواتە تەنها لە کلکدایە)، بەڵام هێلکەی مێینە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ مایتۆکۆندریای هەیە، لە کاتی پێگەیشتن و دەرکەوتنی خانەدا دەتوانین ژمارەیەك لە (mt DNA) لە نێرینە جیا بکرێنەوە، کە بە نزیکەی یەك بەش لە هەزاردا (٠,٠١٪) لە باوانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ وەچە، ئەمەش راستی‌یەکی ترمان دەداتێ کە زۆربەی زۆری ئەو بازدانانەی (mutation) کە لە (mt DNA) روو دەدات لە دایکەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەچە، ئەو بازدانەی کە بەسەر (mt DNA)دا روو دەدات لە شیردەرەکاندا بە هۆی بوونی زنجیرەیەکی کورتە، لەبەر ئەوەی کە خانە چەند سەد مایتۆکۆندریایەکی تێدایە، هەروەها چەند هەزار جینۆمێك (genome)، لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە لە ناو خانەدا بازدانی مایتۆکۆندیری روودات.

هەرچەندە بازدانیش روو بدات بەسەر مایتۆکۆندریادا لەناو خانەدا بەڵام بوونی (١٥٪) ی مایتۆکۆندریای ساغ و سەلامەت زۆرە بۆ ئەوەی کرداری بە فۆسفۆری بوون و ئۆکساید بوون روودات تاوەکو ووزە ببەخشێت بە خانەکان.


شێوەی ( ١٦ )

## هەندێك باری نا تەندروستی كە بە هۆی مایتۆكۆندریاوە دەبێت:

* باری ( Leber's hereditary optic neuropathy): ئەم حاڵەتە هۆكەی بارێكی نائاساییە كە بەسەر دەماری بینیندا ڕوودەدات ( optic nerve) كە دوای ئەوە كوێری لێ دەكەوێتەوە، ئەم بارە نا ئاساییە بە هۆی بازدانێكەوەیە كە لە جینێكدا ڕوو دەدات، ئەو جینە بەرپرسیارە لە كۆدێك ژمارە (٤) بۆ ئینزایمی (NADH- CO2 reductase).

* باری نا ئاسایی ( ragged muscle fibers associated with jerky movement) هۆی ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ بازدانێك لەسەر ترشێكی ئەمینی مایتۆكۆندیری (tRNA).

* سندرۆمی (Kearn's-sayre): ئەمەش حاڵەتێكی دیكەیە كە لە نیشانەكانی: ١- كاریگەریی لەسەر چاو. ٢- تێك چوونی لێدانی دڵ. ٣- تێك چوونی كۆئەندامی دەماری چەقی (بنەڕەتی). ٤- نەمانی زۆرێك لە (mt DNA) لە ناو مایتۆكۆندریادا.

## ئایا مایتۆكۆندریای پیر و پەككەوتە لەناو خانەدا چی لێ دێت؟!

بە ئاسایی كۆنترۆڵی ئەو مایتۆكۆندریایانە دەكرێت لەناو خانەدا كە پیربوون و توانای كار و فەرمانی خۆیان بە باشی نەماون، ئەویش بە هۆی كردارێكەوە كە پێی دەڵێن (Autophagy)، و لێرەدا ڕایبۆسۆمەكانی ناو خانە ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت.

پرۆسەكە بەوە دەست پێدەكات كە پەردەكانی تۆڕی ئیندۆپلازمی چواردەوری مایتۆكۆندریای پەككەوتە دەدەن، دوایی ئامێری (ئالۆزی) گۆڵجی دێتە پێش و خۆی لووت بە بۆشایی هەڵلوشینی خۆییەوە، ئەم بۆشاییانەش هەندێك ئینزایمی تایبەتی تێدایە كە هەڵدەستن بە كرداری (Hydrolysis).

ئەمیش بە دەوری خۆی پەیوەست دەبێت بە جۆرێك ڕیسێپتەری تایبەتییەوە كە پێی دەڵێن (mannose-6-phosphate) كە دەكەونە سەر پەردەیەكی (حوصلی)، لێرەدا (PH)ی ترشین ڕۆڵ دەبینێت لە كردنەوەی ئینزایمی (Hydrolysis) لە ڕێسێپتەرەكان، تاوەكو بگەڕێتەوە سەر ئالۆزەی گۆڵجی و دۆخی جارانی و ئیش بكات لەسەر مایتۆكۆندریایەكی كۆن و پەككەوتەی تر (شێوەی ١٧).



شێوەی (١٧)

## سەرچاوەكان:

1-Albert, B. ; Brag, D. ; Lewis, J. ; Raff, M. ; Roberts, K. and Watson, J.D.\ Molecular biology of the cell, Garland Publishing, Third Edition, 1994.

2-Davis, A. J. ;Ryan, k. R. and jansen, R.E. \ Tim 23p contains separate and distinct for terminal targeting to mitochondria & insertion into the inner membrane\ Mol.Biol.cell,9: 2577- 2593 ,1999.

3-Fawcett, J. D. \ A textbook of histology\ champan & Hall, 12th ed, 1994.

4-Harkness, et. al. \ J. Cell Biology, 124: 637 - 648, 1995.

5-Kurz, ; Martin, H. ; Rassaw, j. ; Pfanner, N. & Ryan, M. T. \ Biogenesis of Tim Protein of the mitochondrial carrier import pathway ; different targeting mechanisms & crossing with the main import pathway \ Mol. Biol. Cell \ 10: 2461 - 2474, 1999.

6-Magalhae, P. J.; Andreu, A. L. & schon, E. A. \ Evidence for the presence of 5s rRNA in Mammalian Mitochondria \ Mol. Bio. cell , 9: 2378 – 2382 ,1999.

7-Sorgo, D. & M. Yaffe. \ J. Cell .Biol. \ 126: 1361- 1373, 1994. ✍

# ٢٤ كاتژمێر لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلام محمد (ﷺ)

## لێكدانـەوەیەكـی زانستیی چەنـد رەفتـار و رەووشتێـكی رۆژانـەی پێغـەمبـەرە (ﷺ)



ئامادەكردنی: د. كـاوە فـرج سـعدون
بەكالۆریۆس لە پزیشكی و نەشتەرگەری گشتیدا
پزیشكی نەخۆشی‌یەكانی سنگ و كۆئەندامی هەناسەدان
d-kawafaraj@eijazizansti.org

بسم الله الرحمن الرحيم

### سەرەتا:

بوونی پێشەوا و (قدوة) لە ژیانی مرۆڤەكاندا گرنگـی‌یەكی یەكجار گەورەی هەیە، چونكە مرۆڤ سروشتی چاولێكەری و دووبارە كردنـەوەی هەیە، بە درێژایی مێژووش بەردەوام مرۆڤـەكان كەسانێكیان كردووەتـە نموونە بۆ خۆیان و هەوڵیان داوە كە رەفتار و گوفتاریان وەك ئەوان بێت، و تێكۆشیون لـە پێنـاو گەیشتن بە دەستكەوتەكانی ئەوان لە ژیانیاندا، تەنانـەت هەندێك كات گەیشتووەتە رادەیەك كە هەستاون بە پەرستنی ئەو كەسانە و وەك خـودای خۆیان تێیان روانیون!!.

خوای پەروەردگار كە دروستكەری بوونـەوەر و مرۆڤەكـانە لە هەموو كەسێك چاكتـر ئاگـاداری هەموو پێویستی و نهێنی‌یەكانی مرۆڤەكانە، بە تەنها ئەو شایستەی ئەوەیە كە پێشەوا و نموونە بۆ ژیانی مرۆڤەكان دیاری بكات، چونكە ئەو لە هەموو وردەكاری‌یـەك ئاگـادارە و بە تەواوەتی دەزانێت كە كێ ئەو كەسە كامڵەیە كە شایستەی هەڵگرتنی ئەم ئەركە گەورەیـە و ئەمانەتە گرنگەیە لەسـەر زەوی‌دا، ئەوەتـا هـەر پەروەردگار خۆی ئەم بابەتەمان لـە قورئانـە پیرۆزەكـەی‌دا بۆ روون دەكاتەوە و دەفەرموێـت: ﴿الله أعلم حيثُ يجعلُ رسالته﴾ الأنعام١٢٤، واتـە: خوای زانا و كاربەجێ بە تەنها ئەو دەزانێـت كـە پەیامـەكەی بۆ كێ بنێرێت، و كـێ بكـاتە پێغەمبەر و پێشەوای مرۆڤەكان، لەلایەكی ترەوە پەروەردگار فەرمانی پێ‌كردووین كە گوێڕایـەڵ و ملكـەچی فەرمـان و

ئامۆژگاری‌یەکانی ئەو پێشەوا و پەیامبەرە بەڕێزانە بین، چونکە بەم شێوەیە پێغەمبەران دەتوانن مەبەستی بوون بە پێشەواتی‌یەکەیان بێننە دی.

پێغەمبەری ئیسلام محمد (ﷺ) کۆتایین پێغەمبەر و پێشەوایە بۆ مرۆڤەکان، تەنانەت سەرداری هەموو پەیامبەرەکانی تریشە بە درێژایی مێژوو، بۆیە پەروەردگار زۆر بە تایبەتی لە قورئاندا فەرمان بە ئیمانداران دەکات کە گوێڕایەڵ و ملکەچی بن لە هەموو کار و کردەوەیەکی رۆژانەیاندا ﴿وما آتاكُم الرسولُ فَخذُوه وما نهاكُم عنه فَانتهوا واتقُوا الله إن الله شديد العقاب﴾ الحشر٧، واتە: ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێتان دەڵێت و دەتانداتێ وەریگرن و جێبەجێی کەن، ئەوەشی بەرگری‌تان لێدەکات بە تەواوەتی وازی لێبهێنن و مەیکەن.

پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) لە لایەنی ئامۆژگاری کردنی مرۆڤەکان و دانانی بەرنامەیەکی تێروتەسەل و هەمەلایەن بۆ ژیانیان هیچ کەمتەرخەمی‌یەکی نەکردووە، بەڵکو پاشماوە و میراتێکی دەوڵەمەندی بۆ بەجێ هێشتووین لەم بوارەدا، کە بۆ هەموو کارێک و هەڵس وکەوتێکی ژیانمان چەندین ئامۆژگاری بەسوودمان دەکات و رێگایەکی راست و رەوانی بۆ دیاری کردووین، هەر لە چۆنێتی هەستان لەخەو، رەووشتەکانی خۆ پاکردنەوە و پاک وخاوێنی، چۆنێتی چوونەدەرەوە لە ماڵ و چوون بۆ مزگەوت، رەووشتەکانی هەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکی‌دا و لەکاتی کارکردندا، ئەدەبی وەرگرتنی زانست و زانیاری، رەووشتەکانی خواردن و چۆنێتی و چەندێتی خۆراکی رۆژانەی مرۆڤ، تەنانەت چۆنێتی رۆیشتن بە رێگادا و چۆنێتی جل وبەرگ لەبەرکردنیش، ئەمانە و سەدان ئامۆژگاری و رێنومایی تر کە هیچ بوارێکی ژیانی مرۆڤی نەهێڵاوەتەوە کە شێوازێکی راست و تەندروستی‌یانەی بۆ دیاری نەکردبێت.

لە ڕاستی‌دا لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو بوارانە بە شێوازێکی وورد و زانستی‌یانە بە دەیان کەس و سەدان کتێبیش بە ئەنجام ناگات، بۆیە من لێرەدا تەنها بە روون کردنەوەی چەند بوارێکی کەم و چەند رەووشت و هەڵس وکەوتێکی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە و لێکدانەوەیان لە رووی زانستی نوێی ئەمڕۆوە (بە تایبەتی راستی‌یە پزیشکی‌یەکان) سەرنجی خوێنەرانی ئازیز بۆ ئەم بابەتە گرنگە رادەکێشم، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کەس بە نەزانی و چاولێکەری رەخنە لە هەڵس و کەوتی بەرزی موسوڵمانان و پێشەوا بەڕێزەکەیان نەگرێت، و بە شێوەیەک کە گومانی تێدا نەمێنێت بۆیان روون ببێتەوە کە تەنانەت بچووکترین ووردەکاری‌یەکی ژیان کە محمد (ﷺ) شێوازێکی تایبەتی بۆ دیاری کردبێت، بە تەواوەتی لەلایەن راستی‌یە زانستی و پزیشکی‌یەکانەوە پشتگیری لێ دەکرێت و هەر ئەو شێواز و هەڵس و کەوتەیە کە زانایانی بوارە زانستی‌یە جۆراوجۆرەکان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئامۆژگاری خەڵکی پێ‌دەکەن.

## ئامۆژگاری‌یەکانی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە بەکارهێنانی خۆراك وەك چارەسەر:

ئەگەر بڕوانینە ئامۆژگاری‌یەکانی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) سەبارەت بە خۆراك و هەڵبژاردنی خۆراکێکی دیاری کراو بۆ بەکارهێنانی لە کاتێك و لە بارێکی تایبەتی‌دا شتی زۆر سەرسوڕهێنەر دەبینین، و بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەر (ﷺ) خۆراکی لە ژیانی مرۆڤدا وەك شێوازێکی چارەسەر بۆ زۆرێك لە نەخۆشی و ناڕەحەتی‌یەکانی دیاری کردووە، ئەم بۆچوونە زانستی نوێی ئەمڕۆ بە تەواوەتی پشتگیری لێ‌دەکات، تەنانەت ئێستا لە هەموو لایەکی جیهاندا سەدان سەنتەری تایبەتمەند هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە خواردنە هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرەکان و سوودەکانیان لە بواری پزیشکی و تەندروستی گشتی‌دا، ئەم سەنتەرانە کە زوربەی زۆریان لە ووڵاتانی ناموسوڵماندان هەستاون بە چەندین دۆزینەوەی گەورە و گرنگ کە هەموویان پشتگیری تەواوی فەرموودەکان و سوننەتەکانی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) دەکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیانی رۆژانەی‌دا چەند خواردنێك هەبووە کە بەردەوام بووە لەسەریان و هەمیشە بەکاری هێناون، کە لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەین:

وەك لە فەرموودە راستەکاندا هاتووە پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) هەموو بەیانی‌یەك پاش کردنی نوێژی بەیانی عادەتی وابووە کە یەك کەوچکی گەورە هەنگوینی لەناو

کووپێک ئاودا دەتوانەوە و دەیخواردنەوە، ﴿کان رسول الله (ﷺ) یشرب العسل الممزوج بالماء البارد على الريق﴾•، واتە: پێغەمبەر (ﷺ) بەیانیان بە سکی بەتاڵ هەنگوینی تێکەڵاو بە ئاوی ساردی دەخواردەوە، ئەمە بریتی بوو لە خۆراکی بەیانی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام).

لێرەدا پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) دوو ماددەی سوودبەخشی گرنگی کۆکردووەتەوە، ئاو کە ماددەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرە، زانایانی کیمیا بۆمان باس دەکەن کە گەردەکانی ئاو بە شێوەی زنجیرەیی ریز دەبن کە ئەم سیفەتە خاسییەتێکی زۆر گرنگ و سەرسوڕهێنەر دەدات بە ئاو، ئەویش ئەوەیە کە توێنەرەوەیەکی زۆر بەهێزە کە زوربەی ماددەکان تێیدا دەتوێنەوە،هەروەها هەر ماددەیەکیش کە لە ئاودا دەتوێنرێتەوە ئەم زنجیرەییەی گەردەکانی ئاو وای لێدەکەن کە سیفاتەکانی ماددە تواوەکە بە تەواوەتی وەرگرێت، واتە ئاوەکە دەبێت بە ماددە تواوەکە بە هەموو سیفاتەکانییەوە، گرنگی ئەم سیفەتەی ئاو لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەرکەوتووە، ئەویش لە رێگەیەکی نوێی چارەسەردا کە بریتییە لە بەکارهێنانی ئاو وەك چارەسەر و دەرمان بۆ نەخۆشی (العلاج بالماء Hydrotherapy)، بە تایبەتی لە نەخۆشییەکانی ئێسك و جومگە و رۆماتیزمدا، کاتێك ئاوەکە برێکی دیاری کراو ووزەی پێدەدرێت دەتوانێت زۆر بە باشی ئەو ووزە و دەرمانە بۆ شوێنە نەخۆشەکان بگەیەنێت و چاك بوونەوە دروست بکات، ئەم چارەسەرە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێدراوە ئەویش لە باسی (ئەیوب) پێغەمبەر (علیه السلام) و تاقی کردنەوەکەیدا، کە ماوەی ١٨ساڵ بە نەخۆشییەکی ناڕەحەتەوە دەیناڵاند (کە زانایان دەڵێن لەوانەیە جۆرێك بوو بێت لە رۆماتیزمی جومگەیی (Rheumatoid Arthritis) کە لە پێستیشدا هەوکردنی کێماوی دروست دەکات)، خوای گەورە بۆمان باس دەکات: ﴿و اذكر عبدنا أيوب إذ نادى ربه أني مسني الشيطان بنصب وعذاب، اركض برجلك هذا مغتسل بارد و شراب﴾ ص٤١-٤٢، واتە: باسی بەندەی خۆمان (ئەیوب) بکە، کاتێك لە پەروەردگار پاڕایەوە کە من تووشی ناڕەحەتی و ئازار بووم، خوای گەورە وەڵامی دایەوە و نزای گیراکرد و پێی فەرموو: هەستە، بەپێی خۆت رابکە، ئەوە ئاوێکی ساردە بۆ خۆشتن و خواردنەوە، واتە بەهۆی خۆشتن و خواردنەوە لەو ئاوە خوای گەورە شیفای بۆ نارد، ئەمە جۆرێکە لە چارەسەر کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆ ئەو نەخۆشییانە بەکاردێت، و بە تاقیکردنەوە سەلماوە لە گەورە سەنتەرەکانی جیهاندا.



سەبارەت بە ماددەی دووەم کە پێغەمبەر (ﷺ) بەیانیان بەکاری دەهێنا کە هەنگوینی سروشتییە، سوودە پزیشکی و تەندروستی-یەکانی هەنگوین لای کەس شارراوە نییە، هەر بۆیە ئایەتەکانی قورئان و دەیان دەقی فەرموودە گرنگییەکی گەورەیان پێداوە، خوای پەروەردگار لە قورئاندا دەربارەی هەنگوین



• بڕوانە کتێبی (زاد المعاد في هدي خير العباد)/ دانراوی (إبن القيم الجوزية)/ بەشی چوارەم- لاپەڕە ١٥٥.

دەفەرموێت: ﴿فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ﴾ النحل٦٩،واتە: هەنگوین شیفای تێدایە بۆ خەڵکی، پێغەمبەر خۆیشی ئامۆژگاری ئیمانداران دەکات بە بەکارهێنانی هەنگوین وەك چارەسەر کە دەفەرموێت: ﴿عليكم بالشفاءين العسل و القرآن﴾ حديث صحيح رواه ابن ماجة والحاكم و وافقه الذهبي، واتە: ئێوە دوو چارەسەرەکە بەکار بهێنن کە: قورئان و هەنگوینە.

زانستی پزیشکی و دەرمانسازی ئەمڕۆ هەنگوینی سروشتییان بە یەکێك لە سوودمەندترین ماددە خۆراکییەکان داناوە، دەیان توێژینەوە و تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە لە هەموو لایەکی جیهاندا، بە تایبەتی لە تاقیگەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کە هیچ جۆرە باوەڕێکیان بە دین نەبووە!! شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە دەبینین خەڵکانی بێباوەڕ و ناموسوڵمان هەستاون بەم توێژینەوانە کە ڕاستی فەرموودەکانی قورئان و سوننەتی پیرۆز دەسەلمێنن، کە ئەمە دەرخەر و سەلمێنەری بەرزیی سەرچاوەی هەردووکیانە.

یەکێك لەو زانایانەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵ هەستا بە توێژینەوە لەسەر هەنگوین و ئەنجامەکانی لە گەورە گۆڤارە پزیشکی و زانستییە جیهانییەکاندا بڵاوکردووەتەوە، کە دووایەمینیان لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بوو، ناوی (پیتەر موولان)ە و خەڵکی وڵاتی (نیوزیلەند)ە، توێژینەوەکانی ئەم زانایە زۆر وورد و باوەڕپێکراون و لە هەموو جیهاندا وەرگیراون، بە شێوەیەك ئێستا لە زانکۆکانی ئەمریکادا سیمینار و محاضرە پێشکەش دەکات لەم بارەیەوە و پسپۆڕان بە سەرسوڕمانەوە گوێی لێدەگرن، ئەم زانایە موسوڵمان نییە و ئاگاشی لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە نییە، بەڵام بە کارەکانی خزمەتێکی گەورەی بە قورئان و فەرموودە گەیاندووە و ڕاستییە بەرزەکانیانی زیاتر دەرخست.

لە مێژوودا چەندین کەسی ناسراو و بە تەمەن هەبوون کە تاکە خاڵی هاوبەش تێیاندا بریتی بووە لە خواردنی هەنگوین ڕۆژانە، زانای بەناوبانگی بیرکاری (فیساغۆرس) زیاتر لە (٩٠ساڵ) ژیاوە، خواردنی ڕۆژانەی بریتی بوو لە نان و هەگوین، پزیشکی بەناوبانگ (ئەبوقراط) کە بە باوکی زانستی پزیشکی ناسراوە (١٠٨ساڵ) ژیاوە، کە ئەمیش ڕۆژانە هەنگوینی دەخوارد، لە یادی ١٠٠ساڵەی تەمەنیدا پزیشکی ڕۆمانی (یۆلیۆس ڕۆمیلیۆس) حاکمی ئەو کاتەی ڕۆمانییەکان (یۆلیۆس قەیسەر) لێی پرسی کە نهێنی بەهێزی توانای مێشکی و لاشەییەکەی تا ئەو تەمەنە گەورەیە چییە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: هەنگوین لە ناوەوە و زەیتی زەیتوون لە دەرەوە، واتە ڕۆژانە هەنگوینی دەخوارد و لەشیشی بە زەیتی زەیتوون چەور دەکرد.

### میکرۆب بەرگەی هەنگوین ناگرێت:

ئەمە ناونیشانی بابەتێك بوو کە لە گۆڤاری (Lancet Infect Dis)دا لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکرایەوە، تێیدا د. دیکسۆن (Dixon) کاریگەریی زۆر بەهێزی هەنگوینی دەرخستووە لە لەناوبردنی زوربەی میکرۆبەکانی نەخۆشیدا و ئەم زانایە داوا دەکات کە هەنگوین لە چارەسەری هەموو جۆرەکانی برینداری و سووتاویدا بەکاربهێنرێت، پرۆفیسۆر (مولان)یش دەڵێت: (هەموو جۆرەکانی هەنگوین کاریگەرن بۆ لەناوبردنی میکرۆبەکان، کە هەندێکیان کاریگەرییان بەهێزترە، هەنگوین ڕێ لە گەشەکردنی میکرۆب دەگرێت و ئەو میکرۆبانەش لەناو دەبات کە لە شوێنی بریندارییدا گەشە دەکەن).

### هەنگوین فاکتەرێکی بەهێزی ساڕێژ بوونەوەی برینداریە:

لەژێر ئەم ناونیشانەدا گۆڤاری (British J. Of Nurs) لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠١دا بابەتێکی دکتۆر دیڤۆن (Devon)ی ئینگلیزی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: (هۆکارەکانی ڕاگەیاندن سەرنجی خەڵکییان بۆ سوودەکانی هەنگوین ڕاکێشاوە، گەیشتووەتە ڕادەیەك کە نەخۆشەکان لە بەریتانیا داوا لە پزیشکەکانیان دەکەن کە هەنگوینیان بۆ بەکار بێنن لە چارەسەری برینەکانیاندا)، لە توێژینەوەیەکی تردا کە زۆر نوێیە و لە گۆڤاری (Annual Plastic Surgery)دا لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکرایەوە هاتووە: ٦٠نەخۆشی هۆڵەندی تووش بوو بە بریندارییی قووڵی جۆراوجۆر، هەنگوین بۆ برینەکانیان بەکارهێنرا وەك مەرهەمێك، هەنگوینەکە زۆر بە ئاسانی بەکار دەهات و هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لاوەکی نەبوو، سەرەنجام بووە هۆی پاك کردنەوە و ساڕێژ کردنەوەی هەموو برینەکان.

### هەنگوین و سووتاوی:

گۆڤاری سووتاوی (Burns)ی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٦دا

توێژینه‌وه‌یه‌كی بڵاوكرده‌وه‌ له‌سه‌ر به‌كارهێنانی هه‌نگوین له‌ حاڵاتی سووتاویدا: دوو گرووپ نه‌خۆشی تووشبوو به‌ سووتاوی جۆراوجۆر دیاری كران: هه‌ر یه‌كه‌یان له‌ ٥٠نه‌خۆش پێكهاتبوون، گرووپی یه‌كه‌م به‌ هه‌نگوین چاره‌سه‌ر كران، گرووپی دووه‌م پارچه‌ په‌تاته‌ی كوڵاو ده‌خرایه‌ سه‌ر سووتاوییه‌كانیان (وه‌ك مادده‌یه‌كی سروشتی)، له‌ كۆتاییدا بینرا كه‌ ٩٠٪ی ئه‌و سووتاوییانه‌ی به‌ هه‌نگوین چاره‌سه‌ر كران له‌ ماوه‌ی ٧رۆژدا له‌ میكرۆب پاك بوونه‌وه‌ و به‌ ته‌واوه‌تی ساڕێژ بوونه‌وه‌ له‌ ماوه‌ی ١٥رۆژدا به‌ ڕێژه‌ی ١٠٠٪، به‌ڵام گرووپی دووه‌م ته‌نها ٥٠٪یان چاك بوونه‌وه‌ له‌ ماوه‌ی ١٥رۆژدا.

**هه‌نگوین ده‌وڵه‌مه‌نده‌ به‌ مادده‌كانی دژه‌ ئۆكسان:**

كرداری ئۆكساندن كردارێكی رووخێنه‌ره‌ له‌ له‌شدا و مرۆڤ زووتر پیرده‌بێت ئه‌گه‌ر كرداری ئۆكساندن چالاك بێت له‌ له‌شیدا، هه‌نگوین مادده‌ فینۆلییه‌ دژه‌ ئۆكسانه‌كانی تێدایه‌ (Phenolic Antioxidants) كه‌ به‌رگری له‌ش به‌هێز ده‌كات له‌ به‌رامبه‌رئه‌م كرداره‌ تێكده‌ره‌دا، له‌ توێژینه‌وه‌یه‌كی نوێدا كه‌ له‌ فه‌ره‌نسا كرا و له‌ گۆڤاری (J Nutr)دا له‌ ژماره‌ی مانگی نۆڤه‌مبه‌ری ٢٠٠٢دا بڵاوكرایه‌وه‌، توێژینه‌وه‌كه‌ له‌سه‌ر مشك كرا و بینییان به‌ پێدانی هه‌نگوین پێیان ڕێژه‌ی مادده‌ دژه‌ ئۆكسانه‌كانی وه‌ك: ئه‌لفا تۆكۆفیرۆڵ زیاد ده‌كات و كرداری ئۆكسان به‌ تایبه‌تی له‌ دڵیاندا كه‌م ده‌بوو، له‌به‌ر ئه‌م كاریگه‌ره‌ی هه‌نگوینه‌ كه‌ ده‌بینرێت له‌ وڵاته‌كان و شاره‌كانی ناوه‌ڕاستی ئاسیا (وه‌ك طه‌شقه‌ند و سه‌مه‌رقه‌ند) كه‌ به‌رێژه‌یه‌كی زۆر هه‌نگوین رۆژانه‌ به‌كاردێنن، خه‌ڵكی ئه‌و وڵاتانه‌ له‌ ته‌مه‌نی ٩٠ساڵیدا له‌ گه‌رمه‌ی گه‌نجیدان.

له‌ چه‌ندین توێژینه‌وه‌ی نوێی تر (له‌ ساڵه‌كانی ١٩٨٥، ١٩٩١، ٢٠٠١، ٢٠٠٢)دا كاریگه‌ری گه‌وره‌ی هه‌نگوین به‌ ئاشكرا ده‌ركه‌وت له‌ چاره‌سه‌ری چه‌ندین نه‌خۆشیدا وه‌ك: هه‌وكردنی گه‌ده‌ و ریخۆڵه‌كان و سكچوون، نه‌خۆشی ته‌نگه‌ نه‌فه‌سی (ره‌بو) و هه‌ستیاری بۆرییه‌كانی هه‌ناسه‌دان،



هه‌روه‌ها بۆ نه‌خۆشییه‌كانی چاو، نه‌خۆشییه‌كانی پێست و جوان راگرتنی پێست و ده‌یان به‌كارهێنانی پزیشكیی و ده‌رمانسازیی تر•.

• بۆ زانیاری زیاتر له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ و كاریگه‌ره‌ به‌سووده‌كانی تری هه‌نگوین بروانه‌ كتێبی: به‌ڵگه‌ ئاشكراكان/ به‌شی ده‌یه‌م: موعجیزه‌ی چاره‌سه‌ر به‌ هه‌نگوین و ئه‌وه‌ی له‌ سكی هه‌نگه‌وه‌ ده‌رده‌چێت و چه‌ند راستییه‌كی سه‌لمێنراو/ كۆكردنه‌وه‌ و ئاماده‌كردنی: د.كاوه‌ فه‌رهج سه‌عدون/ له‌ بلاوكراوه‌كانی: ناوه‌ندی كوردستان—٢٠٠٥.

پاش به‌كارهێنانی ئه‌م تێكه‌ڵه‌ پڕ سوود و پڕ ووزه‌یه‌ (هه‌نگوین و ئاو) وه‌ك خواردنی به‌یانی، پێغه‌مبه‌ر (**علیه الصلاة والسلام**) پاڵی ده‌دایه‌وه‌ وه‌ك پشوویه‌كی كه‌م، ئیمامی (بوخاری) بۆمان ده‌گێڕێته‌وه‌ له‌ (عائشة)ی خێزانی پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ (ره‌زای خوای لێبێت): **﴿أن رسول الله (ﷺ) كانَ إذا صلى ركعتي الفجر إضطجع على شقه الأيمن﴾**، واته‌: هه‌ر كاتێك پێغه‌مبه‌ری خوا (**علیه الصلاة و السلام**) دوو ڕكاتی به‌یانی ده‌كرد له‌سه‌ر لای راستی راده‌كشا، له‌م كاته‌دا هه‌ڵده‌ستا به‌ په‌رستشه‌ پشتگوێ خراوه‌كه‌ (العبادة المهجورة) كه‌ بریتییه‌ له‌ بیركردنه‌وه‌ له‌ ده‌سه‌ڵاتی په‌روه‌ردگار (التفكر) و یادكردنی خوای گه‌وره‌ (الذكر)، ئه‌مه‌ وه‌ك پشوویه‌ك بۆ له‌ش و بۆ ده‌روونیشی چونكه‌ هیچ شتێك وه‌ك یادكردنی خوای گه‌وره‌ ئارامی و كامه‌رانی نابه‌خشێت به‌ ده‌روونی مرۆڤ: **﴿ألا بذكر الله تطمئن القلوب﴾** الرعد٢٨.

تا كاتی چێشته‌نگاو پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌ كاروبار و گرفتی موسوڵمانانه‌وه‌ خه‌ریك بووه‌، پاشان هه‌ستاوه‌ به‌ كردنی نوێژی سوننه‌تی چێشته‌نگاو (الضحى)، له‌دوای ئه‌م نوێژه‌ پێغه‌مبه‌ر (**علیه الصلاة والسلام**) عاده‌تێكی تری به‌سوودی هه‌بووه‌، ئه‌وه‌یه‌ وه‌ك له‌ فه‌رمووده‌ (صحیح)ه‌كاندا هاتووه‌ كه‌ ئیمامی (أبو داود) و (أبو نعیم له‌ كتێبی دلائل النبوة)دا هێناویانه‌: له‌م كاته‌دا هه‌موو به‌یانییه‌ك حه‌وت ده‌نك

خورمای شلی لەناو کووپێك شیردا تێکەڵاو دەکرد و دەیخواردنەوە، هەروەها لە چەندین فەرموودەی تریشدا پێشەوامان ئامۆژگاری هەموو موسوڵمانان دەکات بەم کارە و سوودەکانی بۆیان باس دەکات، لێرەشدا دووبارە کۆکردنەوەیەکی سەرسوڕهێنەری تر دەبینین لە نێوان دوو ماددەی زۆر بەسوودی تردا و موعجیزەیەکی درەوشاوەی ترمان لە سوننەتدا بۆ دەردەکەوێت، لە لایەکی تریشەوە هەر پێغەمبەر خۆی بە جیا لە فەرموودەی تریدا باسی سوودی ئەم دوو ماددەیەی بەجیا بۆ کردووین، سەبارەت بە خورما و سوودەکانی: ﴿عن سعد بن أبي وقاص (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال: من اصطبح كل يوم سبع تمرات من عجوة لم يضره سم و لا سحر ذلك اليوم﴾ رواه البخاري و مسلم، واتە: هەر کەسێك کە بەیانی کردەوە حەوت دەنك خورمای (عجوة) واتە: خورمای نەرم و شل بخوات، ئەوا لەو رۆژەدا ژەهر و کاری جادووگەری (سیحر) زەرەری پێناگەیەنن.

پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی کە بە نووری پێغەمبەرایەتی چەند شتێکی باس کردووە کە ئەگەر کەسێك بە وەحی خودایی پشتگیری نەکرایە نەی دەتوانی لەو رۆژگارە کۆنەدا هەواڵی وای بدایە، دەربارەی خورما زانایان چەندین توێژینەوەیان کردووە، و چەندین سوودیان ئاشکرا کردووە، بینیویانە کە رێژەی شەکر لە خورمادا دەگاتە ٧٠-٨٠٪ کە بە پلەی یەکەم شەکری فرەکتۆز و گلوکۆزی تێدایە، ووزەیەکی گەورە بە لەش دەبەخشن، و بە تایبەتی بۆ مێشکی مرۆڤیش خۆراکی سەرەکییە، هەروەها خورما پرۆتین و چەندین ڤیتامینیشی تێدایە لەگەڵ کانزاکانی:صۆدیۆم،پۆتاسیۆم، کالیسیۆم، ئاسن، مەنگەنیز و مسیش، ئەمانە و چەندین ماددەی چالاکی تر کە تازە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا سوودەکان و گرنگییان لە رووی تەندروستییەوە دەردەکەوێت، کەواتە خورما خۆراکێکی کامڵە لە هەموو روویەکەوە بۆ مرۆڤ، نوێترین دۆزینەوە لەم دوایییانەدا لە توێژینەوەیەکدا دەرکەوت سەبارەت بە کاریگەریی خورما لە پاراستنی مرۆڤ لە ژەهراوی بوون، بینراوە لەکاتی ژەهراوی بووندا ئەنزیمەکانی جگەر رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پاراستنی مرۆڤ و رزگار کردنی لەو ژەهرانە و سەرەنجام رێژەیان لە خوێندا بەرز دەبێتەوە و دادەبەزێت تاوەکو ئەو ژەهرە لە لەش نەکرێتە دەرەوە، ئەم ئەنزیمانە ئەگەر رێژەکەیان بەو بەرزییە بمێنێتەوە زەرەر بە خانەکانی لەشی مرۆڤ خۆیشی دەگەیەنن کە پێی دەووترێت ژەهراوی بوونی ناوخۆیی لەش (التسمم الداخلي)، بینراوە کە خورما چەندین ماددە و ئاوێتەی پەلدار و دەرکەری تێدایە (مركبات مخلبية Chelating Agents) کە هەڵدەستن بە گرتنە خۆ و کۆ کردنەوەی ئەو ژەهر و ماددە زیان بەخشانە بە کردارێك کە پێی دەووترێت گرتنە خۆ و زیان نەهێشتن (Chelation) کە پاشان ئەم ئاوێتانە ئەو ژەهرانە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و لە کاریان دەخەن، سەرەنجام دوو ئاکامی دەبێت: یان ئەوەتا دەیان بەن و لەژێر پێستدا کۆیان دەکەنەوە کە زیانی نامێنێت، یان لە رێی کۆئەندامی هەرس و میز لەگەڵ پاشەڕۆکاندا لە لەش دەیان کەنە دەرەوە، کەواتە خورما یارمەتی جگەری مرۆڤ دەدات لە هەستان بە کردارێکی زۆر گرنگ کە بریتییە لە نەهێشتنی کاریگەریی و زیانەکانی ژەهرەکان (Detoxication)، بە تاقیکردنەوە و بەدوادا چوونی حاڵەتەکان سەلماوە کە بەکارهێنانی ٧دەنك خورما رۆژانە بۆ ماوەی ١مانگ دەبێتە هۆی پاراستنی مرۆڤ لە ژەهراوی بوون بۆ ماوەی ساڵێك، کە تێیدا رێژەی ئەنزیمەکانی جگەر بە هیچ شێوەیەك لە راددەی ئاسایی خۆیان بەرز نابنەوە، کەواتە بەکار هێنانی خورما دەبێتە چارەسەر کردنی ژەهراوی بوون و لەهەمان کاتیشدا پاراستنی مرۆڤ لە ژەهراوی بوونی دەرەکی و ناوخۆییش (فَهُوَ وِقايَةٌ وَ عِلاج).

ئەم سیفەتە گرنگ و ناوازەیەی خورما (کە ژەهراوی بوون بە تەواوەتی چارەسەر دەکات) ئەو کەسانەی کە رۆژانە دووچاری ژەهراوی بوون دەبن دەتوانن سوودی لێوەرگرن، بە تایبەتی ژەهراوی بوون بە کانزا قورسەکان وەك: (قوڕقوشم و کادمیۆم) کە دەبنە هۆی ئاکامی زۆر خراپ بۆ سەر لەش، بە تایبەتی تووش بوون بە شکست هێنانی گورچیلەکان (الفشل الكلوي Renal Failure)، ئەمەش لەو کەسانەی کە لە کارگەکانی دروست کردنی پاتری، کیمیایی و پیترۆکیمیایی، دروست کردنی چیمەنتۆ، چاپخانەکان، بۆیاخ چییەکان و هەر کارێکی تر کە مامەڵەی تێدا دەکرێت بە کانزاکانەوە، رۆژانە ئەگەر ٧دەنك خورما بەکاربێنن

ئەوا پێكهاتووەكانی ناو خورما هەڵدەستن بەكرداری‌لابردنی ژەهرێتی (Detoxication) بۆ ئەو كانزایانە و پێكەوە لەگەڵ ئەنزیمە دژە ژەهرەكانی ناو جگەر زەرەریان بۆ لەش ناهێڵن.

لەلایەكی ترەوە خواردنی خورما مرۆڤ لە جۆرێكی تر لە ژەهر دەپارێزێت كە ژەهرێك و زەرەرێكی زیندووە كە ئەویش زیندەوەرە ووردە زیانبەخشەكانی نەخۆشین، چونكە بە تاقی‌كردنەوە سەلماوە كە خورما چەندین ماددەی تێدایە كە گەشە و دابەشبوونی میكرۆبەكان نایەڵێت، لە توێژینەوەیەكدا كە بە هاوبەشی لەنێوان وەزارەتی تەندروستی عێراق و رێكخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)دا سازدرا.

تاقی‌كردنەوە لەسەر خورما كرا بۆ زانینی گونجاویی خورما وەك ناوەندێك بۆ گواستنەوەی میكرۆبی تووش كەری نەخۆشیی كۆلێرا (Cholera)،بەسەرپەرشتی پسپۆڕی نێودەوڵەتی رێكخراوی (WHO) دكتۆر ئۆسكار فیلزنفیلد (كە پسپۆڕە لە نەخۆشی كۆلێرادا).

هەندێك جۆریان لە خورمای ناوبازاڕ هێناو بە میكرۆبی كۆلێرا پیسیان كرد بەرێژەی ١٠٠ بۆ ١٠٠٠جار زیاتر لەوەی لە پیسایی نەخۆشی (كۆلێرا)دا دەبینرێت، بینی‌یان ئەم میكرۆبە كۆما شێوەیەی كۆلێرا (Vibrio Cholera) لە ٣رۆژ زیاتر نەیانتوانی لەسەر خورماكە بژین.

لێرەوە بۆیان دەركەوت كە تەنانەت لە پیس بوونێكی زۆری خورما بە میكرۆبی كۆلێرادا، خورماكە لە ماوەی ٣رۆژدا لەو میكرۆبە خۆی پاك دەكاتەوە، كەواتە خورما دژە میكرۆبیشە•.

لێرەدا كە دەڕوانینە رووداوێكی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) گرنگی ئەم كردارە نایابە و ئامۆژگاری‌یە بەنرخانەی پێغەمبەرمان بۆ دەردەكەوێت، ئەویش لە رووداوی ژەهراوی بوونی پێغەمبەردا بوو بە خواردنەكەی (خەیبەر) وەك ئیمامی (بوخاری) بۆمان دەگێڕێتەوە، پاش ئەوەی موسوڵمانان قەڵای (خەیبەر)یان لە جوولەكە پیلان گێڕەكان پاك كردەوە، ئافرەتێكی جوولەكەی خەڵكی ئەو شارە پێغەمبەری دەعوەت كرد و خواردنی بۆ دروست كرد و بەدیاری بۆی نارد.

ئەوە بوو پێغەمبەریش (علیه الصلاة والسلام) لە رەووشت بەرزیی خۆیدا دەعوەتەكە و خواردنەكەی رەت نەكردەوە، و لەگەڵ كۆمەڵێك لە هاوەڵانیدا لە خواردنەكەیان خوارد، ئەم ئافرەتە لە تۆڵەی كوژرانی كەس وكاری لە جەنگی خەیبەردا ژەهرێكی كوشندەی كرد بەو بزنەوە كە بۆ پێغەمبەر و هاوەڵەكانی برژاند بوو، كاتێك پێغەمبەر و هاوەڵانی كەمێكیان لە گۆشتەكەی خوارد، خوای گەورە وەك موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) شانی بزنەكەی خستە دواندن و بە پێغەمبەری ووت كە ژەهری پێوە كراوە ئیتر وازیان لێهێنا، ژەهرەكە زەرەری بە پێغەمبەر نەگەیاند، كە یەكێك لەو شتانەی (بێجگە لە پاراستنی خودایی) كە نەیهێڵا زەرەری پێ‌بگەیەنێت ئەوەبوو كە ئەو بەیانی‌یە ٧دەنك خورمای شلی خواردبوو، هەروەها لەم رووداوەدا سوننەتێكی بەرز و كردارێكی زۆر سوودبەخشی تری پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) دەبینین، كە وەك زانایانی (سیرة) بۆمان باس دەكەن پێغەمبەر (ﷺ) دوای ئەم رووداوە كەڵە شاخی گرت: ﴿إحتجم رسولُ اللهِ (ﷺ) على الكاهِل، وأمر من أكَلَ مِنها فاحتجم﴾ رواه البخاري، هەروەها فەرمانی بەو هاوەڵانەش كرد كە لە بزنەكەیان خواردبوو كە كەڵەشاخ بكەن، كرداری كەڵەشاخ (الحِجامَة) بریتی‌یە لە گرتنی خوێن لە پێستەوە بە شێوازێك و تەكنیكێكی تایبەت كە چەندین سوودی پزیشكی و تەندروستی گەورەی هەیە وەك لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا دەركەوتووە، یەكێك لەو سوودانە بریتی‌یە لە دەركردنی ئەو ژەهرە كەڵەكەبووانەی ژێر پێستی مرۆڤ، كە وەك باسمان كرد خورماكە رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە دوورخستنەوەی ئەو ژەهرانە بۆ ژێر پێست، و بە كەڵەشاخ گرتنیش مرۆڤ لەو ژەهرانە رزگاری دەبێت، بەڕاستی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) پێشەوا بووە لە هەموو كردارەكانی‌دا و سوننەتەكانی پڕن لە سوود و حیكمەت.

توێژینەوەكان لەسەر سوودی خورما بۆ پاراستنی مرۆڤ لە ژەهراوی بوون لە چەندین شوێنی‌جیهاندا ئەنجام دراوە، لەوانە توێژینەوەكانی زانكۆی (الملك عبدالعزیز) لە وولاتی (سعودیة) و زانكۆی (قاهیرە) لە میصر، شتێكی سەرنج راكێشە كە دەبینین هەندێك لە توێژینەوەكان لەسەر خورما لەلایەن كۆمەڵەی

• بڕوانە كتێبی (نخلة التمر)/ للأستاذ عبدالجبار/ ل٨٤٤–٨٤٥.

(Telepathy)ی بەریتانیەوە ئەنجام دراون، کە کۆمەڵەیەکی تایبەتن بە دیاردەی بیستن و بینین و ئاخاوتن لە دوورەوە (التخاطر عن بعد Telepathy)، یان دیاردەی کرانەوەی بینین و بیستن (الإجلاء السمعي و البصري)، کە بە ووتەی خۆیان مەبەستیان ئەوەیە بگەنە ئاستێك کە بتوانن لە دووری دەیان و سەدان کیلۆمەترەوە بچنە دەرونی کەسانی ترەوە و بیان دوێنن، یان بتوانن لە دوورەوە رووداو و دیاردەکان ببینن، ئەم کۆمەڵەیە لە دەیان زانای ناسراوی بەریتانیا پێك هاتوون و بڵاوکراوەیەکی دەوریان هەیە بەناوی (Telepathy) کە لە بەریتانیا دەردەچێت، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتیش سایتێکیان هەیە کە تا ئێستا زیاتر لە ١٢٠توێژینەوەیان تێیدا بڵاوکردووەتەوە، یەکێك لەو توێژینەوانە کەسێکی جوولەکە پێی هەستاوە بەناوی (گۆڵدمان) ئەویش لەسەر سوودەکانی بەردەوام بوون لەسەر خواردنی ٧دەنك خورمای نەرم، کە گەیشتووەتە هەمان ئەو ئەنجامانەی باسمان کرد دەربارەی پاراستنی مرۆڤ لە ژەهراوی‌بوون،ئەمە شایەتی کەسانێکی ناموسوڵمانە لەسەر راستی‌فەرموودەکانی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام).

پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرموودەی تریشیدا دووبارە تەئکیدی کردووەتە سەر ئەم سوودە گرنگەی خورما: ﴿عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ): العجوةُ مِن الجَنة و هي شِفاءٌ من السم﴾ حديث حسن رواه النَّسائي وابن ماجة، واتە: خورمای شل یان نەرم لە بەهەشتەوەیە و شیفای تێدایە بۆ ژەهراوی بوون، بە شێوەیەکی تایبەت پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) باسی خورمای شاری (مەدینە)ی پیرۆزی کردووە: ﴿عن عائشة (رضيَ الله عَنْها) أن رسول الله (ﷺ) قال: إن في عجوة العالية شِفاء، و إنها تِرياق﴾ رواه مسلم و أحمد، واتە: لە خورمای شاری مەدینەدا شیفا هەیە و چارەسەری تەواوی تێدایە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی فەرموودەکەی سەرەوە کە باسی سوودێکی تری خورما دەکات کە ئەویش بریتی‌یە لە پاراستنی مرۆڤ لە سیحر و جادووگەری، وەك ئاشکرایە سیحر شتێکی هەست پێکراو (ملموس) نی‌یە لە ژیانی رۆژانەدا و گۆڕانکاری راستەقینە دروست ناکات، بەڵکو تەنها چاوبەستێکە و تێکدانی بینینی کەسی بەرامبەرە، وەك خوای گەورە لە باسی ساحیرەکانی فیرعەوندا دەفەرموێت: ﴿فلما ألقوا سحروا أعين الناس و استرهبوهم و جاءوا بِسحرٍ عظيم﴾ الأعراف١١٦، واتە: ئەو ساحیرانە لە بەرامبەرکێیاندا لەگەڵ (مووسا) پێغەمبەردا جادوویەکیان لەچاوی خەڵکی کرد کە بووە هۆی ترساندنی خەڵکی و بە راستی چاوبەستێکی گەورەیان ئەنجامدا، کەواتە سیحر تەنها خەیاڵاتێکە و بەس: ﴿فإذا حِبالُهم و عِصِيهم يخيلُ إليه مِن سِحرهم أنها تسعى﴾ طه٦٦.



دەربارەی ئەم بابەتە جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ توێژینەوەکانی کۆمەڵەی (Telepathy)ی بەریتانی• کە وەك باسمان کرد توێژینەوەکانیان زیاتر لە لایەنە رۆحی‌یەکاندایە.

• لێرەدا پێم خۆشە خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگادار بکەم کە ئەم کۆمەڵەیە پێشەوای موسوڵمانان (عومەری کوڕی خەتتاب)یان کردووە بە رابەر و نموونەی بەرزی خۆیان (Pioneer) واتە ئەو کەسەی کە دەیانەوێت پێی بگەن، چونکە لای ئەمان سەلماوە کە ئیمامی عومەر هەردوو چاوی و بیستنیشی کراوەتەوە و توانیویەتی لە دوورەوە کار لە خەڵکی تر بکات، ئەویش لە رووداوە بەناوبانگەکەی (سارية)دا، کاتێك ئیمامی عومەر نوێژی جومعەی دەکرد بۆ موسوڵمانان لە شاری مەدینە خوای گەورە سوپای موسوڵمانانی لە عێراق پیشاندا کە بە سەرکردایەتی (سارية) بوو و جەنگیان لە دژی فورسەکان دەکرد، ئەوەبوو سوپای فورسەکان تەنگی بە سوپای موسوڵمانان هەڵچنی‌بوو، لەو کاتەدا ئیمامی عومەر بینی لە پشتی سوپای موسوڵمانانەوە شاخێك هەیە، بۆیە هاواری لە (سارية) کرد کە پاڵ بدەن بە شاخەکەوە (يا سارية الجبل) خوای گەورەش دەنگی ئەمی گەیاندە سوپای موسوڵمانان و رزگاریان بوو، خوێنەری ئازیز بروانە ڕێزی پێشەواکانی موسوڵمانان لەلای خەڵکانی ناموسوڵمان و دان پێدانانیان بە پێشەوایەتی‌یان و بەرزی رەووشت و هەڵس و کەوت و ئەو بەرنامەیەشی لەسەری بوون.

بە تایبەتی مرۆڤ چۆن بتوانێت لە دوورەوە بچێتە دەروونی خەڵکانی ترەوە وکاریان تێبکات، ئەم کۆمەڵەیە لە درێژەی توێژینەوەکانیاندا لەسەر خورما بۆیان دەرکەوت کە ئەنجامی هەرس کردنی خورما لە لەشدا ماددەیەك دروست دەکات کە لە ئامێری دۆزینەوەی شەبەنگەکاندا رەنگێکی شین دەدات ، ئەم کردارەیان لە دەرەوەی لەش ئەنجامدا کاتێك ٧دەنك خورمایان هێنا و لە لوولەی تاقیکردنەوەدا کرداری هەرس کردنیان بەسەردا هێنا و بینییان کە دەرەنجامەکەی ماددەیەکی شین دەبێت، ئەم دەرەنجامە شینەی هەرس کردنی خورما لەناو لەشدا هەموو لەش رەنگ دەکات بە شەبەنگێکی شین و هالەیەکی شین (هالة زرقاء) بەدەوری لەشدا دروست دەکات، و بینییان بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢کاتژمێر (سەعات) دەمێنێتەوە، بە تاقیکردنەوەی زانستی سەلماوە کە ئەو چاوەی جادوو و سیحر دەکات دەتوانێت هەموو رەنگێك بمژێت تەنها رەنگی شین نەبێت، و ڕەنگی شین دەبێتە هۆی بەتاڵ کردنەوەی سیحر و توانای جادووگەریی، کەواتە چاوی حەسوود و جادووگەر ناتوانێت رەنگی شین ببڕێت، هەر بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە خورما مرۆڤ لە سیحر و جادووش دەپارێزێت بەهۆی ئەو رەنگە شینەی لە لەشدا دروستی دەکات، لێرەدا با بزانین کە ئەو باوەڕەی کە لەلای هەندێك کەس هەیە کە بەکارهێنانی موور و شتی شین دەبێتە هۆی دوورخستنەوە و پاراستنی مرۆڤ لە چاوپیسی و حەسوودیی، ئەمە شتێکی نادروستە و موسوڵمان دەبێت لێی دوورکەوێتەوە چونکە زەرەری هەیە بۆ بیروباوەڕی، خوا و پێغەمبەری خوداش بە (تمائم) ناویان بردووە و فەرمانیان بە موسوڵمانان کردووە کە لێی دوور بکەونەوە، لە فەرمووودەی پێغەمبەردا (علیه الصلاة والسلام) هاتووە: ﴿إن الرقى و التمائم و التولة شرك﴾ حديث صحيح رواه أحمد وأبو داود وابن ماجة، واتە: نوشتەی ناشەرعی و مووروی شین و نوشتەی خۆ خۆشەویست کردن هەموویان شیرك و هاوەڵ دانانە بۆ خوای گەورە، کەواتە دەبێت موسوڵمان ئاگادار بێت و تەنها ئەو رێگە دروستانە بگرێتە بەر بۆ خۆپاراستن کە خوا و پێغەمبەرەکەی بۆیان دیاری کردووە و هەر ئەوانیش سوودی تەواوەتییان تێدایە.

سەبارەت بە ماددەی دووەم کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) لە چێشتەنگاودا لەگەڵ خورمادا تێکەڵی دەکردن و دەیخواردن کە بریتییە لە شیری ئاژەڵ، سوودەکانی لای کەس شاراوە نییە و پێغەمبەریش لە چەندین فەرمووودەی تردا هانی موسوڵمانانی داوە کە شیری ئاژەڵی بخۆنەوە و بەردەوام بەکاری بێنن، سەبارەت بە شیری مانگا دەفەرموێت: ﴿إن الله (عزوجل) لم يضع داءً إلاّ وضع له شفاء، فعليكم بألبان البقر فإنها ترم من كل الشجر﴾ رواه أحمد و النسائي و البغوي، واتە: خوای گەورە هیچ دەردێکی دانەناوە ئیللا بێگومان چارەسەریشی بۆ داناوە، ئێوەش شیری مانگا بەکاربێنن چونکە ئەو لە هەموو دارێك دەخوات، مەبەستی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) ئەوەیە کە ئەو مانگایە کە لە هەموو دارێك دەخوات دوایی پوختەی هەموو ئەو دارانەت بۆ دەکات بە شیر، کە تۆش شیرەکە بخۆیتەوە سوود وەردەگریت لە پێکهاتەکانی هەموو ئەو دار و رووەکانەی کە مانگاکە لێی خواردووە، هەروەها چەندین فەرمووودەی تر هەیە کە باسی شیری ووشتر، شیری مەڕ، شیری بزن و سوودەکانیان دەکات و تەنانەت هانی موسوڵمانان دەدات کە بە دیاری بینێرن بۆ برا موسوڵمانەکانی تریان، بەهۆی ئەم ئامۆژگارییانەی پێغەمبەر (ﷺ) شیر خواردنەوەی سەرەکی بووە لە ووڵاتی موسوڵماناندا و لە دەیان فەرمووودەدا هاتووە کە هەر کاتێك پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) دەچووە ماڵان شیریان بۆ دەهێنا و ئەویش لێی دەخواردەوە و دەیدا بە هاوەڵەکانیشی بۆ ئەوەی بیخۆنەوە و دوعای بەرەکەتی بۆ ئەو ماڵە دەکرد.

شیری وەرگیراو لە ئاژەڵ لە رووی بایۆلۆجییەوە کاملترین خۆراکە بۆ مرۆڤ، هیچ خۆراکێکی تر ناتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ شیردا لە رووی بەها خۆراکییە بەرزەکەیەوە، لەبەرئەوەی هەموو ماددە خۆراکییە پێویستەکانی بۆ لەشی مرۆڤ تێدایە، و بۆ هەموو تەمەنێك پێویستە، چ لە منداڵیدا یان کاتی گەنجێتی و هەروەها بۆ بەتەمەندا چووانیش، شیر پێك دێت لە: پرۆتینەکان، ترشەڵۆکە چەورییەکان، ماددەی شیرینی و کاربۆهیدرات (بە تایبەتی شەکری شیر یان لاکتۆز)، ئاو، کانزاکان: کالیسیۆم (کە شیر سەرەکیترین سەرچاوەیئەم کانزایەیە)، پۆتاسیۆم، صۆدیۆم ودەیان کانزای جۆراوجۆری تر، ڤیتامینەکانی: (K, E, D, C, B2, B1, A)، ئەنزیمی یارمەتیدەری هەرس کردن و.... هتد*.

---

* بڕوانە بڵاوکراوەی (دەستەی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا لە رابیتەی جیهانی ئیسلامی) دەربارەی (شیر و هەنگوین)/ ل ٦٣ – ٦٤.

كەواتە ئاشكرایە كە شیر هەموو ماددە گرنگەكانی بۆ لەشی مرۆڤ تێدایە، لێرەدا پێم خۆشە فەرموودەیەكی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) بهێنینەوە كە ئاماژەی بەم راستییە داوە: ﴿عن ابن عباس (رَضِيَ الله عنهما) قال: قال رسول الله (ﷺ): **ليس يجزيءُ مكانَ الطعـامِ و الشرابِ إلاّ اللبن**﴾رواه أحمد و أبو داود وابن ماجة و الترمذي وقال: حديث حسن، وفي رواية: ﴿**ما أعلم شراباً يجـزيءُ عـن الطعامِ و الشرابِ غير اللـبن**﴾، واتە: هیچ خواردنێك نییە یان هیچ خواردنێك نازانم كە جێی خواردن و خواردنەوە بگرێتەوە بە تەواوەتی غەیری شیر نەبێت، بەڕاستی ئاماژەیەكی سەرسوڕهێنەرە و زانستی ئەمڕۆش هەمان ووتەی هەیە.

لێرەدا بە ئاشكرا پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) ئاماژەی داوە بە بەهای بەرزی خۆراكیی شیر لە كاتێكدا كە هیچ كەسێكی تر پێكهاتەی شیر و ئەو ماددانەی كە تێیدایە نەدەزانی، باشە كێ پێغەمبەری لەم راستییانە ئاگادار كرد لە رۆژگارێكدا كە مەحاڵ بووە مرۆڤ بگاتە ئەو راستییانەی ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین، ئەویش پاش گەشتێكی دوور ودرێژ لە توێژینەوە و تاقیكردنەوە، تەنها دەتوانین بڵێین كە ئەمە نیگای دروستكەری مرۆڤ و بوونەوەرە بۆ پێغەمبەرەكەی، كە ئاگاداری خودایی دەوری پێغەمبەرە ئازیزەكەی و شوێنكەوتووانی داوە ئەگەر شوێن شەریعەتەكەی و ئامۆژگارییەكانی بكەون كە وەك دەبینین خێری دونیایی و بەهێزی لاشە و عەقڵیشیانی تێدایە و لە دوارۆژیشدا بەهۆیەوە سەرفراز و سەركەوتوو دەبن.

لەگەڵ ئەمانەی كە باسمان كرد شیر پارێزگاریشی تێدایە بۆ مرۆڤ لە چەندین نەخۆشی: لە توێژینەوەیەكدا كە لە زانكۆی (كالیفۆرنیا) لە ئەمریكا كرا، ئەنجامی توێژینەوەكە پزیشكی سەرپەرشتیار ئامۆژگاری خەڵكی دەكات بە خواردنەوەی ٢-٣كووپ لە شیری كەم چەوری رۆژانە بە مەبەستی پاراستنیان لە شێرپەنجەی قۆڵۆن (سرطان القولون)، كە ئەم كاریگەرییەی شیر دەگەڕێتەوە بۆ بوونی كالیسیۆم و ڤیتامین (D) تێیدا بە بڕێكی زۆر، لە ئوستورالیاش توێژینەوەیەكی تر كرا لە ساڵی (١٩٨٧) كە تێیدا گەیشتنە هەمان ئەنجام كە شیر مرۆڤ دەپارێزێت لە تووشبوون بە شێرپەنجەی (قۆڵۆن و ڕێكە)، لە یابانیش توێژینەوەكان ئاماژە بەوە دەدەن كە خواردنەوەی شیر رۆژانە تووش بوون بە شێرپەنجەی گەدە (سرطان المعدة) كەم دەكاتەوە، لەناو خەڵكیدا وا باوە كە خواردنەوەی شیر دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی ئازاری هەوكردنی گەدە (قورحەی گەدە).

زانایان لە زانكۆی (نیویۆرك) گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كە شیر ماددەی (پرۆستاگلاندینProstaglandin)ی تێدایە كە مرۆڤ لە تووش بوون بە قورحە دەپارێزێت، لێرەوە گەیشتنە ئەو راستییەی كە شیر مرۆڤ لە تووشبوون بە قورحە دەپارێزێت نەك چاكی بكاتەوە، ئەمەی باسكرا ئاشكرا كردنی هەندێك بوو لە نهێنی سوودە گەورەكانی شیری ئاژەڵی كە وای لێدەكات كە یەكێك بێت لە كامڵترین و تەندروست ترین خۆراك بۆ ژیانی رۆژانەی مرۆڤ.

یەكێكی تر لە عادەت و خووە تەندروستییەكانی پێغەمبەر (ﷺ) -وەك لە فەرموودەكاندا هاتووە- ئەوەبووە كە هەموو رۆژێك دوای نوێژی عەسر یەك كەوچكی گەورە لە زەیتی زەیتوون كە دوو تنۆك (سركە)شی تێدەكرد و بەپارچەیەك لە نانی جۆوە دەیخوارد.

لە فەرموودەیەكدا هاتووە: ﴿**عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: لقد مات رسول الله (ﷺ) و ما شبع من خبزٍ و زيت في يومٍ واحدٍ مرتين**﴾ رواه مسلم، واتە: عائشەی خێزانی پێغەمبەر بۆمان دەگێڕێتەوە كە: پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) هەتا وەفاتی كرد لە رۆژێكدا دوو جار تێری نەخوارد لە نان و زەیتی زەیتوون، ئەمە (تواضع)ی پێغەمبەر بووە، بەڵام لە رۆژێكدا بە لایەنی كەمەوە یەك جار ئەو كارەی كردووە، لێرەدا دەبینین پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) ٣ماددەی خۆراكیی گرنگی كۆكردووەتەوە: (زەیتی زەیتوون، سركە، نانی جۆ) كە هەر سێكیان مایەی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی زۆرێك لە زانایانی رۆژگاری ئەمڕۆن لەبەر سوودە زۆرەكانیان.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەبەر پیرۆزی داری زەیتوون سوێندی پێدەخوات ﴿**و التين والزيتون**﴾التين١، هەروەها لە ئایەتێكی تردا بە ئاشكرا باسی پیرۆزیی داری زەیتوون دەكات و دەفەرموێت:﴿**شجرةٍ مباركةٍ زيتونةٍ**﴾ النور٣٥، واتە: لە دارێكی پیرۆزەوە كە داری زەیتوونە، هەروەها پێغەمبەر خۆیشی دەفەرموێت: ﴿**كُلُوا الزيت و أدهنوا به فإنه من شجرةٍ مباركة**﴾

رواه أحمد والترمذي وقال الحاكم صحيح الإسناد ووافقه الذهبي، واتە: ئێوە لە زەیتی زەیتوون بخۆن و بۆ پێستیشتان بەکاری بێنن لەبەرئەوەی لە دارێکی پیرۆزەوەیە، بەری زەیتوون ٧٠٪ی پێکهاتووە لە زەیت کە ئەم زەیتە لە گلیسریدات و ترشەلۆکی چەوریی ناتێر پێك هاتووە کە بە ڕێژەیەکی زۆر بریتییە لە ترشە چەوری ئۆلیك (Oleic acid) کە نزیکەی ٨٣٪ ی ڕۆنی زەیتوون پێکدەهێنێت، پرۆتین (١٪) و چەوری تریشی تێدایە، ٤٪ کاربۆهیدرات، هەروەها ماددەی (کارۆتین) کە دروستکەری ڤیتامین (A)یە و ڤیتامین (E)ی تێدایە، هەروەها کانزاکانی وەك: کالیسیۆم، پۆتاسیۆم، صۆدیۆم، ئاسن، مەگنیسیۆم، فۆسفۆر، مس، گۆگرد و چەندینی تر.

تا ساڵی ١٩٨٦ هیچ کەسێك لە ئەوروپا و ئەمریکادا گوێی نەدەدا بە زەیتی زەیتوون، تا ئەوەبوو پزیشك (د. گراندی) لە ساڵی ١٩٨٥دا ئەنجامی توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا سەلماندی کە زەیتی زەیتوون ڕێژەی کۆلیسترۆل لە خوێندا دادەبەزێنێت، ئیتر لێرە بەدواوە گرنگییەکەی دەرکەوت و چەندین توێژینەوەی تر ئەنجام درا و بە تەواوەتی گرنگی و پیرۆزیی ئەم دارە و زەیتەکەی دەرکەوت، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ١٦کەس لە زانا ناسراوەکانی زانستی پزیشکی لە جیهاندا لە شاری (ڕۆما)ی ئیتاڵیا کۆبوونەوە بە مەبەستی دەرکردنی چەند بڕیارێك و ئامۆژگارییەکی یەکگرتوو دەربارەی زەیتی زەیتوون، ئەم زانایانە ئامۆژگارییەکانیان دەرکرد کە لە ٣٠لاپەڕە زیاتردا بوو، تێیدا هاتووە: خواردنی زەیتی زەیتوون دەبێتە هۆی پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشییەکانی خوێنبەرەکانی دڵ و بەرزبوونەوەی فشاری (پەستانی) خوێن و نەخۆشی شەکرە و قەڵەوی و ڕێژەی کۆلیسترۆلیش لە خوێندا دادەبەزێنێت، هەروەها مرۆڤ لە تووش بوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە (سرطان) دەپارێزێت، لە کتێبی (Heart Owner Handbook)دا کە تازە لە لایەن پەیمانگای (تەکساس) بۆ نەخۆشییەکانی دڵ دەرچووە هاتووە: ئەو کۆمەڵگایانەی کە چەورییە ناتێرەکان (گرنگترینیان زەیتی زەیتوونە) بەکاردێنن کەمترین ڕێژەی نەخۆشییەکانی دڵیان تێدایە لە هەموو جیهاندا، وڵاتەکانی وەك: یۆنان و ئیتاڵیا و ئیسپانیا کە زەیتی زەیتوون چەوری سەرەکییە لە ژیانیاندا کەمترین ڕێژەی نەخۆشییەکانی: خوێنبەرەکانی دڵ و (شێرپەنجەی مەمك) و نەخۆشی خەڵەفاوی(ئەلزایمەرAlzheimer)ی تێدایە، بە تایبەتی دانیشتوانی دوورگەی (کریت) کە تەنها زەیتی زەیتوون وەك چەوری بەکاردێنن، بینراوە لە نێویاندا کەمترین ڕێژەی نەخۆشییەکانی دڵیان تێدایە لە هەموو جیهاندا، ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەیە کە زەیتی زەیتوون لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی چەورییە بەڵام دژی چەوری ترە و لەناویان دەبات، زەیتی زەیتوون دەوڵەمەندە بە ترشەڵۆکی چەوریی ناتێر (Unsaturated Fatty Acids) و ماددەی بەهێزی دژی ئۆکسان (Antioxidants) کە هەردووکیان دژی چەورییە زەرەرمەندەکانن بە تایبەتی (کۆلیسترۆڵ) و ڕێژەکەیان لە لەشدا دادەبەزێنێت.

لە توێژینەوەیەکی نوێدا کە لە گۆڤاری (Atherosclerosis) لە ساڵی ١٩٩٥دا بڵاوکرایەوە، ئەوەی دووپات کردەوە کە بەکارهێنانی یەکەم بڕی زەیتی گوشراو لە زەیتوونەکەوە واتە (زەیتی تازە و سروشتی) و بەدەست گوشراو نەك ئەوەی بەهۆی مادە کیمایییەکانەوە جیادەکرێتەوە (زیت الزیتون البکر Oil Extra Virgin) ڕێژەیەکی بەرزی لە ئاوێتە دژە ئۆکسانەکانی وەك ئاوێتەکانی چەند فینۆڵی (Polyphenolic Compounds)ی تێدایە، و دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە ئۆکساندنی چەورییە زیانبەخشەکان



بە تایبەتی چەوری جۆری چڕی کەم (Low Density Lipoprotein) یان (LDL)، لێرەوە رێدەگرێت لە دروستبوونی نەخۆشی رەقبوونی خوێنبەرەکان (Atherosclerosis) کە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی نەخۆشییەکانی دڵ و دەمارەکانی خوێن و بەرز بوونەوەی فشاری خوێنە، هەروەها لەشیش دەپارێزێت لە زیانەکانی ماددەی (پیرۆکسایدز Lipid Peroxides) کە ژەهراوییە بۆ خانەکانی لەش، ئەم زانیاریانە توێژینەوەیەکی تری هەمان گۆڤار لە ساڵی ١٩٩٦دا دووپاتی کردەوە، لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە گۆڤاری (Lancet) لە دیسەمبەری ١٩٩٩دا بڵاوکرایەوە دەریخست کە رێژەی مردن لە هەژارترین وولاتی ئەورووپادا کە (ئەلبانیا)ی موسوڵمانە زۆر نزمە، کە دەگاتە ٤١کەس لە ١٠٠هەزار کەس لەناو پیاواندا ساڵانە،کە رێژەی مردن لە وولاتێکی دەوڵەمەندی وەك (بریتانیا)دا دەگاتە دوو ئەوەندە، توێژینەوەکە هۆکاری ئەم تەمەن درێژییە لە ئەلبانیای هەژاردا دەگێڕێتەوە بۆ عادەتی خواردنیان کە کەمتر گۆشت بەکاردێنن و زۆرتر سەوزە و میوە و زەیتی زەیتوون بەکاردێنن.

### زەیتی زەیتوون و تووشبوون بە شێرپەنجە (سرطان):

شێرپەنجە بەرپرسە لە یەك لەسەر پێنجی حاڵاتی مردن لە ئەورووپادا ساڵانە، بەڵام جیاوازییەکی سەیر هەیە لەم رێژەیە لە نێوان وولاتەکانی باکوور و رۆژئاوای ئەورووپا کە بەرزە لەگەڵ وولاتەکانی باشووریدا کە رێژەکە نزمترە، توێژەرەوەکان ئەم جیاوازییە دەگێڕنەوە بۆ جۆری خۆراك کە لە باشووردا زیاتر میوە و سەوزە و زەیتی زەیتوون بەکار دێنن، لە چەند توێژینەوەیەکدا پەیوەندی بەهێزی نێوان بەکارهێنانی زەیتی زەیتوون و نزمبوونەوەی رێژەی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك و گەدە دەرکەوت، سەبارەت بە جۆری شێرپەنجەی مەمك لە توێژینەوەیەکی زۆر نوێی بڵاوکراوە لە گۆڤاری




Encarta Encyclopedia, Photo Researchers, Inc./Holt Studios International

(Archives of Internal Medicine) لە مانگی ئابی ١٩٩٨دا دەریخست کە: خواردنی کەوچکێکی چێشت لە زەیتی زەیتوون رۆژانە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك دادەبەزێنێت بە رێژەی ٥٠٪، پرۆفیسۆر (ئاسمان) کە سەرۆکی پەیمانگای توێژینەوەی رەقبوونی خوێنبەرەکانە لە زانکۆی (مۆنستەر) لە ئەڵمانیا دەڵێت: خواردنی زەیتی زەیتوون دەتوانێت رێبگرێت لە پەیدابوونی چەندین جۆری تر لە شێرپەنجە، لەوانە: سەرەتانی قۆڵۆن و سەرەتانی منداڵان و سەرەتانی هێلکەدانەکانی ئافرەت، سەبارەت بە شێرپەنجەی منداڵان لە توێژینەوەیەك لە گۆڤاری (بەریتانی بۆ شێرپەنجە)کە لە ئایاری ساڵی ١٩٩٦دا بڵاوکرایەوە دەرکەوت کە ئەو ئافرەتانەی کە بە زۆری زەیتی زەیتوون بەکار دێنن چانس و رێژەی تووش بوون بە شێرپەنجەی منداڵان تێیاندا کەم دەبێتەوە بەرێژەی ٣٠٪.

سەبارەت بە کاریگەریی زەیتی زەیتوون لە نەخۆشی شەکرەدا بە تاقیکردنەوە سەلماوە کە دەبێتە هۆی زیاد کردنی رژاندن و زیاد کردنی سوود وەرگرتنی لەش لە هۆرمۆنی (ئینسۆلین) کە رێژەی شەکر لە خوێندا دادەبەزێنێت، هەروەها زەیتی زەیتوون زۆر بەسوودە بۆ جوان

راگرتنی پێست ئەگەر بە بەردەوامی بدرێت لە پێست، لە توێژینەوەیەکدا کە لە گۆڤاری جیهانی بەناوبانگی (Dermatology Times)ی ژمارەی ئابی ٢٠٠٠دا بلاوکرایەوە ئاماژە بۆ ئەوە دراوە کە بەکارهێنانی زەیتی زەیتوون و دانی لە پێست دوای مەلەکردن و بەرکەوتنی خۆر لەوانەیە مرۆڤ بپارێزێت لە تووش بوون بە شێرپەنجەی پێست لە جۆری رەنگدار (Melanoma)، ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی (Kobe)ی یابانی ئەنجام دراوە.

بە ڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە کە پێغەمبەر (علیە الصلاة والسلام) بە تایبەتی ئاماژە بەوە دەدات کە زەیتی زەیتوون بدەین لە پێستمان: ﴿و أدهنوا به فإنه من شجرة مباركة﴾.

لە چەند توێژینەوەیەکی تردا، لەوانە: (د.سمووت) لە زانکۆی (هاوارد)ی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەریخست کە زەیتی ناتێری وەك (زەیتی زەیتوون و زەیتی گوڵەبەرۆژە و زەیتی ماسی) ڕێدەگرن لە گەشە کردنی میکرۆبی (Helicobacter Pylori) کە هۆکارێکی سەرەکی تووشبوونە بە قورحەی گەدە و هەروەها شێرپەنجەی گەدە، کەواتە زەیتی زەیتوون پارێزەرێکە لە تووشبوون بەم نوخۆشیانە، هەروەها زەیتی زەیتوون دەردانی شیریش زیاد دەکات کە لە توێژینەوەیەکی زانکۆی (بەرشەلۆنە)ی ئیسپانیدا دەرکەوت ئەو دایکانەی زەیتی زەیتوون زۆر دەخۆن شیرەکانیان دەوڵەمەند دەبێت بە چەورییە ناتێرە تەنهاکان (Monounsaturated Fats) کە باشترین جۆری چەورییە کە مرۆڤ و بە تایبەتی منداڵ بیخوات، لە توێژینەوەیەکی تر کە لە گۆڤاری (Am J Clin Nutr) لە نۆڤەمبەری ١٩٩٩دا بلاوکرایەوە رۆڵی زەیتی زەیتوونی دەرخست لە پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشییە رۆماتیزمییەکان بە تایبەتی نەخۆشی لە جۆری (Rheumatoid Arthritis)، هەروەها سەر ژمێرییەکی گۆڤاری (Infectious diseases in Children)ی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٩٨دا دەریخست کە مێرووی ڕشکی سەر (قمل الرأس) سەر لەنوێ لە ئەمریکا لە نیویۆرکەوە تا لۆس ئەنجلۆس بلاوبووەتەوە و زیاد لە ١٢ملیۆن منداڵ تووشی بووە و توێژینەوە زۆرەکانی زانکۆی (Hebrew University)ی ئەمریکا دەریخست کە لێدانی زەیتی زەیتوون لە قژی سەر بۆ ماوەی چەند سەعاتێك ئەم مێرووە لەناودەبات، بۆیە پزیشکان ئامۆژگاری تووشبووانیان بەوە کرد کە رۆژانە پاش لێدانی دەرمانی دژی رشك لەسەر، شەویش پێش نوستن زەیتی زەیتوونی لێبدەن تا بەیانی ئەمە دەبێتە هۆی لەناوبردنی مێرووەکان بە تەواوەتی.

ئەگەر باسی ماددەی دووەم بکەین کە پێغەمبەر (علیە الصلاة و السلام) دەیکردە ناو زەیتی زەیتوونەکەوە و دەیخواردن، کە ئەویش سرکەیە (الخل)، لێرەدا موعجیزەیەکی گەورەی تری پێغەمبەرمان بۆ دەردەکەوێت، پێغەمبەر خۆی زۆری حەز لە سرکە بووە و زۆریش بەکاری هێناوە، دەربارەی سرکە دەفەرموێت: ﴿نعم الإدام الخل﴾ رواه مسلم و الترمذي، واتە: باشترین و چاکترین پێخۆر سرکەیە، و في رواية: ﴿اللهم بارك في الخل، فإنه كان إدام الأنبياء من قبلي، و لم يفتقر بيت فيه خل﴾، واتە: خوایە بەرەکەت بخەر ناو سرکەوە چونکە پێخۆری پێغەمبەرانی پێش من بووە، هیچ ماڵێکیش تووشی فەقیری و برسێتی نابێت ئەگەر سرکەی تێدا بێت، هەروەها لە زۆر فەرموودەی تریشدا هاتووە کە پێغەمبەر نانی ژەنیوەتە سرکە و وەکو پێخۆر خواردویەتی، ئەو سرکەیەی کە پێغەمبەر (علیە الصلاة والسلام) بەکاری هێناوە و لە نیوە دورگەی عەرەبیدا هەبووە بریتی بووە لە سرکەی سێو.

دەرەنجامی هەرس کردنی سرکە لەناو لەشدا بریتییە لە ماددەیەك کە بە زاراوەی کیمیایی پێی دەووترێت (Aceto acetate)، شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە ئەگەر بزانین کە سەرەنجامی هەرس کردنی پرۆتینەکان و چەورییەکان و شەکر و کاربۆهیدراتەکانیش هەر بریتییە لەم ماددەیە (Aceto acetate)، کە بریتییە لە ماددەیەکی خاو کە دەتوانرێت جارێکی تر لەمەوە ئەو ماددانە دروست بکرێنەوە، لێرەوە ئەو کەسەی کە سرکە دەخوات ئەگەر بێتو پرۆتین و چەوری و شەکر بۆ ماوەیەکیش نەخوات ئەوا ماددەی (Aceto acetate) کە لە سرکەکەوە بەرهەم دێت لە لەشدا دەگۆڕدرێت بۆ پرۆتین و چەوری و شەکر، و ئەو کەسە هیچ جۆرە نوقسانییەکی لەو ماددانەدا بۆ دروست نابێت، بەڕاستی ووتەکانی پێغەمبەر گشتگیر و پڕ لە مانا و ڕاستی زانستین، کاتێك دەفەرموێت سرکە باشترین پێخۆرە و

هیچ ماڵێك برسی نابێت ئەگەر سركە بخۆن، زۆر لەجێی خۆیدایە و بە شێوەیەكی زانستی سەلماوە كە سركە جێی هەموو خۆراكەكانی تر پڕدەكاتەوە، لێرەدا بابزانین ڕێژەی ئەو سركەیەی كە پێویستە ئەوەندەیە كە كەسێك بتوانێت بیخوات و نەفسییەتی وەریدەگرێت و پێویست ناكات كە زۆر لەخۆی بكات بۆ خواردنی.

ئێمەی موسوڵمان بە تەواوەتی لە سوود و گرنگییەكانی سوننەتەكانی پێغەمبەر (ﷺ) نەگەیشتووین، بەڵام بابزانین خەڵكانی تر دركیان بەم سوودە گەورانە كردووە، هەربۆیە لە زۆرێك لە چێشتخانەكانی ئەورووپادا وەك عادەتی لێهاتووە كە پێش خوارن زەیتی زەیتوونت بۆ دێنن كە بڕێك سركەیان كردووە بەسەریدا، بۆ ئەوەی بەم خواردنە بەسوودانە دەست پێبكەیت؟!

لە سوودەكانی سركە لە رووی تەندروستییەوە بینراوە كە دەبێتە هۆی چالاك كردنی خوێنبەرەكانی لەش و بەرگرییان لە دژی نیشتنی چەوری لە دیوارەكانیاندا و رەق بوونیان زیاد دەكات، واتە گورج وگۆڵكەری خوێنبەرەكانە، كەواتە ئەگەر زەیتی زەیتوون و سركە ئاوێتەی یەك بكەین و پێكەوە بیانخۆین كارێكی زۆر گەورەمان بۆ دەكەن، چونكە زەیتی زەیتوون چەورییە بەسوودەكان لە لەشدا زیاد دەكات• كە هەڵدەستن بە ڕامالینی دیواری خوێنبەرەكان و لە چەورییە زیان بەخشەكان پاكیان دەكەنەوە، پاشان رۆڵی سركە دێت كە ئەمیش خوێنبەرەكان گورج دەكات و نایەڵێت چەوری لە دیوارەكانیدا بنیشێت، ئەگەر بێتو كەمێكیش نیشتبێت ئەوا دەیان توێنێتەوە و دەیانخاتە سووڕی سەرف كردن و پێكهێنانی خۆراكەوە لە لەشدا و زەرەیان ناهێڵێت، كەواتە ئەم دوو ماددەیە باشترین تێكەڵەن بۆ پاراستنی مرۆڤ لە یەكەم كوژەر و لەناوبەریان كە نەخۆشییەكانی دڵ و لوولەكانی خوێنە.

هەروەها سركە زۆر بەسوودە لە چەندین نەخۆشیدا، وەك: ژەهراوی بوون بە ماددە تفتەكان چونكە خۆی ماددەیەكی ترشە و لەگەڵ تفتەكەدا یەكدەگرێت و كاریگەری ناهێڵێت و دەبن بە خوێ و ئاو، هەروەها لە كەم كردنەوەی (تا)دا ئەگەر لەگەڵ ئاودا قوماشێكی پێ تەڕ بكرێت و بۆ نەخۆشەكە بەكاربهێنرێت، گیراوەی ئاو و سركە دەتوانرێت بۆ كەم كردنەوەی ئازاری جومگەكان و ئێسقانیش بەكاربهێنرێت ئەگەر بێتو وەك كەمادات دانرێت لەسەر شوێنی ئازارەكە، لە كتێبی خۆراكی كامڵ (التغذیة الكاملة) ی پزیشكان (سیریل سكۆت و مۆریس هانس)دا هاتووە:

(سركە هەموو زیندە چالاكییەكانی لەش گورج دەكات و بەكاردێت بۆ پاراستنی مرۆڤ لە قەڵەوی و هەوكردنی قوڕگ و رێڕەوی سەرەوەی هەناسەدانی مرۆڤ، هەروەها بۆ دابەزاندنی كێشی زیادە و ئەگەر غەرغەرەی پێبكرێت ناودەم و قوڕگ لە میكرۆب پاك دەكاتەوە، ئەگەر بخورێتەوە ناو ریخۆڵەكانیش لە میكرۆبی زیانبەخش پاك دەكاتەوە)، لە كۆتاییدا نووسەرەكان دەڵێن: (سركە دەبێتە هۆی كردنەوەی لاپەڕەیكی نوێ و زۆر نایاب لە ژیانی مرۆڤدا).

ئەگەر بچینە سەر باسی سێیەم ماددە كە پێغەمبەر (علیە الصلاة والسلام) دوای عەسر بەكاری دەهێنا كە ئەویش (نانی جۆیە) شتی سەیرتر و گەورەتر دەبینین.

لە سەردەمی پێغەمبەردا و لە نیوە دورگەی عەرەبیدا نانی جۆ ناسراو بووە و خەڵكی بۆ خواردن بەكاریان دەهێنا، لە چەند فەرموودەیەكی پێغەمبەردا (علیە الصلاة و السلام) باسی نانیجۆ كراوە كە پێغەمبەر (ﷺ) بە پێخۆری ترەوە دەیخوارد، ﴿عن یوسف بن عبدالله بن سلام (رَضِيَ الله عنهما) قال: رأیت النِبي (ﷺ) أخذَ كِسرةً مِن خبز الشعیر فَوضع علیها تمرةً و قال: هذا إِدام هذا﴾ رواه أبوداود، واتە: هاوەڵێكی پێغەمبەر (علیە الصلاة و السلام) دەڵێت: پێغەمەرم (ﷺ) بینی پارچەیەك (نانی جۆ)ی پێبوو كە خورمایەكی خستە سەر و فەرمووی: ئەمە پێخۆری ئەوە.

(فاطمة)ی كچی پێغەمبەر (رەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: (رۆژێك

---

• لە لەشدا دوو جۆر چەوری هەیە لە رووی سوودەكان و زیانەكانیانەوە: چەورییە زیان بەخشەكان وەك: ١–چەورییە چڕی نزمەكان (Low Density Lipoprotein) یان (LDL) و كۆلیسترۆل كە ئەمانە لە خوێن بەرەكاندا دەنیشێن و رەق بوونی خوێنبەرەكان و نەخۆشییەكانی دڵ دروست دەكەن، ٢–چەورییە بەسوودەكان كە چەورییە چڕی بەرزەكانن (High Density Lipoprotein) یان (HDL) كە ئەمان لە خوێنبەرەكاندا نانیشن بەڵكو خوێنبەرەكان لە چەورییە زیان بەخشەكان پاك دەكەنەوە.

پارچەیەك نانی جۆم برد بۆ پێغەمبەر (علیه الصلاة و السـلام)، ئـەویش وەری گـرت و خـواردی و پاشان فـەرمووی: ئەمە تـەنها خواردنێکـە کـە باوکـت خواردوویەتی لـە ماوەی ٣ڕۆژدا) رواه أحمد و الطبراني، هەروەهـا زۆر جار کە پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) کە بانگ دەکرا بۆ نان خواردن نانی جۆیان بۆ دەهێنا، ئـەویش بـە کامـەرانی‌یەوە دەیخوارد و دوعای خێری بۆ ماڵەکە دەکرد.

زانستی ئەمڕۆ زانیاری زۆر سوود بەخشی دەربـارەی نـانی جـۆ دەر خستووە،توێژینەوەکان سەلماندوویانە کـە (جۆ) ڕێژەی کۆلیسترۆڵی ناوەکی (کە لـەش خۆی دروستی دەکات) لـە خوێندا دادەبەزێنێت، ئەویش لەڕەی تێکدانی دروستکردنی کۆلیسترۆل لە جگەردا، گۆڤاری (Lipids) لە ساڵی ١٩٨٥دا توێژینەوەیـەکی پسپۆڕانی بەشی زانستی کشتوکاڵی ئەمریکی بڵاوکردەوە کـە دەڵێـت لـە (جۆ)دا ٣مادده هەیە کە هەر سێکیان ڕێژەی کۆلیسترۆل لـە خوێنـدا دادەبـەزێنن، تەنانـەت کۆمپانیایـەکی دروسـت کردنـی دەرمان کەپسوولێك دروست دەکات کـە (جۆ)ی تێدایە و بـۆ دابەزاندنی چەوری خوێن بەکاردێت، هـەروەها ٨٪ی (جۆ) لـە ریشـاڵ پێکهاتووە کە زۆر سوودمەندە ئەگەر بە کەپسوول بدرێت بەو کەسانەی قـەبزی‌یان هەیـە، و پێویستە ئاردی جۆکە بە توێکڵەکەیەوە بخورێت نەك لێی جیابکرێتەوە.

لە چەند توێژینەوەیەکی زانکۆی (ویسکۆنسن)ی ئەمریکی‌یەوە دەرکەوت کـە (جۆ) چالاکی کیمیایی دژی شێرپەنجەی هەیە.

## ( ٨ هەفتە ) بۆ گەیشتن بە تەندروستی‌یەکی نموونەیی:

ئەمـە ناونیشـانی کتێبێکـە کـە زانای خۆراکـزانی ئەمریکی ئەندریا وایـڵد (Andrea Wild) بە زمانی ئینگلیزی دایناوە، ناونیشـانی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی بریتی‌یە لـە (8 Weeks to Optimum Health)، ئـەوەی سـەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کـە (ئەندریا وایڵد) لەگـەڵ ئەوەشدا کـە موسوڵمان نەبووە بەڵام ناونیشـانی ئـەم کتێبـەی لـە فەرموودەیـەکی پێغـەمبەرەوە (ﷺ) وەرگرتووە!: ﴿عن عـروة بن الزبیـر (رضي الله عنهما) أن عائشة (رَضِيَ الله عنها) قالت: و الله یا ابن أختي، إنا كُنا لننظر إلى الهلال ثُم الهلال ثَلاثةُ أهلة في شهرين، و ما أوقد في أبیاتِ رسول الله (ﷺ) نار، قال عروة: قلت: یا خالـة، فما كان عیشكم؟ قالت: الأسـودان، التمر و الماء﴾رواه مسلم، واتە: عائیشەی خێزانی پێغـەمبەر (علیه الصلاة والسلام) دەڵێت: سوێند بەخوا ئێمە مانگ و مانگ سێ مانگی (یەك شەوە)مان دەبینی لە ٢مانگدا (واتە ٨هەفتە بە نزیکی)، کە لەهیچ یەکێك لە ماڵەکانی پێغەمبەردا ئاگری چێشت لێنان نەدەکرایەوە، (عـوروە) لێی پـرسی: پووری ئەی ئێوە لەسەر چی دەژیان؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: لەسـەر دوو شتە رەشەکە: خورما و ئاو.

(ئەندریا وایـڵد) پێش دانانی کتێبەکەی ئەم فەرموودەیەی کرد بە پێوەرێك بۆ خۆی و لەسـەر ئـەم بناغـەیە پرۆگرامێکی دانا بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەی ئێسك (Osteosarcoma) کە خۆی تووشی‌بوو بوو، ئەویش پاش ئەوەی کە بێئومێد بوو لە چارەسەرە پزیشکی‌یەکانی‌تر، لە پرۆگرامەکەی‌دا بێجگە لە خورما چەند خواردنێکی تری سوننەتیشی بەکار دەهێنا، وەك: زەیتی زەیتوون و سرکە، لە کتێبەکەی‌دا سەرەتا ڕاڤەی فەرموودەکە دەکات لە ڕووی زانستی‌یەوە و دەیسەلمێنێت کە ئەگەر مرۆڤ ڕۆژانە بە تەنها خورما و ئاو بەکار بهێنێت زۆر تەواوە و هەموو پێویستی‌یەکانی لەش دابین دەکات و تووشی نوقسانی نابێت لە خۆراکدا، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆریش خۆراکی تر بەکار نەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خورما هەموو مادده خۆراکی‌یەکانی تێدایە، بەم شێوەیە: ٢,٢٪ی بریتی‌یە لە ئاو، ٨٧,٤٪ی کاربۆهیدرات و شەکرە، ٢,٨٪ی بریتی‌یە لە چەوری، ٢,١٪ی پرۆتینە، ٥,٥٪یشی ریشاڵە، هەروەها ڕێژەیەکی زۆر باشیشی لە ڤیتامینەکان بە تایبەتی ڤیتامین (A) و (B1, B2)ی تێدایە، کە بە تاقیکردنەوە زانستی‌یەکان سەلماوە، لەلایەکی تریشەوە هەموو کانزا گرنگ و پێویستەکانیشی بۆ لەش تێدایە، بە تایبەتی ئاسن کە خورما بە کانگای ئاسن دادەنرێت، کەواتە خورما خواردنێکی تەواوە لە هەموو لایەکەوە (طعام متكامل)•.

• لێرەدا کە دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)کە زۆر بە جوانی باسی ئەم سیفەتە بەرزەی خورمامان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿لا یجوع أهـلُ بیـتٍ عِندهم تمر﴾ رواه مسلم، واتە:ماڵێك برسی نابن کە خورمایان هەبێت، لەبەرئەوەی کە خورما خواردنێکی گشتگیرە و هەموو شتێکی تێدایە وەك باسمان کرد.

(ئەندریا وایڵد) پاشان باسی سوودەکانی زەیتی زەیتوون دەکات لە ڕێگرتن لە دروست بوون و چارەسەری شێرپەنجەدا، کە یەکێکە لەو ماددانەی کە ئامۆژگاری خەڵکی پێدەکات بۆ گەیشتن بە تەندروستی یەکی نموونەیی، لێرەدا ئایەتێکی قورئانی هێناوە کە خوای گەورە باس و وەسفی زەیتی زەیتوونی تێدا دەکات، ئەویش لە سوورەتی(المؤمنون) ئایەتی (٢٠)دا دەفەرموێت: ﴿و شجرةً تخرج مِن طُور سيناء تنبت بالدهن و صِبغ للآكِلين﴾، موفەسیرەکان دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێن: خوای گەورە باسی ئەو دارە پیرۆزە دەکات کە داری زەیتوونە و لە کێوی (طور) لە ناوچەی (سینا) لە وڵاتی میسر دەردەچێت، ئەم داری زەیتوونە زەیتێك و چەوری یەکی لێوە پەیدا دەبێت کە زۆر بەسوودە ئەگەر بخورێت و زۆر بەسوودیشە ئەگەر بدرێت لە پێست و وەك بۆیەیەك بۆ لەشیان بەکاری بهێنن، وەك پێشتر باسکرا زەیتی زەیتوون ئەگەر بدرێت لە پێست بەجوانی دەیهێڵێتەوە و لە چرچ و لۆچی دەیپارێزێت، لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەزۆری زەیتی زەیتوون بۆ جوان ڕاگرتنی پێست بەکاردێنن، بۆیە لەو وڵاتانە دەبینرێت پیاو و ئافرەتی تەمەن ٨٠ساڵ و بەرەو ژوور پێستیان هەر بەگەنجی ماوەتەوە و بەتەمەنیی پێوە دیار نیە، لە وڵاتانی مەغریبی عەرەبیش (تونس و جەزائیر و مەغریب) وەك عادەت هەموو هەفتەیەك یەك جار هەموو لەشیان بە زەیتی زەیتوون چەور دەکەن، پاشان هەموو لەشیان بە شاشێکی پاك دەپێچن و پێوەی دەخەون و تا بەیانی بەلەشیانەوە دەیهێڵنەوە، بۆیە دەبینرێت کە پێستیان زۆر نەرمە و بە سروشتی دەمێنێتەوە، تەنانەت پیاوانی تەمەن ٩٠ساڵ دەبینیت پێستی وەك پێستی منداڵ نەرم و نیانە، دەتوانین ئەم سوودەمان دەست کەوێت تەنانەت ئەگەر هەموو هەفتەیەك یەك جاریش و بۆ ماوەی ٣٠دەقیقە بەتایبەتی، زەیتەکە بدەین لە دەم و چاومان بۆ هێشتنەوەی بە نەرمی و سروشتییانە، (لێرەدا خوێنەری بەڕێز دەبێت لەوە ئاگادار بێ کە زەیتی زەیتوونی گووشراو بەشێوەیەکی سروشتی بەکار بێنین، نەك ئەوەی بەهۆی ماددە کیمیایی یەکان و لە کارگەکاندا بەهۆی ئامێرەوە جیادەکرێتەوە).

(ئەندریا وایڵد) سەبارەت بەم ئایەتە رایەکی تری هەیە، و لێکدانەوەیەکی گونجاوی تری بۆ هێناوە، دەڵێت: لە زمانی عەرەبیدا ماددەی بۆماوەیی مرۆڤ کە کرۆمۆسۆمەکانە **Chromosomes** بە (صِبْغيّات) ناودەبرێت، من پێم وایە کە ووشەی (و صِبغ للآكِلين)ی ئایەتەکە ئاماژەی تێدایە بۆ ماددەی بۆماوەیی لە لەشی مرۆڤدا، واتە مانایەکی تری ئایەتەکە دەبێت بەوەی کە: زەیتی زەیتوون بەسوودە و پارێزەرە بۆ کرۆمۆسۆمەکانی لەشی مرۆڤ، گەورەترین خەتەرێك بۆ سەر ماددەی بۆماوەیی لە خانەکانی مرۆڤدا بریتییە لە تێك چوونی، و پەیدابوونی خانەی شێرپەنجەیی (سەرەتانی) لێیانەوە، لێرەدا (ئەندریا وایڵد) باسی پەیوەندی نێوان پەیدا بوونی خانە شێرپەنجەیی یەکان و تێك چوونی ماددە بۆماوەیی یەکان دەکات.

خانەی شێرپەنجەیی (سەرەتانی) و دروست بوونی سەرەتان با بزانین لە خانەکانی لەش خۆیەوە دەبێت، و هەموو خانەیەکی لەش لەوانەیە ببێت بە خانەیەکی سەرەتانی، خانەی سەرەتانی خانەیەکی ئاسایی لەشە کە کۆنترۆڵی دابەشکردنی نەماوە و بە بەردەوامی زیاد دەکات و دابەش دەبێت، و بە کاری ئاسایی خۆی هەڵناسێت، و جێی خانە ئاساییەکانی لەش دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی لەناو چوونیان.

هەربۆیە کە لە هەر ئەندامێکی لەشدا بڵاودەبێتەوە دەبێتە هۆی لەکارخستنی ئەو ئەندامە، لە نوێترین دۆزینەوەکاندا دەر کەوتووە کە هۆکارێکی سەرەکی پەیدا بوونی شێرپەنجە بریتییە لە تێکچوونی ماددەی بۆماوەیی مرۆڤ، بینراوە ماددەی بۆماوەیی لە خانە ئاساییەکانی لەشدا کە بریتییە لە کرۆمۆسۆمەکان لە دوو بەش یان دوو پرچ پێکهاتووە، کە ماوەی نێوان ئەم دوو پرچە دیاری کراوە و بریتییە لە ٢٦ Å ئەنگستڕۆم (بریتییە لە یەك لەسەر ملیۆنی میللیمەترێك)، ئەگەر بێتوو ئەم ماوەیە زیاتر ببێت لەم ڕێژەیە (بۆ نموونە ئەگەر بگاتە زیاتر لە Å٣٦ ) ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خانەکە زۆر بەخێرایی دابەش ببێت و کۆنترۆڵی نەمێنێت و ببێت بە خانەیەکی سەرەتانی.

ڕۆڵی پێکهاتەکانی ناو زەیتی زەیتوون لێرەدا زۆر بە تازەیی دۆزراوەتەوە و بینراوە کە ئەو ماوەیەی نێوان پرچەکانی کرۆمۆسۆمەکان ڕاگیر دەکات و نایەڵێت لەوە زیاتر ببێت، هەروەها بینراوە کە کۆتایی ئەم پرچانەی کرۆمۆسۆمەکان لە داخوران دەپارێزێت (کە هۆکارێکی تری تێك چوونی ماددەی بۆماوەییە)، بەڕاستی شتێکی زۆر گەورەیە و لێك دانەوەیەکی جوانە بۆ ئایەتە پیرۆزەکە، و پێش هەموو شتێك دەرخستنی ئیعجازێکی زانستی تری ئایەتە پیرۆزەکەیە.

پاشان (ئەندریا وایڵد) بەردەوام دەبێت لە باس کردنی سوودەکانی زەیتی زەیتوون و لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەگەر بێتوو هەر مرۆڤێك بەردەوام بێت لەسەر خواردن و بەکار هێنانی زەیتی زەیتوون لە ژیانی رۆژانەیدا ئەوا بەهیچ شێوەیەك تووشی نەخۆشییەکی خەتەرناك و لەناوبەر نابێت.

(ئەندریا وایڵد) ئەم کتێبەی بە تەواوەتی بە پشت بەستن بە ئامۆژگارییەکانی قورئان و سوونەتی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) داناوە و لەهەمان کاتدا وەك پرۆگرامێك بۆ چارەسەری شێرپەنجە دیاری کردووە، کە پێش هەموو کەسێك خۆی پێ چارەسەر کردووە، کاتێك کە ئەم ئامۆژگارییە سادە و ئاسانانە: (خواردنی خورما، بەکار هێنانی زەیتی زەیتوون لەگەڵ رۆیشتن رۆژانە بۆ ماوەیەك)ی بەکار هێنا (وەك خۆی دەڵێت) ئەندازەیەك چاك بوونەوە و ساڕێژبوونەوەی نەخۆشییەکەی دەست کەوت کە بە هیچ دەرمانێك ئەو ئەندازە چاك بوونەوەیەی دەست نەکەوت.

لێرەدا (ئەندریا وایڵد) پرسیار دەکات: ئایا (محمد) مامۆستای زانستی خۆراکزانی بووە کە ئەم شتە ووردانە باس دەکات؟ مەگەر هەر ئەوندە بڵێین کە ئەمانە زانیاری کەسێکی سەروو مرۆڤەکانە (کە خودایە) و نێردراوەکەی پێ فێر کردووە.

ئەمە شایەتی کەسێك و زانایەکی ناموسوڵمانە لەسەر راستیی و گەورەیی و ناوازەیی ئامۆژگارییە خوداییەکان و پێغەمبەرییەکان، بەڵام بابزانین ئەم زانایە لەبەر ئەوەی کەسێکی بە ئینصاف و خاوەن ووێژدانە کاتێك بە تەواوەتی راستیی ئەو فەرموودانەی بۆ دەرکەوت لەم ساڵانەی دواییدا موسوڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کرد ﴿ويرى الذين أوتوا العلم الذي أنزل إليك من ربك هو الحق و يهدي إلى صراط العزيز الحميد﴾ سبأ٦.

ئەگەر بەردەوام بین لە باس کردنی سوونەتەکانی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام)، لە فەرموودە صحیحەکاندا هاتووە کە هەموو رۆژێك پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) دوای نوێژی عەسر پێی خۆش بووە ماوەیەك بە پێ بڕوات، وەك پیاسەیەك و وەرزشێکی کەم و بەردەوام بۆ مانەوەی لەشی بە چالاکی.

هەروەها هانی هاوەڵەکانیشی دەدا بۆ ئەوەی زۆر بە پێ بڕۆن بە تایبەتی رۆیشتن بەرەو مزگەوت و نوێژی جەماعەت، لە فەرموودەیەکدا هاتووە: عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن النبي (ﷺ) قال: ﴿ألا أدلكم على ما يمحو الله به الخطايا و يرفع به الدرجات، قالوا: بلى يا رسول الله، قال: إسباغُ الوضوء على المكاره، و كثرةُ الخُطى الى المساجد، وانتظار الصلاة بعد الصلاة، فذلكم الرباط، فذلكم الرباط، فذلكم الرباط﴾ رواه مسلم، واتە: رۆژێك پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) بە هاوەڵەکانی فەرموو: چەند شتێکتان پێ بڵێم کە گوناهتان دەوەرێنێت و پلەتان لای خودا بەرز دەکاتەوە: بە باشی دەستنوێژ گرتن لە کاتی ناڕەحەتییەکاندا، هەنگاونانی زۆر بەرەو مزگەوت، و مانەوە دوای نوێژێك تا کاتی نوێژەکەی تر دێت.

لە فەرموودەیەکی تردا: عن أبي هريره (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ﴿بشر المشائين في الظلم إلى المساجد بالنور التام يوم القيامة﴾ رواه أبوداود و الترمذي و الحاكم و قال صحيح الإسناد ووافقه الذهبي، واتە: مژدە بدەن بەوانەی بە شەو بە پێ دەچن بۆ مزگەوت بەوەی لە رۆژی دواییدا رووناکییەکی تەواویان هەیە، پێغەمبەر خۆی زۆری حەز لە بە پێ رۆیشتن بووە و زۆر بەگورج و گۆڵی و هیممەتیشەوە بە رێدا دەڕۆیشت، ئەبو هورەیرەی هاوەڵی نزیك لە پێغەمبەرەوە بۆمان باس دەکات: (هیچ کەسێکم نەدیوە کە بە ئەندازەی پێغەمبەر بە جوانی و بەخێرایی بڕوات بەرێدا، وەك ئەوەی زەوی بۆی بنوشتێنرێتەوە، ئێمەی هاوەڵان خۆمان ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی پێی بگەینەوە) ئیمامی ئەحمەد و تیرمیذی گێڕاویانەتەوە.

نوێترین بۆچوونە زانستییەکان لەمڕۆدا دەڵێن پێویستە لەسەر مرۆڤ بەردەوام بە چالاکییەکی جەستەیی هەڵسێت، بە لایەنی کەمەوە دەبێت رۆژانە بۆ ماوەی (٢٠-٣٠دەقیقە) بە پێ بڕوات یان رابکات، ئەگەر زانستی پزیشکی تازە گەیشتبێتە ئەم راستییە ئەوا پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) پێش زیاتر لە ١٤٠٠ساڵ هانی مرۆڤی موسوڵمانی داوە کە بەپێ بڕوات رۆژانە، ئەوەتا بە لایەنی کەمەوە موسوڵمان رۆژانە ٥جار بەرەو مزگەوت دەڕوات کە لەوانەیە هەر جارەی چەند دەقیقەیەك بخایەنێت، سەبارەت بە سوودەکانی بە پێ رۆیشتن زانستی نوێ زۆر شتی گرنگی باس کردووە، و ئێستا بەڵگەی زۆر بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی بەردەوام بوون لەسەر چالاکییەکی وەرزشی وەك: بەپێ رۆیشتن یان راکردن یان مەلەکردن، دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تووش بوون بە نەخۆشییەکانی خوێنبەرەکانی دڵ.

(د. حسّان شَمسي باشا) کە پزیشکی پشپۆڕە لە نەخۆشی‌یەکانی دڵ لە کتێبێکی‌دا بەناوی (کیف تقي نفسك من أمراض القلب)دا دەڵێت: (لەرووی زانستی‌یەوە زانراوە کە وەرزشی لاشەیی ڕۆژانە دەبێتە هۆی پاراستنی دڵ لە نەخۆشی لەم ڕووانەوە:

١-ڕێژەی چەوری زیان بەخش (LDL) کەم دەکاتەوە، و ڕێژەی چەوری سوود بەخش (HDL) زیاد دەکات.

٢-یارمەتی دابەزاندنی پەستانی خوێن دەدات لەو کەسانەدا کە نەخۆشی بەرزیی فشاری خوێن یان (ضغط)یان هەیە.

٣-دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێشی زیادەی لەش.

٤-یارمەتی جگەرە کێشەکان دەدات بۆ ئەوەی وازی لێبهێنن.

٥-خەستی خوێن کەم دەکاتەوە.

هەروەها دەڵێت: دەبێت بێ‌گومان بین لەوەی کە بەپێ ڕۆیشتنی ئاسایی جۆرێکی زۆر باشە لە وەرزشی لاشەیی).

لەو خواردنانەی تر کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) عادەتی بووە لە ڕۆژدا بە بەردەوامی بیخوات (گێزەری سوورە).

ئەگەر باسی سوودەکانی گێزەر بکەین لە رووی پزیشکی و تەندروستی‌یەوە، لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ساڵانە وبەردەوام چەندین توێژینەوەی تازە لەسەر گێزە و سوودەکانی دەکرێت، بە توێژینەوە سەلماوە کە گێزەر دوو ماددەی تێدایە کە بەهێزترین ماددەی دژە ئۆکسانن لە جیهاندا، ئەوانیش: کارۆتین (Carotene) و لیکۆبین (Licobene)ن، کرداری ئۆکساندن وەك ووتمان کردارێکی تێکدەر و زیانبەخشە لە لەشدا، دەبێتە هۆی چالاك کردنی کۆلیسترۆل بۆ ئەوەی لە دیواری خوێنبەرەکاندا بنیشێت و پاشان (جلطة) دروست بکات، هەروەها گۆڕانکاری‌یە شێرپەنجە-یی‌یەکان (سەرەتان) خێرا دەکات، کاریگەریی و بەهێزیی کۆئەندامی بەرگری لەشیش کەم دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی پیر بوونی ناوەخت و زوو، ئەم دوو ماددەیە زۆر گرنگن بۆ ئەوەی ئەم کردارە تێکدەرانە نەهێڵن.

لەلایەکی ترەوە (کارۆتین و لیکۆبین) ڕێ‌دەگرن لە کرداری تێکشکاندنی ماددەی بۆماوەیی لە لەشدا، کە لێرەوە ڕێ‌دەگرن لە دروست بوونی خانە سەرەتانی‌یەکان، لە توێژینەوەیەکی نوێی ئەمریکی‌دا دەرکەوت کە بەکارهێنانی ئەم ماددە دژە ئۆکسانانە بە شێوەیەکی زۆر ڕێ‌دەگرێت لە پەیدا بوونی شێرپەنجە (سەرەتان) بە ڕێژەی ٨٥٪، ئەم دوو ماددەیە کارێکی گرنگی تر دەکەن بەوەی کە ڕەگ و ئایۆنە بەرەڵاکانی ناو لەش ( Free Ions & Free Radicals) لادەبەن، ئەم ئایۆنانە چەند پێکهاتەیەکی هایدرۆجینی و ئۆکسجینین کە دەبنە هۆی لەناوبردن و تێك شکاندنی خانەکانی لەش.

هەروەها سوودێکی تری گرنگیان بریتی‌یە لە دواخستن و پەك خستنی دەرکەوتنی نەخۆشی‌یە بۆماوە-یی‌یەکان، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك هەڵگری فاکتەری بۆماوەیی نەخۆشی



شەکرە بێت لەجیاتی ئەوەی لە تەمەنی ٤٠ساڵیدا نەخۆشی‌یەکەی تێدا دەرکەوێت، دەرکەوتنەکەی دوا دەخەن بۆ تەمەنی ٥٠ساڵی، هەروەها گێزەر بەشێکی زۆری لە ریشاڵ پێك هاتووە، کە گرنگی‌یەکی گەورەی هەیە بۆ جووڵەی ریخۆڵەکان و مرۆڤ تووشی قەبزی و گیران نابێت ئەگەر بەردەوام گێزەر بخوات.

لە کۆتایی ڕۆژی‌دا پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) کۆتایی بە خواردنەکانی ڕۆژانەی دەهێنا بە خواردنی نانی ئێوارە کە وەك لە فەرموودەکاندا هاتووە بە زۆری پێك هاتبوو لە شیری ئاژەڵی و پارچەیەك نانی جۆ، پێشتر باسی سوودەکانی ئەم دوو ماددە گرنگەمان کرد، بەڵام سوودێکی گرنگی تریان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە ریخۆڵە گەورەی مرۆڤدا کردارێکی ترشان و تەخەممور دەکەن



بۆ پاشەڕۆکانی مرۆڤ، کە ئەم کردارە زۆر گرنگە بۆ ئەو میکرۆبانەی کە بە هاوژیانی لە ریخۆڵەی مرۆڤدا دەژین، و دەبێتە هۆی دروست کردنی رێژەیەکی زۆرتر لە ڤیتامینەکان لەمانەوە بە تایبەتی ڤیتامین (K).

لە کۆتایی ئەم باسەماندا پرسیارێك دێتە کایەوە: ئایا بۆ پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) بڕێکی دیاری کراوی لەم خواردەمەنی‌یانە دەست نیشان کردووە کە رۆژانە مرۆڤ بیان خوات وەك: (یەك کەوچك هەنگوین، ٧دەنك خورما، یەك کووپ شیر، یەك کەوچکی گەورە زەیتی زەیتوون، دوو تنۆك سرکە... هتد)؟

پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) لەبەر ئەوەی بە وەحی خودایی پشتگیری دەکرا دەیزانی کە رۆژێك دێتە کایەوە کە پێشکەوتنی زانستی و پزیشکی دەگاتە ئەوەی کە بۆ هەر نەخۆشی و ناڕەحەتی‌یەکی دیاری کراو بڕێکی دەستنیشان کراو لە دەرمانی بۆ دادەنرێت، کە پێی دەووترێت دۆز (جرعة Dose)ی دەرمان، کە زۆر گرنگە نەخۆش پێوەی پابەند بێت چونکە لەو بڕە دیاری کراوە کەمتر دەرمان بخوات سوودی تەواوی پێناگەیەنێت، و ئەگەر زیاتریش بخوات ئەوا زەرەری پێدەگەیەنێت، کەواتە ئەم دەستنیشان کردنە بریتی‌یە لە دیاری کردن و ئاماژە پێدان بۆ گرنگی بوونی بڕ (دۆز) بۆ هەموو چارەسەرێك کە مرۆڤ پێویست بکات بەکاری بهێنێت.

ئەمانەی باس کران چەند سوننەتێك و خوویەکی رۆژانەی پێغەمبەرمان بوو (علیه الصلاة و السلام)، کە وەك بۆمان دەرکەوت بە شێوەیەك کە گومانی تێدا نەما کە هەموویان پڕن لە سوود و حیکمەت بۆ ژیانی مرۆڤ، و ئەگەر بە رێك و پێکی جێ بەجێیان بکەین تووشی هیچ جۆرە نەخۆشی‌یەکی ترسناك نابین، کە گەورەیی و ناوازەیی و پیرۆزی‌یان دەردەرخات لە هەموو رووەکانەوە، ئەی مرۆڤ تۆش خۆت لەم سەرچاوە سازگار و باخچە پڕ بەرەکەتە بێبەش مەکە، و بە دەست پێوە گرتنی ئەم پەیامە خێری دونیا و دوارۆژ بۆ خۆت دەست بخە.

## چەند نموونەیەکی تر لە باخی پڕ بەرەکەتی سوننەت:

پێم خۆشە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بە باس کردنی هەندێك لەو میوانە بکەین کە پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) خۆی بە بەردەوامی بەکاری هێناون و هانی ئیماندارانیشی داوە کە خواردنی رۆژانەیان لەمانە بێبەش نەبێت، دیارە سوودی میوە بۆ تەندروستی مرۆڤ لە کەس شاراوە نی‌یە و بەردەوام پزیشکان ئامۆژگاری خەڵکی (بە ساغ و نەخۆشەوە) دەکەن کە رۆژانە میوە بخۆن، پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) چەند میوەیەك هەبووە کە زۆر تەئکیدی لەسەر کردوون و خۆیشی زۆری بەکارهێناون، لەوانە:

(**هەنجیر - التین**): خوای گەورە لەبەر گرنگی و پیرۆزی ئەم میوەیە لە قورئانی پیرۆزدا سوێندی پێ خواردووە و تەنانەت سوورەتێکی قورئان بە ناوی ئەم میوەیەوە ناونراوە، ئەوەتا خوای گەورە لە سەرەتای سوورەتی (التين) هەنجیردا دەفەرموێت: ﴿و التين والزيتون﴾، واتە: سوێند بێت بە هەنجیر و زەیتوون، هەروەها لە پێغەمبەرەوە (علیه الصلاة و السلام) هاتووە: ﴿لو قُلت أن فاكِهةً نزلت مِن الجَنة، لقُلت أنها التين، لأن فاكِهة الجَنة بلا عجم﴾ رواه ابن السني و أورده السيوطي في الجامع الصغير، واتە: ئەگەر بڵێم کە میوەیەك لە بەهەشتەوە دابەزیوەتە سەر زەوی دەڵێم هەنجیرە لەبەرئەوەی میوەی بەهەشت بێ ناووکە، هەروەها زانا (إبن القيم) لە کتێبی (الطب النبوي)دا فەرموودەیەکی پێغەمبەری هێناوە کە دەفەرموێت: ﴿كُلوا التين فإنه يرقع البواسير و يذهب داء الملوك (النقرس)﴾، واتە: ئێوە هەنجیر بخۆن لەبەر ئەوەی کە نەخۆشی (مایەسیری) چارەسەر دەکات و نەخۆشی دەردەشا (داء الملوك) لادەبات.

بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە کە بەو شێوەیە باسی هەنجیر بکات، زانایان لە توێژینەوە دوور و درێژەکانیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە هەنجیر لەبەر ئەوەی زۆر دەوڵەمەندە بە ریشاڵە رووەکی‌یەکان زۆر بەسوودە بۆ نەهێشتنی هۆکاری دروست بوونی (مایەسیری) کە قەبزی و پەستانی بەرزی ناوسکە، تەنانەت دەبێتە هۆی چاك بوونەوەی هەندێك جۆری سەرەتایی لە (مایەسری).

هەروەها بەهۆی توێژینەوە پزیشکی‌یەکان سەلماوە کە نەخۆشی دەردەشا بریتی‌یە لە تێکچوون و هەڵە لە کرداری نواند و بەکار هێنانی خۆراك لە لەشدا، کاتێك ئەو ئەنزیمەی کە ماددەی زانثین (Xanthenes) دەگۆڕێت بۆ ترشی یۆریك (Uric Acid) چالاکتر دەبێت لەو ئەنزیمەی کە کرداری پێچەوانە دەکات، ئەمە دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی ماددەی ترشی یۆریك لە خوێندا و پاشان نیشتنی لە جومگەکاندا و دروست کردنی نەخۆشی دەردەشا، لێرەدا رۆڵی پێکهاتەکانی ناو هەنجیر دێت کە هاوسەنگی دەگێڕێتەوە بۆ ئەم هاوکێشەیە و گۆڕانی ماددەی زانثین بۆ ترشی یۆریك و بە پێچەوانەوە رێکدەخاتەوە و رێدەگرێت لە کەڵەکە بوونی ترشی یۆریك لە لەشدا، کەواتە بە تەواوەتی ئەو هەڵەیە لە نواندنی

خۆراكدا چارەسەر دەكات، بەڵام دەرمانەكانی دەردەشا تەنها بە شێوەیەكی جوزئی چارەسەری نەخۆشییەكە دەكەن و بە تەواوەتی رێ لە كەڵەكە بوونی ترشی یۆریك ناگرن، كەواتە دەرمانەكان تەنها چارەسەری نیشانەكان دەكەن و چارەسەری نەخۆشییەكە بە تەواوەتی ناكەن، بەڵام هەنجیر چارەسەری تەواوی نەخۆشییەكە دەكات، بڕی ئەو هەنجیرەی كە پێویستە بۆ رێگرتن لە دروست بوونی (داء الملوك) بریتییە لە ٣هەنجیر لە هەموو هەفتەیەكدا، وەك لە سوننەتیشدا هاتووە.

یەكێكی تر لەو میوانەی كە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) دووپاتی گرنگییەكەی كردووەتەوە بریتییە لە (هەنار-الرمان)، یەكێك لەو میوە گرنگانەی كە خواردنی بەهەشتی- یەكانە بریتییە لە هەنار وەك لە ئایەتی (٦٨)ی سوورەتی (الرحمن)دا هاتووە: ﴿فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ﴾، واتە: لە ناو بەهەشتدا میوەی جۆراو جۆر هەیە بە تایبەتی خورما و هەنار، لە پێغەمبەریشەوە (علیه الصلاة والسلام) هاتووە: ﴿كُلوا الرمانَ بشحمِهِ فإنه دِباغٌ للمعِدة﴾، واتە: ئێوە هەنار بە ناواخنە سپییەكەیەوە بخۆن چونكە دەبێتە پارێزەرێك بۆ گەدە، هەر بۆیە ئیمامی عەلی (رەزای خوای لێبێت) كە هەناری لەت دەكرد هەموو ناوەكەی دەخوارد بە ناواخنەكەیەوە بۆ جێبەجێكردنی فەرمانی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)، لە نوێترین توێژینەوەدا دۆزرایەوە كە ناواخنە سپییەكەی هەنار ماددەی دژی قەبزی و چارەسەری تێدایە بۆ قورحەی گەدە و دوانزەگرێ، تەنانەت لە توێژینەوەیەكدا ئەو پوختەیەی كە لە ناواخنی هەنارەوە وەرگیرا بەهۆی ئامێری هەناوبین (ناظور) درا لە شوێنی قورحەكان لەناو گەدە و




دوانزە گرێدا، دوایی كە بەدوادا چوون كرا بۆ ئەو نەخۆشانە بە (ناظور) بینرا كە قورحەكانیان بەتەواوەتی چاك بووەتەوە.

## لە كۆتاییدا:

لەمانەی سەرەوە بۆمان دەركەوت ئێستا لە وولاتە رۆژئاواییەكان (ئەوروپا و ئەمریكا) دەیان و سەدان توێژینەوە لەسەر ئەم دەقە قورئانی و فەرموودانە ئەنجام دەدرێن، كە زوربەیان باوەڕیان پێی نییە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتییانیان هەڵ دەستن بە وەرگرتنی ئەو ماددانەی كە لە كەلەپووری ئیسلامیدا هاتووە و توێژینەوەیان لەسەر دەكەن، ئەمەش بۆ زانینی راستیی ئەو سوودانەی فەرموودەكان باسیان كردووە، و كاتێك ئەو شتانەیان لا دەسەلمێت زۆر بە لێبوردوویانە بڵاویان دەكەنەوە و بە جیهانی رادەگەیەنن، ئێستا زۆرێك لەو ماددانە كراون بە دەرمان و لە دەرمانخانەكاندا دەست دەكەون، وگەورەترین سود دەگەیەنن، لەبەرئەوەی (وەك ئاماژەمان پێدا) ئەم ماددانە نەك بە تەنها نیشانەكانی نەخۆشییەكە چارەسەر دەكەن، بەڵكو لە بنەڕەتەوە میكانیزمی نەخۆشی- یەكە چارەسەر دەكەن، ئەمە بریتییە لە زانستی پزیشكیی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) كە تازە زانستی نوێ گەیشتووەتە ئەمە، و دەیەوێت بەو كارە هەستێت كە پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) پێش ١٤٠٠ساڵ باسی كردووە، بەداخەوە دەبووایە ئێمەی موسوڵمان بەم كارە هەستاینایە و ئەم پرشنگە درەوشاوانەمان بە جیهان بگەیاندایە، بەڵام وەك پێغەمبەر خۆی (علیه الصلاة و السلام) باسی كردووە ئەگەر موسوڵمانان بەم كارە هەڵنەستن ئەوا خوای گەورە خەڵكی تر دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دینەكەی خۆی بە هۆی ئەوانەوە سەر بخات، و راستییەكانی بەهۆی ئەمانەوە بۆ جیهان دەربخات، تەنانەت ئەگەر تاوانبار یان كافریش بن ﴿إن الله يؤيد هذا الدين بالرجل الفاجر، وَ رُوِيَ: بأقوامٍ لا خلاق لهم﴾حديث شريف.

## سەرچاوەكان:

١-قورئانی پیرۆز.
٢-تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان/ م.بورهان محمد أمين.
٣-بەرنامەی (بلا حدود)ی كەناڵی (الجزيرة)ی ئاسمانی/ چاوپێكەوتن لەگەڵ (د. عبدالباسط السيد) سەرۆكی بەشی كیمیای ژیانی لە پەیمانگای توێژینەوەی نیشتمانی لە قاهیرە-میصر/ دەربارەی: ئاماژەكانی سوننەت لە بەكار هێنانی خۆراكدا وەك چارەسەر.
٣-بەڵگە ئاشكراكان/ د. كاوە فەرەج سەعدون/ چاپی یەكەم-٢٠٠٥.
٤-زاد المعاد في هدي خير العباد/ دانراوی: إبن القيم الجوزية.
٥-الطب النبوي/ لإبن القيم/ تحقيق و تخريج: عبدالغني عبدالخالق، د. عادل الأزهري، محمود فرج العقدة.
٦-الإعجاز العلمي في السنة النبوية/ د.صالح بن أحمد رضا.
٧-گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە ٨ - ساڵی٢٠٠١/ بابەتی: (زيت الزيتون... أسرار و إعجاز)/ بڵاوكراوەی: (الهيئة العالية للإعجاز العلمي في القرآن و السنة).
٨-گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە ١٥ – ساڵی٢٠٠٣ /بابەتی: (أسرار العسل تتجلى في الطب الحديث)/ بڵاوكراوەی: (الهيئة العالية للإعجاز العلمي في القرآن و السنة).
9-Bacteria can't resist honey: Dixon B.\ Lancet Infect Dis\ Feb 2003.
10-Honey-medicated dressing: Transformation of an ancient remedy into modern therapy\ Ann Plast Surg\ Feb 2003. ■




بسم الله الرحمن الرحيم

*خوای گەورە لە ئایەتی ژمارە (٦)ی سوورەتی (الطور)دا دەفەرموێت: ﴿و البحر المسجور {٦}﴾، (سجر) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (گەرم کردنەوە لە سەر شتێك)دا دێت، خوای گەورە سوێند بە دەریایەکی گەرمکراو دەخوات.

تا ماوەیەکی نزیك پێش ئێستا خەڵکی لە مانای ئەوە تێنەدەگەیشتن کە مانای چییە! خوای گەورە سوێند بە دەریایەکی گەرمکراو دەخوات، و ئەو دەریایە بە چی گەرمکراوە؟ بەڵام لەم دواییانەدا ئەوە بۆ زاناکان دەرکەوت کە لە بنی دەریاکاندا بەردی گەرمی وا هەیە کە هەموو بنی دەریاکانیان گرتۆتەوە، و ئەو بەردانە زۆر گەرمن، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بارێکی هاوسەنگی هەیە لە نێوان گەرمی ئەو بەردانە و ئاوەکەدا بە جۆرێك کە نە ساردیی ئاوەکە بەردەکان سارد دەکاتەوە، و نە گەرمی بەردەکانیش ئاوەکە دەکوڵێنێت، بەڵام هەندێك جار ئەو بەردە زۆر گەرمانە بە شێوەی دەمە گڕکان دەردەپەڕنە دەرەوە بۆ سەر ڕووی ئاوەکە و دوورگەی وەك دوورگەی (هاوای) دروست دەکەن.

*خوای گەورە لە ئایەتەکانی (٧-٩)ی سورەتی (القيامة)دا دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا بَـرِق البصر {٧} و خسف القمر {٨} و جمـع الشمس و القمر {٩}﴾، زاناکان سەلماندوویانە کە مانگ (هەیڤ) ساڵانە (٣سم) لە زەوی دووردەکەوێتەوە،بەوەش ڕووناکییەکەی کز دەبێت و بەرەو نەمان دەڕوات، کە ئەوەش (خَسْف القَمَر) دەبێت، ئینجا هەر بەو پێیە ڕۆژێك دێت کە مانگ دەگاتە بواری هێزی کێش کردنی خۆر، ئەو هێزی کێش کردنەش زۆر زیاترە لە هێزی کێش کردنی زەوی بۆ مانگ، ئەو کاتەش خۆر مانگ هەڵدەلووشێت و قووتی دەدات، واتە مانگ دەکەوێتە نێو خۆرەوە و ئەوەش (جَمْع الشَّمْس وَ القَمَر) دەبێت، ئینجا ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئەو دیاردە سەیر و نامۆیانە بە چاوی سەری دەبینێت ئەبڵەق و سەرسوڕماو دەبێت لەو دیمەنانەی کە هەرگیز پێشتر نە شتی وای دیوە، و نە بە خەیاڵیدا هاتووە، کە ئەوەش (بَرِق البَصر)ە.

*خوای بە توانا لە ئایەتەکانی (١٥-١٦) ی سوورەتی (التكوير)دا دەفەرموێت : ﴿فَـلا أقسِم بِالخُـنس، الجوار الكُنس﴾.

خوێنەری بەڕێزم لەم گەردوونەدا ئەستێرەی وا هەن کە پێشتر ئەستێرەی زەبەلاح بوون، و ئێستاش بوونەتە تەنێکی ئاسمانی زەبەلاح کە بە کونی ڕەش (الثقوب السوداء Black Holes) دەناسرێن، چڕیی ماددەی ئەو کونە ڕەشانە دەگاتە (٢٥٠)هەزار تەن بۆ هەر (١سم٣)، ئەو کونە ڕەشانە هیچ شتێکیان لە دەست دەرناچێت و هەڵی دەلووشن، تەنانەت ڕووناکیش!! ئەو تەنانە بۆ خۆیان تاریك و دەرنەکەوتوون، واتە نابینرێن کە ئەوەش تاماوەیەکی زۆر وایان لە زاناکان کردبوو کە بەد گومان بن لە



بوون یان نەبوونیان، بەڵام لەم دوایییانەدا ئەوە یەکلایی کرایەوە و سەلمێنرا کە بوونی ئەو کونە ڕەشانە ڕاستییەکی زانستیی گەردوونییە و هیچ گومان لە بوونیان ناکرێت، با سەیری ئایەتەکە بکەین: خوای گەورە سوێند بە (الخنس) دەخوات کە لە زمانی عەرەبیدا بەمانی شتێکی زۆر شارراوە و نادیار دێت، (الکُنَّس) بە مانای رووپێو کردن و ماڵین دێت، چونکە ئەو کونە رەشانە لە کاتی جووڵەیاندا هەرچییەك دێتە بەردەمیان و دەگاتە بواری کێش کردنیان ئەوان هەڵیدەلووشن و قووتی دەدەن، کە ئەوەش گسك دان و ماڵینی هەموو شتەکانە، زانایەکی گەردوونی ئەمریکیش بەم جۆرە وەسفی کونی رەش دەکات کە قورئانیشی هەرگیز نەدیوە: (Supper Giant Vacuum Cleaner) واتە: ئەستێرەی زەبەلاحی بۆشایی گسکدەر (وەك گسکێکی کارەبایی زەبەلاح)!!.

*خوای گەورە لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿أو لم يروا أنا نأتي الأرض ننقُصها مِن أطرافِها واللّه يحكُم لا معقب لِحكْمِهِ و هو سريع الْحِسابِ﴾الرعد٤١، هەندێك لە راڤەکارانی قورئانی پیرۆز (ننقُصها مِن أطرافِها) یان بەوە لێك داوەتەوە کە مەبەستی خوای گەورە مردنی زاناکانە و بەوەش زەوی تێك دەچێت، و بچووك دەبێتەوە، هەندێکی دیکەش بەوە لێکی دەدەنەوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە فراوانی بڵاو دەبێتەوە و هەموو سەر زەوی دەگرێتەوە، و خاك و وولاتانی بێبڕواکان بەرەو تەسك بوونە و تیاچوون دەڕۆن.

ئایەتەکە هاوڕێ لەگەڵ ئەو راڤانەدا لێك دانەوەیەکی زانستیش هەڵ دەگرێت، ئەوەش لە سیما بەرزەکانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە، کە هەر پیتێك و هەر ئایەتێکی و هەر هەمووی موعجیزەیە، و ماناکانیان ڕەهاو بێسنوورن و هەموو مانا و راستییەکان دەگرنەوە! لەم دووایییانەدا ئەوە سەلمێنراوە کە شاخ و زنجیرەکانیان و لوتکەکانیان دادەنرێن بە لاکانی زەوی (أطرافها)، ئەوەش سەلمێنراوە کە زەوی لە بچووك بوونەوە و چوونەوەیەکی بەردەوامدایە، ئەوەش بەهۆی ئەو برە ووزە زۆرەی کە لە ناوجەرگەی زەوییەوە دەردەچێت، بەهۆی گڕکان و زەمین لەرزەکانەوە، لەو رووەوە زاناکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زەوی لە سەرەتای درووست بوونییەوە (٢٠٠٠) جار ئەوەندەی ئێستا بووە، لە لایەکی ترەوە هۆکارەکانی رووتەن کردنی چیاکان کارێکی وای کردووە کە ئەو چیایانەی کە لاکانی گۆی زەوین رووتەن بن، بەوەش مانای (ننقصها من اطرافها) روون دەبێتەوە، کە کەم کردنەوەی لاکانی گۆی زەوییە، واتە چیاکان لە سەر حیسابی دەشتاییەکان.

*هەروەها لە ئایەتەکانی (٧-٨)ی سوورەتی (الفجر)دا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إرم ذَاتِ الْعِمادِ، الِتي لم يخلَق مِثْلُها فِي الْبِلادِ﴾، زانایانی مێژوو تا ماوەیەکی زۆری پێش ئێستا بەدگومان بوون لەوەی کە قەومی ﴿عاد﴾ هەبووبن! چونکە ئەوان لە ناوچەیەکی زۆر ووشك و برینگ و بێئاو و بێسەوزاییدا ژیاون، هەزاران ساڵ پێش ئێستا، ئیتر چۆن مرۆڤ لە توانایدا هەیە کە لەو ناوچانەدا بژی و شارستانییەت پێکەوە بنێت ؟!

ماوەیەك پێش ئێستا توانرا زۆر بە ووردی و بەهۆی مانگی دەستکردەوە وێنەی ئەو ناوچانە بگیرێت، لەو وێنانەوە ئاسەواری دوو رووبار دەردەکەون، یەکێکیان لە خۆرئاوا و ئەوی دیکەیان لە خۆرهەڵاتی ئەو ناوچەیەوە دەردەکەوێت، و هەردووکیشیان دەڕژێنە دەریاچەیەکەوە، لە گەشتی وێنەی دیکەی ئەو مانگە دەست کردانەوە دەردەکەوێت کە لە کەناراوەکانی ئەو دوو رووبارەوە شوێنەواری بینا و دامەزراوەی گەورە گەورە دەردەکەوێت، کە لە هەموویان گەورەتر و گرنگتر شوێنەواری قەڵایەکە کە لەسەر ستوون بەرز کراوەتەوە و نموونەی ئەو جۆرە بینایانەش تا ئێستا نەبینراون ﴿إرم ذَاتِ الْعِمادِ، الِتي لم يخلَق مِثْلُها فِي الْبِلادِ﴾.

سەرچاوە: گۆڤاری (حقائق العلم الحديث).



**خوێنەرانی ئازیز .........**

**وەك بەڵێنمان بە بەڕێزتان دابوو لە ژمارە ٦ی گۆڤارەکەتاندا لە لێکۆڵینەوەکەی (د.کاوە فەرەج سەعدون) دەربارەی توێژینەوەکەی بەڕێزان (هێمن محی‌الدین عبدالرحمن و هاوژین م. صالح) لە زانکۆی سلێمانی لەسەر (چالاکی دژە بەکتیری هەنگوین ورەشکە)، ئەوا لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەتاندا بابەتەکەتان بە کورتی بە پێنووسی بەڕێز (هێمن محی‌الدین عبدالرحمن) پێشکەش دەکەین ...**




بسم الله الرحمن الرحيم

**﴿و أوحى ربك إلى النحل أن اتخذي من الجبال بيوتا و من الشجر و مما يعرشون، ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبل ربك ذللاً يخرج من بطونها شراب مختلف ألوانه فيه شفاء للناس إن في ذلك لآية لقوم يتفكرون﴾**

صدق الله العظيم **(النحل ٦٨-٦٩)**

هەنگوین یەکێکە لەو بەخششە گەورانەی کە خوای گەورە داویەتی بە ئادەمیزاد، هەنگوین بەپێی ڕەنگ چەند جۆرێکن: ﴿ زەرد، ڕەش، سپی، قاوەیی زەردباو، و چەند ڕەنگێکی تر﴾، ئەم جیاوازی ڕەنگانەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو شیلەی گوڵانەی کە هەنگەکان دەیمژن، و باشترین جۆری هەنگوین هەنگوینی چیاکانە، لەپاش ئەو ئەوانەی لەناو دارەکاندان.

هەنگوین لە ڕووی پێکهاتەوە دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێك ماددەی بەسوود کە دەورێکی گرنگ دەگێڕن لە چارەسەری گەلێك جۆری نەخۆشی‌دا، هەر بۆیە لە زووەوە بەکار هاتووە بۆ چارەسەری نەخۆشی‌یەکان، لەو پێکهاتە گرنگانەش کە لە هەنگویندایە بریتین لە: ڕێژەیەکی زۆر لە شەکرەکان بە تایبەتی گلوکۆز (Glucose) وەهەروەها ترشی چەوری (**Fatty acid**)، چەوریی (**Lipid**)، ئەنزیمی ئەمایلەیز (**Amylase**) ، و هەروەها (**Ascorbic acid**)، و چەندین پێکهاتەی دیکە.

لە توێژینەوەیەکدا لە زانکۆی (سلەیمانی) کە لەسەر هەنگوین سازدرا، کە هەنگوینەکە بەکار هات وەك دژە بەکتریا (**Antibacterial**)، لەو توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك بەکتریای لە جۆری نەخۆشخەرمان (Pathogenic bacteria) بەکارهێنا کە وەرگیرابوون لە کۆمەڵێك نەخۆشی نەخۆشخانەی فێرکاری سلەیمانی **Teaching hospital of sulaimani** وەك لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| جۆری بەکتریا | پێگە | ڕێژەی سەدیی کاریگەریی (٪) |
|---|---|---|
| *Pseudomonas aeruginosa* | سوتاوی (Burn) | ٪٨٦ |
| *Pseudomonas aeruginosa* | میز (Urine) | ٪٧٢ |
| *Escherichia coli* | میز (Urine) | ٪٧٥ |
| *Escherichia coli* | برین (Wound) | ٪٣٠ |
| *Proteus* | میز (Urine) | ٪٨٧ |
| Staphylococcus epidermidis | برین (Wound) | ٪٤٠ |
| *Staphylococcus epidermidis* | سوتاوی (Burn) | ٪٢٠ |
| *Staphylococcus aureus* | سوتاوی (Burn) | ٪٣٤ |
| *α-hemolytic Streptococci* | سوتاوی (Burn) | ٪٥١ |

لە دوای تاقی کردنەوە لەسەر هەریەك لەو بەکتریایانەی کە بەکار هێنرا، بینرا کە هەنگوینەکە توانیویەتی وەك دژە بەکتریا دەوری خۆی بگێڕێت، و هەندێ لەو بەکتریایانەی کە بەکار هاتبوون بەرگرییان پەیداکردبوو دژی زۆربەی دەرمانی دژە بەکتریاکان (Antibiotic) وبینرا کەهەنگوینەکە کاریگەریی بەهێزی هەبوو لەسەر ئەم جۆرانەش.

هەروەها لە توێژینەوەیەکی تر کە لە لایەن ﴿د. سیروان حەمە شریف﴾ ساز درا بوو لەسەر ٤٣ نەخۆشی نەخۆشخانەی فێرکاری (سلەیمانی) کە نەخۆشییەکانیان جیاواز بوون و هەڵگری چەند جۆرێك میکرۆب بوون، کە چارەسەر کران بە هەنگوین بە ڕێگەی مەڵهەم (Topical) بۆ سەر برینەکانیان کە لە (33.3%) یان بەڕێگەی تر نەگەیشتبوونە چارەسەر بینرا هەموو برینەکان سوودیان وەرگرت و پاکژ بوونەوە بە تێکڕا لە ماوەی (7) ڕۆژدا ، و ئەوەی جێگەی سەرنج بوو بینرا کە برینەکان بەم ڕێگەیە کەمتر هەڵئەئاوسان و هەویان کەمتر دەکرد، و زیاتر ئەهاتنەوە یەك و کەمتر شانەی مردوویان تیادابوو، و زیاتر سارێژ بوون، و لە کۆتاییشدا جێگەی زامەکانیان کەمتر دیار بوو.

ئەوەی زانراوە لەڕووی زانستیەوە ئەو کاریگەرییەی کە هەنگوین هەیەتی لەسەر بەکتریا نەخۆش-خەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ:

١-بوونی ڕێژەیەکی زۆری شەکر تیایدا کە ئەمیش دەبێتە هۆی هەڵ ئاوساندنی (Osmolarity)ی بەکتریاکان، بەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی بەکتریاکان.

٢-(PH)ی هەنگوین ترشە (Acid) کە ڕێژەکەی لە نێوان (PH=3 – PH=4) کە ئەمیش دەورێکی گرنگی هەیە بۆ لەناوبردنی میکرۆبەکان، وهەروەها چالاك کردنی هەندێك خانەی بەرگری کە لە لەشی مرۆڤدا هەیە بەناوی ماکرۆفەیج (Macrophage).

٣-هەروەها هەنگوین دەبێتە هۆی هاندانی کۆمەڵێك لە خانە بەرگرییەکانی لەشی مرۆڤ وەك لیمفە خانەکانی جۆری: T-lymphocyte و B-lymphocyte لە خوێندا و هەروەها هاندان و بزواندنی خانەکانی جۆری (Monocyte) کە ئەمیش خانەی بەرگرییە.

لەکۆتاییدا تەنها ئەوە ماوە بڵێین پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە نیگای بۆ هەنگەکان کرد لە چیاکان و ناو دارەکان و و لەو شوێنانەی کە دەژین شانەکانیان دروست بکەن، و لە شیلەی گوڵە جۆر بەجۆرەکان بخۆن بۆ دروستکردنی ئەو شلە ڕەنگ جیاوازەی کە چارەسەرە بۆ هەموو خەڵکی.

هەروەها بو بەخشینی ئەم هەموو بەخششانە بە مرۆڤەکان بۆ زیاتر بیرکردنەوە و بەئاگاهاتنەوەیان.

و السلام علیکم و رحمة الله و برکاتە.

**تێبینی:**

بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە زیاتر لە (٤٥) سەرچاوە وەرگرتووە کە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا ناوی هەموویان بهێنین.








وەرگێڕانی بۆ کوردی :
فاروق ڕەسووڵ یەحیا
faruq_r@eijazizansti.org

(**تێبینیی وەرگێڕ**):

یەکێك لەو ڕووانەی ئیعجازی قورئان کە مامۆستا نوورسی لە نووسینەکانی‌دا جەختی لەسەر دەکات: جامیعییەتی واتاکانیەتی، کە وشە و، ڕستە و، تەنانەت ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز چەندین واتای جیاجیا هەڵدەگرن، لەو ڕەهەندەوە کە قورئانی پیرۆز گوفتاری خوای گەورەیە ئاراستەی سەرجەم چینەکانی مرۆڤی کردووە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەتا ڕۆژی دوایی. جا ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە لەم ڕۆژگارەدا تەفسیر و واتای زانستیی لێ دەدرێتەوە، ئیعجازێکی زانستیی ئەتۆی لەخۆ گرتووە کە مەگەر کەسێك نکوولی لە ڕاستی بکات دەنا باوەڕ دەهێنێت بەوەی کە ئەم قورئانە جگە لە وەحیی خوای گەورەی بەدیهێنەری گەردوون و زانای ئاشکرا و پەنهانەکان گوفتاری کەسی تر نییە. مامۆستا نوورسیش لێرەدا تەفسیرێکی وای بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە کردووە کە لە جەرگەی ئامانجی هیدایەتبەخشی قورئانەوە سەرچاوە دەگرێت و، لە هەمان کاتدا واتا زانستییەکەی ئەم ڕۆژگارەشی تێدا ڕەچاو کردووە، ئەوەتا بە پوختی ئەو واتا زانستییەی بە شێوەیەکی نزیك لە واقیعە زانستییەکەوە لێکداوەتەوە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە مامۆستا نوورسی ئەم ئاماژە زانستییەی لە ناوەڕاستی ساڵەکانی سیی سەدەی بیستەمدا باس کردووە، لە کاتێکدا کە خودی واتا زانستییەکە لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجای سەدەی بیستەم لە لایەن زانایانی بوارە زانستییەکانەوە باس کراوە ! واتە بیست تا بیست و پێنج ساڵ پێش ئەوەی زانست بە ئامراز و لێکدانەوە تایبەتەکانی خۆی پەردە لەسەر ئەو نهێنییە هەڵبماڵێت، قوتابییەکی قورئان لە ئاماژەیەکی تەفسیرەکەی‌دا ئەو نهێنییەی درکاندووە !

(**وەرگێڕ**)

**بسم الله الرَّحمن الرَّحيم**
**﴿و أنزلنا الحديد فيه بأس شديد و منافع للناس﴾** (الحديد:٢٥)

وەڵامێکی پوخت و یەکجار گرنگە بۆ پرسیارێك کە تایبەتە بەم ئایەتەوە و، کەسێکی گرنگ ئاراستەی کردووە کە خاوەنی زانستێکی فراوانە و، هەندێ لە زانایانیشی پێ ئیلزام داوە.

پرسیار:

**دەووترێت: ئاسن لە زەوی دەردەهێنرێت و لە ئاسمانەوە نایەتە خوارەوە تا بووترێت: ﴿أنزلنا﴾.. ئەی بۆچی قورئانی پیرۆز نەیفەرموو: "أخرجنا" لە بریی: ﴿أنزلنا﴾ کە بە ڕواڵەت لەگەڵ واقیعدا یەك ناگرێتەوە؟!**

وەڵام:

قورئانی پیرۆز بۆیە وشەی: ﴿أنزلنا﴾ی بەکارهێناوە تاکو خەڵکی بۆ لایەنی ئەو نیعمەتە مەزنە بێدار بکاتەوە کە لە ئاسندا هەیە و لە ژیاندا دارای گرنگییە. واتە قورئانی پیرۆز سەرنجی خەڵکی بۆ لای خودی ماددەی ئاسن ڕاناکێشێت تابڵێت: "أخرجنا" بەڵکو دەفەرموێت: ﴿أنزلنا﴾ تاکو بێداریان بکاتەوە بۆ ئەو نیعمەتە مەزنەی کە لە ئاسندا هەیە و، بۆ مەودای ئەو پێویستییەش ڕێنمایییان بکات کە مرۆڤ بە ئاسن هەیەتی.

جا لەبەر ئەوەی "نیعمەت" لە ژێرەوە نایەتە دەرەوە بەرەو سەر، بەڵکو لە گەنجینەی میهرەبانییەوە دێت، کە بێگومان ئەم گەنجینەی میهرەبانییەش بەرزە و لە ناوەڕۆکدا دارای پلەیەکی بڵند و باڵایە، ئەوا "نیعمەت" لە بەرزاییەوە بەرەو خوارەوە نازڵ دەبێت و، پلەی مرۆڤیش - کە موحتاجی ئەو نیعمەتەیە - بێگومان لە خوار پلەی ئەو نیعمەتەوەیە و، "نیعمەت بەخشین"یش لە سەرووی "موحتاجی"یەوەیە. لەبەر ئەوە، تەعبیری ڕاست و دروست بۆ دەربڕینی هاتنی نیعمەت لە لایەن میهرەبانیی خواوەندەوە بۆ فریاگوزاریی موحتاجیی مرۆڤ: ﴿أنزلنا﴾یە نەک "أخرجنا"!

ئنجا لەبەر ئەوەی دەرهێنانی تەدریجیی ئاسن لەسەر دەستی مرۆڤدا ئەنجام دەدرێت، ئەوا وشەی "إخـراج" لایەنی نیعمەت ناخاتە هەستی مرۆڤ و پێشچاوی هەستی بێئاگایان.

بەڵێ، ئەگەر مەبەست ماددەی ئاسن بوایە، ئەوا بەپێی جێگای ماددیی ئاسن دەربڕینی مەبەست بە "إخراج" کارێکی شیاو دەبوو. بەڵام لێرەدا مەبەست سیفەتەکانی ئاسن و نیعمەتەکانی ئاسنە، کە دوو شتی مەعنەوین. بۆیە ئەم واتایە ڕووی لە شوێنی ماددیی ئاسن نییە، بەڵکو ڕووی لە پلەوپایە مەعنەوییەکەیەتی.

ئەو نیعمەتە کە لە گەنجینەی "میهرەبانی"یەوە دێت، کە ئەویش یەکێکە لە درەوشانەوەکانی پلەوپایەی بەرزی خواوەندی میهرەبان، ئەو نیعمەتە بێ هیچ گومانێک لە بەرزترین پلەوە بەرەو خوارەوە ڕەوانە دەکرێت.

کەواتە گوزارشتی ڕاست و دروست بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستە: ﴿أنزلنا﴾یە.

هەروەها قورئانی پیرۆز بەم دەربڕینە مرۆڤ بۆ ئەو ڕاستییە بێدار دەکاتەوە کە: ئاسن نیعمەتێکی گەورەی خواوەندە.

بەڵێ: ئاسن مایەی سەرهەڵدانی گشت تەکنۆلۆژیای گرۆی مرۆڤ و، سەرچاوەی هەموو پێشکەوتن و تەوەرەی سەرجەم هێزەکانییەتی.

جا لەبەر یادخستنەوەی ئەم نیعمەتە مەزنە، قورئانی پیرۆز بەوپەڕی گەورەیی و سام و هەیبەتەوە و لە مەقامی منەت لێنان و نیعمەت بەخشیندا، دەفەرموێت: ﴿وأنزلنا الحديد فيه بأس شديد و منافع للناس﴾ هەروەک گەورەترین موعجیزەی حەزرەتی داوودیش- درووودی لەسەر بێت - بە ﴿و ألنا له الحديد﴾ دەردەبڕێت. واتە دەریدەخات کە نەرمکردنی ئاسن موعجیزەیەکی گەورە و نیعمەتێکی مەزن بووە کە بە پێغەمبەرێکی گەورەی بەخشیوە.

دووهەم:

"سەر" و "خوار" دوو گوزارشتی نیسبین و، سەبارەت بە مەڵبەندی گۆی زەوین. تەنانەت ئەوەی کە سەبارەت بە ئێمە بە "لای خوارەوە" دادەنرێت سەبارەت بە کیشوەری ئەمریکا "لای سەرەوە"یە! واتە بارودۆخی ئەو ماددانەی کە لەناو مەڵبەندی زەوییەوە دێنە سەر ڕووی زەوی، سەبارەت بە دانیشتووانی ڕووی دەرەوەی زەوی، دەگۆڕێن.

قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی بەیان بە زمانی ئیعجازەکەی دەفەرموێ:

ئاسن گەلێ سوودی زۆر و فراوانی هەیە، بە ڕادەیەک کە نابێ وا بزانرێت کانزایەکی سروشتیی وەهایە هەرچۆنێک بە دەستەوە هات بەو جۆرە لە پێداویستییەکاندا بەکار دێت، بەڵکو دەریدەخات کە نیعمەتێکی گەورەیە و بەدیهێنەری گەردوون بە سیفەتی شکۆداری "رب السموات والأرض" و لە گەنجینەی میهرەبانیی خۆیەوە هیناویەتە خوار و، لە کارگەی گەورەی گەردوونیشدا ئامادەی کردووە، تاکو ببێت بە خولگە و تەوەرەی جێبەجێ بوونی پێویستییەکانی دانیشتووانی زەوی. بۆیە تەعبیری "نازڵ کردنی" بۆ بەکارهێنا و فەرمووی: ﴿وأنزلنا الحديد﴾ تاکو ئەو سوودە گشتییانە دەربخات کە لە ئاسندا هەن، بە وێنەی سوودەکانی "جووڵە" و "ڕووناکی" کە لە ئاسمانەوە دێن و لە کارگەی گەردوونەوە ڕەوانە دەکرێن.

کەواتە ئاسن لە گەنجینە بچووک و بەرتەسکەکانی گۆی زەوییەوە دەرناچێت، بەڵکو لە گەنجینەی میهرەبانییەوە دێت کە ئەویش لە کۆشکی گەورەی گەردووندایە و

پاشان نێرراوە بۆ زەوی و لە گەنجینەکانیدا دانراوە، تاکو وردە وردە و بەپێی پێداویستیی چەرخ و سەردەمەکان بتوانرێت دەربهێنرێت و سوودی لێ وەربگیرێت.

واتە مەبەستی قورئانی پیرۆز ڕوونکردنەوەی ئەم دەرهێنانە تەدریجییەی ئاسن نییە لەم گەنجینە بچووکەی زەویدا، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە دەریبخات: ئەو نیعمەتە مەزنە پێکەوە لەگەڵ گۆی زەویدا لە گەنجینەی مەزنی گەردوونەوە نازڵ کراوە، بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات کە ئاسن لە هەموو شتێك پێویستترە بۆ گەنجینەی زەوی، بە ڕادەیەك کە بەدیهێنەری شکۆمەند کاتێ زەویی لە خۆر جیا کردەوە ئاسنیشی لەگەڵدا نارده خوارەوە تاکو زۆربەی پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات و بیانهێنێتەدی. کەواتە قورئانی حەکیم، لە ڕێی ئیعجازەکەیەوە، ئەم واتایە بە مرۆڤ ڕادەگەیەنێت کە: کارەکانتان بەم ئاسنە ڕابپەڕێنن و، هەوڵ بدەن بە دەرهێنانی لەناو زەویدا سوودی لێ وەربگرن.

ئەم ئایەتە مەزنە، دوو جۆر لەو نیعمەتانە دەردەخات کە تەوەرەی: "دوورخستنەوەی دوژمن" و "نزیکخستنەوەی سوودەکان"ن.

پێش نازڵ بوونی قورئان سوودە گرنگەکانی ئاسن بۆ گرۆی مرۆڤ هاتبوونەدی و بە چاو بینرابوون، بەڵام قورئان دەریدەخات کە لە دواڕۆژدا ئاسن چەند شێوەیەکی ئەوتۆ دەگرێتە خۆی کە کەسانی ژیر و هۆشمەند سەرسام بکات و، بە ناو دەریا و هەوا و وشکانیدا بڕوات و، تەنانەت زەوی ژێربار و تەسخیر دەکات و، هێزێکی هێندە دەراسا دەردەخات کە هەڕەشەی مردن لە مرۆڤ بکات. قورئان ئەمەشی بە: ﴿فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ﴾ دەربڕیوە و، بەمەش بریسکەیەکی ئیعجازی لە هەواڵدانێکی غەیبیدا دەرخستووە.

کاتێ دەرگای باس لەسەر ئەو سەرنجەی پێشوو خرایە سەر پشت، دەرگای قسەش لەسەر "پەپوو"ی حەزرەتی سولەیمان کرایەوە و، یەکێك لە براکانمان، کە زۆر لە پرسیارکردندا ئیلحاح دەکات[1]، دەپرسێت: پەپووسلێمانە بە: ﴿يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (النمل:٢٥) وەسفی بەدیهێنەری بەخشندە دەکات. ئایا هۆی چییە لەم مەقامە مەزنەدا ئەم وەسفەی باس کردووە کە لە چاو وەسفە مەزن و شکۆمەندەکاندا وەسفێکی ناسك و نیانە؟

وەڵام:

یەکێك لە تایبەتکارییەکانی گوفتاری ڕەوان (الكلام البليغ) ئەوەیە کە: ئەو سنعەتەی خاوەن گوفتار پێوەی خەریکە، بیخاتە هەست و نەستی گوێبیستەوە. جا پەپووی حەزرەتی سولەیمانیش، کە بە وێنەی دەشتەکیی شارەزا، ڕێشناس و شارەزای نێوان باڵندە و زیندەوەرانە و، بە فیراسەتێکی وەکو کەرامەت لە دوورگەی کەم ئاوی عەرەبدا شوێنە پەنهانەکانی ئاو دەدۆزێتەوە. ئەم باڵندە بەفەڕ و پیرۆزە، ئەرکی ئەندازیاری و کاری دۆزینەوەی ئاوی لە خزمەت حەزرەتی سولەیماندا – دروودی خوای لەسەر بێت – خرابووە ئەستۆ. بۆیە بە پێوەری سنعەتە وردەکەی خۆی، ئەوە دەچەسپێنێت کە هەر تەنها خوای گەورە شایانی پەرستن و سوژدە بۆ بردنە. چونکە ئەو خواوەندەیە کە شتانی پەنهانی ناو زەوی و ئاسمانەکان دەردەهێنێت و دەیانخاتە ڕوو. دەبینیت لە ڕێی سنعەت و کارە وردەکەی خۆیەوە ئەم ڕاستییە دەچەسپێنێت! جا ئەم بۆچوونیەی پەپووسلێمانە گەلێ جوانە! چونکە سروشتی کانزا و ناوك و تۆوە لەژمارەبەدەرەکانی ژێر گڵ داخوازی ئەوە نییە کە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە بێنە دەرەوە، چونکە تەنە قورسەکان کە خاوەنی گیان و دارای ئیختیار نین، لە خۆیانەوە بەرەو لای ژوور سەر ناکەون، بەڵکو لای ژوورەوە بەرەو خوارەوە دادەکەون. کەواتە دەرهێنانی تەنێکی پەنهانی ژێر گڵ لە ژێرەوە بۆ سەرەوە و تەکاندنی ئەو گڵە زەبەلاحەی سەر شانی بێگیان و هەستی ئەو، دەبێت لە ڕێی توانستێکی دەراساوە بێت، نەك لە لایەنی خۆیەوە. جا پەپووسلێمانە لە ڕێی شارەزاییەوە لە کارەکەیدا، پەنهانترینی ئەو بەڵگانەی دۆزیوەتەوە کە دەیچەسپێنن هەر تەنها خواوەند پەرستراو و سوژدە بۆ براوی ڕاستەقینەیە و، لە ڕێی سنعەتەکەی خۆیەوە گرنگترینی ئەو بەڵگانەی دۆزیوەتەوە.

قورئانی حەکیمیش ئیعجازێکی ئەوتۆی پێ بەخشراوە کە تەعبیر لەم حاڵ و گوفتارەی پەپووسلێمانە بکات!

* * *

**سەرچاوە:**

كليات رسائل النور – مجلد (اللمعات) ص (٤٢٢-٤٢٤). تأليف: بديع الزمان سعيد النورسي. ترجمة: إحسان قاسم الصالحي. الطبعة الأولى ١٩٩٣ استانبول.

**پەراوێز:**

(١) مەبەست "ڕەئفەت"ە، کە لە پرسیار کردندا زۆر بەغیرەتە و، کەچی لە نووسینەوەی پەیامەکانیشدا سستی و تەمبەڵی دەنوێنێت! (دانەر) ❁



# کات لە نێوان زانست و قورئاندا

وەرگێڕانی: کەمال محمد سەرگەڵوویی
sargaluiy@maktoob.com

بسم الله الرحمن الرحيم

لە چوارچێوەی چالاکی‌یە رۆشنبیری‌یەکانی‌دا (کۆمەڵەی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا لە قاهیرە) کۆڕێکی دەربارەی (کات لە نێوان زانست و قورئاندا) بەست بۆ بەڕێز (دکتۆر مەنصور حسب النبی) سەرۆکی کۆمەڵەکە و مامۆستای فیزیا لە کۆلێژی کچان لە زانکۆی (عين شمس)، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەمیشە قورئان چەند ئاسۆیەکی زانستی نوێی بۆ تێفکرین و وورد بوونەوەی زانایان هێشتۆتەوە، و زانستی راست بێ گومان مرۆڤەکان بەرەو ئیمان دەبات، بێگومان ناگونجێ کە ناکۆکی لە نێوان راستی‌یەکی زانستی و ئاماژەیەکی قورئانی‌دا دروست ببێت، مەگەر زاناکە لە بۆچوونەکەی‌دا هەڵەی کردبێ یاخوود توێژەرەوە قورئانی‌یەکە لە توێژینەوەکەیدا نەیپێکا بێت، هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە قورئان زۆر مەسەلەی زانستیی نیشانداوە، لەوانە: بابەتی دروست بوونی گەردوون، کات (الزمان)، و شوێن (المكان).

قورئان ئامارژە بۆ ئەوە دەکات کە خوای گەورە گەردوونی لە شەش رۆژدا دروست کردووە، رۆژ لای خودای گەورە چەند کاتێکە (فترات زمنية)، نەك ئەو رۆژەی لای ئێمەیە، لەبەر ئەوەی کات رێژەیی‌یە (نیسبی‌یە) و رەها (مطلق) نی‌یە، ئەمەش لەگەڵ زانستی نوێ و بیردۆزی رێژەیی (النظرية النسبية)دا رێك و گونجاوە، کات لە ژیانی دروست کراوە زیندوو و نا زیندووەکانیشدا گرنگی‌یەکی زۆری هەیە، هەموومان گرنگی بە کات دەدەین وەك نیشاندەرێکی تەمەن.

ماددە تیشکدەرەکانی وەك:(رادیۆم ویۆرانیۆم) تیشك بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی سەرەنجام بگۆڕێن بۆ قورقوشم، هەموو رەگەزێکی تیشکدەر تێکرایەك و کاتێکی دیاری کراویان هەیە بۆ تیشك بڵاوکردنەوە و گۆڕان، زانایان هەندێك ماددەی تیشکدەری وەك (یۆرانیۆم و کاربۆن ١٤) بەکار دێنن بۆ دیاری کردنی تەمەنی زەوی و تەمەنی ژیان لە سەر زەوی‌دا، هەروەك زانایان دیاردەی درێژ بوونەوە و فراوان بوونی تەمەنی زەوی بەکاردێنن لە دیاری کردنی تەمەنی گەردووندا، (دکتۆر النبي) تەمەنی گەردوونی وا باس کردووە کە مەسەلەیەکە بۆ چەسپاندنی بوونی خودای دروستکەر، لەبەر ئەوەی گەردوون مادام سەرەتایەکی کاتی هەبێت، ئەوا بە شێوەیەکی مەبدەئی دەبێت دروست بوو بێت، قورئان بانگەوازێکی روون و ئاشکرا ئاراستەی مرۆڤەکان دەکات کە لە دروست بوونی گەردوون و سەرەتای پەیدا



پێکهاتەی (زەوی)مان کە لەسەری دەژین

بوونەکەی بکۆڵێتەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُل انظُروا ماذا فِي السماواتِ والأرض﴾ یونس١٠١.

لەم ئایەتەوە چەند ئاماژەیەکی گرنگ وەردەگرین لەوانە گەڕان بەزەویدا کە دەمان گەیەنێتە سەرەتای دروست بوونی، ئاماژەی قورئانیی لێرەدا بە گەڕان (السیر) مەبەستی گەڕانی ناو زەوییە نەك سەرەوەی! و ئاماژەیە بە گەڕان بە چینە جیۆلۆجییەکانیدا بۆ شارەزا بوون لە گەورە بوون، و نەشونمای زەوی و هەرێمە رووەکی و ئاژەڵیەکەی سەر رووەکەی.

قورئان لە زۆرێك لە ئایەتەکانیدا باسی لەوە کردووە کە خوای گەورە گەردوونی لە شەش رۆژدا دروست کردووە، وەك دەفەرمووێت: ﴿ولقد خلقنا السماواتِ و الأرض و ما بینهما فِي ستةِ أیامٍ و ما مسنا مِن لغوبٍ﴾ ق٣٨، مەبەست لێرەدا بە رۆژ (الأیام) قۆناغ و ماوەیەکی دروست کردنی ئەم گەردوونەیە، نەك ئەو رۆژەی کە لای ئێمەی مرۆڤ هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئاماژەی بۆ رستەی (مما تعدون) نەکردووە لە هیچ یەکێك لەو ئایەتانەی کە باس لە رۆژەکانی درووست بوونی ئاسمان و زەوی دەکات، وەك دەفەرمووێت: ﴿و هو الذي خلق السماواتِ و الأرض فِي ستةِ أیامٍ﴾ هود٧، یاخوود: ﴿الله الذي خلق السماواتِ و الأرض و ما بینهما فِي ستةِ أیامٍ ثم استوى على العرش ما لكم من دونه مِن ولي و لا شفیعٍ أفلا تتذکرونَ {٤} یدبر الأمر مِن السماءِ إلى الأرض ثم یعرج إلیهِ في یومٍ کانَ مقداره ألف سنةٍ مما تعدونَ {٥}﴾السجدة، زانایانی تەفسیر هەموویان کۆك و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو (٦)رۆژە دابەش دەبێت بۆ سێبەشی یەکسان، هەر بەشێکیان یەکسانە بە دوو رۆژ لە رۆژەکانی دروست بوونی گەردون (بە مەفهومی نسبی بۆ کات) بەم شێوەیە :

یەکەم: دوو رۆژ بۆ دروست کردنی زەوی لە ئاسمانی دووکەڵیی یەکەمەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أولم یر الذین کفروا أن السماواتِ و الأرض کانتا رتقًا ففتقناهما﴾ الأنبیاء٣٠، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەوی لە یەك پارچەی گەردوونیی بوون و پێکەوە نوساو بوون، پاشان تەقییەوە و لەیەك جیابوونەوە.

دووەم: دوو رۆژ بۆ رێکخستنی حەوت ئاسمانەکان لە سەر یەك وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فقضاهن سبع سماواتٍ في یومین﴾ فصلت١٢، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو حاڵەتە دووکەڵییەی ئاسمان: ﴿ثم استوى إلى السماء و هي دخانٌ﴾ فصلت١١، واتە: پاش دوو رۆژ لە تەقینەوە گەورەکە، پاش ئەو تەقینەوەیە شێوازی ئاسمان دروست بوو (فقضاهن) واتە: لە دروست کردنیان تەواو بووین.

سێیەم: دوو رۆژ بۆ رێك خستنی زەوی لە رووی جیۆلۆجییەوە و ئامادەکردنی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وجعل فیها رواسي مِن فوقها﴾


لە سەرەتادا گەردوون یەك پارچە بووە، پاشان لە یەك جیاکراوەتەوە بە تەقینەوەیەکی مەزن

فصلت١٠، ئاماژەیە بۆ بەربوونەوە و پاشان جێگیر بوونی شاخە نەیزەکییەکان لەسەر توێکڵی زەوی، یەکسەر پاش رەق بوونی توێکڵەکەی، بە بەڵگەی ووشەی ﴿مِن فَوقِهَا﴾ و ﴿بَارَكَ فِيهَا﴾، واتە: خێر و رزق و رۆزی تێدا زۆر بوو، پاش ئەوەی ئاو و کشتوکاڵی تیادا دروست بوو، و ئایەتی: ﴿فِي أَربَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ﴾ فصلت١٠، واتە: لە چوار رۆژی یەکسانی بێ‌زیاد و کەمدا.


Encarta Encyclopedia, Photo Researchers, Inc./NASA/Science Source

دکتۆر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زانایان گەیشتوونەتە بەکارهێنانی بڵاوبوونەوەی تیشکی (یۆرانیۆم) و گۆڕانی بۆ قورقوشم لە پێوانە کردنی تەمەنی بەردە زەوییەکان و نەیزەکەکان، بە شێوەیەك کە رەقبوونی پێکهاتەی توێکڵی زەوی (تصلب القشرة) لە ٤,٥ملیار ساڵ لەمەوپێشەوە دەستی پێکردووە، ئەم ژمارەیەش بەهەمان شێوە تەمەنی بەردەکانی مانگە، هەروەها زانایانی سەردەم کاربۆنی تیشکدەریان بۆ مەبەستی دیاری کردنی تەمەنی چاڵە رووەکی و ئاژەڵییەکان و مێژووی ژیان لەسەر زەوی بەکارهێناوە، بەم پێودانگە هەسارەی زەوی دروست بوونی شێوەیی، و رەقبوونی توێکڵەکەی بۆ ٤٥٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

مرۆڤیش درەنگ بووەتە میوانی ئەم هەسارەیە، پاش ئەوەی خوای گەورە هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤی تێدا دروست کردووە: ﴿هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا﴾ الإنسان١، زانست تەئکید لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ لە نزیکەی دەیەها هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە لەسەر زەوی دەرکەوتووە، (ئەم ژمارەیەش مەرج نییە ژمارەیەکی جێگیر بێت)، ئەتوانین وای دابنێین کە پێکهاتنی جیۆلۆجییانەی زەوی پاش جێگیر بوونی شاخەکان و دەرکەوتنی ئاو و هەوا، و پاش دەرکەوتنی نیشتمانە رووەکییەکەی تا دەرکەوتنی مرۆڤ دەستی پێکردووە، ئەمەش کاتێکی درێژی بە رێژەی ٤,٥ملیار ساڵ خایاند، کە خوای گەورە بە روونی ئاماژەی بۆ کردووە لە سورەتی (فصلت)دا کە ئەمەش دەکاتە ٣\١ ی تەمەنی گەردوون، دەتوانین ٤,٥ ملیار ساڵ کە ماوەی پێکهاتنی جیۆلۆجییانەی زەوییە لە ژمارە (٣)ی بدەین.

بەو پێیەی کە ئەو (٦)رۆژەی کە زەوی و ئاسمانی تیادا دروست کراوە دابەش دەبێ بۆ سێ‌بەشی یەکسان، و هەریەکێك لەو سێ‌بەشە بەرامبەر بە دوو رۆژ لە رۆژی خۆمان بە مەفهومە نیسبییەکە، لەمەوە تەمەنی گەردوون =١٣,٥ملیار ساڵ، زانست تا ئێستا نەگەیشتۆتە دابەشکردنی قۆناغەکانی درووست بوونی گەردوون (واتە شەش رۆژەکە)، بەڵکو لێکۆڵینەوەکان تەنها لە بازنەی دیاری کردنی تەمەنی گەردووندا دەخولێنەوە، کە ئەمیش لە تەقینەوە گەورەکە (الإنفجار العظيم)ەوە دەست پێ‌دەکات کە لە زانستی فیزیادا بە بیردۆزەی (**Big Bang**) ناسراوە.

زانایان تەمەنی گەردوون بە چەند بۆچوون و رێگەیەکی جیاواز دیاری دەکەن، هەندێك تەمەنی گەردوون بە پێی دیاردەی (لادان بە لای تیشکی سوور-الإزاحة نحو الأحمر) دیاری دەکەن، کە بە ١٠-١٨ملیار ساڵی دەنرخێنن، یاخوود هەندێکی تر بە دوو رێگە ناووکییەکانی هەریەك لە (فاولار و هوبل) کە تەمەنی گەردوون بە ١٣یان ١٥ ملیار ساڵ دیاری دەکەن.

ئەمانەی باسکران چەند ئاماژەیەك و نموونەیەکی کەم بوون لەسەر ئیعجازی زانستی قورئان، کە هیوادارم خوێنەرانی ئازیز سوودیان لێوەرگرتبێت و ببێتە مایەی بەهێز بوونی ئیمان لە دڵ و دەروونماندا.

**سەرچاوە:** گۆڤاری الإصلاح -ژمارە ٣٢٥.

# تێڕوانینێکی زانستیی دەربارەی

## حەرام بوونی عەرەق

## لە قورئان و سوننەتدا

ئامادەکردنی: ئاسیا کەمال حەسەن
asiakamal2000@yahoo.com

لــــە ســــەردەمی ئێستاماندا مەی خواردنـــەوە بـــووە بـــە پیشـــەیەکی هەمیشـــەیی هەندێ خـــەڵك، کـــە بـــە ئاشکرا و بـــە بەردەوامی دەیخۆنەوە، تەنانەت لـــە ســـەر شەقـــام و شـــوێنە گشتییەکانیش! ئـــەویش بـــەهـــۆی نـــەزانینی خـــەڵکیەوەیـــە، چـــونکە ئەگەر بیانزانیایە چـــەند خراپە نەیان دەخواردەوە.

لــــە روانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە (مەی) و هەموو جۆرەکانی حـــەرامـــــە، و پێـــویستە خـــۆمـــانی لێبپارێزین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هـــەموو شتە حـــەرام کراوەکـــان زیـــانی تێدایـــە بـــۆ مرۆڤ، پێغەمبـــەر (ﷺ) دەفەرمـــوێـــت: ﴿لَيشربن ناس مِن أمتي الخَمر، يسمونها بِغير اسمِها﴾ رواه أبوداود، واتە: کەسانێك لە ئوممەتی من عەرەق دەخۆنەوە، کـــە نـــاوی تری لێدەنێن و بە ناوی خۆیەوە ناوی ناهێنن، خوای گـــەورە دەفەرمـــوێت لـــە سوورەتی (البقـــــرة)دا : ﴿يسألونك عن الخمرِ و الميسِرِ قُلْ فِيهما إثْم كَبِير ومنافِع لِلنـاس وإثْمهمآ أكْبـر مِن نـفْعِهما {٢١٩}﴾، واتـــە: پرسیـــارت لێدەکـــەن دەربارەی عەرەق و قوومار، تۆ پێیان بڵێ: لەو دووانەدا تـــاوان و گونـــاهێکی گەورە هەیـــە، هەرچەنـــدە چەند سوودێکی تێدایـــە بـــۆ خەڵکانێك، کـــە بێگومان گوناهەکەیـــان و زیانەکانیان گەورەترە لە کەڵك و سوودیان.

لـــەم ئـــایەتە پیرۆزەوە بـــۆمان دەردەکەوێت کـــە هەرچییەك زیانی زۆرتر بوو لـــە سوودی ئەوا حەرامە، هەرچـــییەك سوودی زۆرتـــر بـــوو لـــە زیانی، یـــان هـــەر زیانی نەبوو ئەوا حەڵاڵە، پێغەمبـــەر (ﷺ) دەفەرمویێت: ﴿ما أحل الله في كِتابِهِ فَهو حـلال، و مـا حرم فَهو حرام، و ما سكت عنه فهو عفْو، فَاقْبلوا مِن الله عافِيتـه فَـإن الله لَم يكُن لِينسى شيئاً﴾، واتـــە: ئـــەوەی خـــوا حەڵاڵی کـــرد بێـــت لـــە کتێبەکـــەیدا (قورئـــانی پیـــرۆز) ئـــەوە حـــەڵاڵە، و ئەوەیش حـــەرامی کرد بێـــت ئـــەوە حـــەرامە، و ئەوەشی لێی بێدەنگ بوو بێت ئـــەوە لێبوردنـــە، ئێـــوە لێبـــوردنی خـــودا وەربگرن، چونکە خوای گەورە هیچـــی لـــەیاد نـــاچێتەوە، لـــــە فەرموودەیـــەکی تـــردا پێغەمبـــەر (ﷺ) دەفـــەرموێت: ﴿كُل مسكِرٍ حرام، و كُل مسكِرٍ خمر﴾ رواه النسائي بسند صحيح، واتە: هەموو مەست کـــەرێك حـــەرامە، هـــەموو مەســـت کـــەرێکیش عـــــەرەقە، لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کـــە هۆی حـــەرام بـــوونی عـــارەق مـــەست کەرێکـــەیەتی، کە دەبێتە هۆی سست بـــوون و تێـــك چـــوونی زۆربـــەی ئەنـــدامـــەکـــانی لـــەش، ئـــەم مەستکەرییەش هـــۆی ئەوەیە: کە لە کـــاتی دروست کردنی عـــارەقدا بـــە رێگـــەی (زیندە کارلێکی بێباهەناسە) ئـــامادە دەکـــرێت، کـــە ئـــۆکسجین بەشداری تێدا ناکات، واتـــە: بە ترشان



ئـامـادە دەکـرێت، کـە ووزەی کۆکراوەی ناو خۆراك بە تەواوی شی نابێتەوە (هەروەك لە هێلکارییەکەدا نیشـان دراوە)، ئەمەش دەبێتە هۆی ووزە کـەم دان بـە لەش، بەو هۆیەوە لەش ناتوانێت زینـدە چالاکییەکانی خۆی بەجێبهێنێت.

ئەو نەخۆشی و تێك چوونانەی کە بە هـۆی شتی حـەرامەوە دەبێت هیچ چـارەسـەرێکی نییـە، و شـتـە حەرامەکانیش بە هیچ شێوەیەك شیفا و چارەسـەریان تێدا نییە، چونکـە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿إن الله لم يجعل شِفاءَكُم فِي ما حـرم علـيكُم﴾ صحيح رواه البيهقى عن أم سلمة، واتـە: خوای گەورە چـارەسەری ئێوەی لە شتە حەرام کراوەکاندا دانەناوە.

ئەو کەسـەی کە (مەی) دەخواتەوە زۆر زیـان بـەخۆی دەگەیـەنێت لـە دونیادا و لـە دوارۆژیشدا، چونکە لە دونیادا زیـانی هەیـە بۆ ئابووری و تەندروستی و گـەلێ لایەنی تریش لە ژیـانی، لـە قیامەتیشدا دەبێتە هۆی بێبەش بوون لـە بەهەشت، چـونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ثلاثَة لا يدخلونَ الجَنة: مدمِن خمرٍ، و قاطِع الرحِم، و المُصدق بِالسحر﴾ رواه احمد والحاكم.

تەنهـا شتێك کە چارەی کەسێکی عارەق خۆر بکات وازهێنانە لێی، کە دەتپارێزێت لـە گوناهی تریش، لـە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هـاتووە: ﴿إجتِنبوا الخَمر فَإنها مِفْتاح كُـل شر﴾ رواه الحاكم بسند صحيح، هـەروەها دەفەرمـوێت: ﴿من كانَ يؤمِن بِاللهِ و اليـومِ الآخِر فَـلا يجلِس على مائِـدةٍ يشرب عليها خمر﴾ حديث صحيح رواه الطبراني، واتـە: هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و رۆژی دوایی هەیە با لەسەر مێزی مەی خواردنەوە دانەنیشێـت.

خۆپاراستن لـە (مەی) خواردنـەوە دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی پەرژینێك لـە نێـوان ئـادەمیـزاد و بـێبـاوەڕیدا، پـێـغـەمبـەر (ﷺ) دەفـەرمـوێت: ﴿مدمِن الخَمر كعـابِدِ الوثَـن﴾، واتـە: ئـەوەی (مەی) بـە بـەردەوامی دەخـواتـەوە وەك بت پەرست وایـە، هەروەها دەفەرموێت: ﴿إتـق المَحـارم تكُن أعبد الناس﴾ رواه الترمذي بسند صحيح، واتـە: خـۆت لە حەرام کـراوەکان بپـارێزە دەبیت بـە عابید تریـن کـەس، لە فەرموودەیەکی تـردا پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: ﴿أفْضلُ الجِهادِ أن يجاهِد الرجلُ نفْسـه و هـواه﴾، واتـە: باشترین تێکۆشـان ئەوەیە کـە ئادەمیزاد بـەربەرەکانی نەفس و ئـارەزووەکانی خۆی بکات.

**و الحمد لله أولاً و آخراً.**

**سوودم لەم سەچاوانە وەرگرتووە:**

١- قـورئانی پیـرۆز و فـەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ).

٢- کتێبی زیندەوەرزانی پۆلی (٦).

## جیاوازی نێوان زیندەکارلێکی (باهەناسە) و زیندەکارلێکی (بێ با هەناسە)

| زیندە کارلێکی با هەناسە | زیندەکارلێکی بێبا هەناسە |
|---|---|
| ١- ئـەو زینـدە کارلێکـەیـە کـە بەسـەر خۆراکـدا دێت، و گـازی ئۆکسجین تێیدا بەشدارە. | ١- ئـەو زینـدە کارلێکـەیە کـە بـەسـەر خۆراکـدا دێت و ئۆکسجین تێیدا بەشداری نییە، وەك لە (مەی) دا. |
| ٢- ووزەی پێـویـسـت بـۆ لـەشی زینـدەوەرەکـە دابیـن دەکات، بۆ زیندە چالاکییەکانی. | ٢- ووزەی لـەشـی زیندەوەرەکە دابیـن ناکات بـۆ زینـدە چالاکییەکانی، کـەم بوونەوەی ووزە (ATP) لە مایتۆکۆندریای ناو سایتۆپـلازمی خـانەکانی لـەشدا بۆ نمونە: لـە دەمـارە خانەکـاندا، دەبێتـە هـۆی کـەم دەرپـەڕاندنی (ئەسیتـایل کـۆلیـن Acetyl Colin) لـەنـاو (چیکڵدانە گەینەر)ەکان لەناو سایتۆپلازمدا بـۆ دەرپەراندنی صۆدیۆم کـە ئـەوەش دەبێتـە هـۆی کـەم بوونـەوەی هەست کردن. |
| ٣- ووزە بـە تەواوەتی دەردەپەرێت چونکـە گەردەکـانی گلوکـۆز بـە تـەواوی لێـك هەڵ دەوەشێـن بـۆ پێکهاتـووە بنچینەییەکـانی کـە لێـوەی پەیـدابووە، ئـەوانیش ئاو و دووانە ئۆکسیدی کاربۆنن. | ٣- بـەشێك لە ووزەی شەکری ترێ (گلوکۆز) دەردەپەرێـت، چونکـە کحولی بـەرهەم هـاتوو لـەم کـردارەدا هـێشتـا بەشێـك ووزەی دەر نەپەڕیوی تێدایە. |
| ٤- بـری ووزەی بەسوودی بـەرهەم هاتوو لـەم زیندە کارلێکەدا بریتییە لە: (٣٨) گـەرد لە (ATP) کـە یەك گەرد(ATP)=١٢٠٠٠ گەرمۆکە. | ٤- بـری ووزەی بەسوودی بەرهەم هاتوو لەم زینـدە کـارلێکـەدا بـریتـییە لـە تـەنها دوو گەرد (ATP). |
| ٥- نـابێتە هـۆی ژەهـراوی بوون. | ٥- کـە بگـاتە خەستییەکی تایبەتی دەبێتە ژەهـرە مـاددە، ئـەو ژەهـراوی بـوونەش ناوەندێکی بـاشە بۆ گەشەکردن و زۆر بوونی بەکتریا. |

# سیمیناری رۆژی (٢١/٤/٢٠٠٥)ی ناوەندی کوردستان

## بە بۆنەی یادی لەدایك بوونی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد (صلى الله عليه وسلم)

لەهۆڵی (شاد) بۆ بەڕێزان:

1421 مامۆستا: مەریوان ئەحمەد رەشید 2000

دکتۆرە: تریفە عبد الله محمود

لەژێر ناونیشانی:

## چەند نموونەیەك لە ئیعجازی زانستیی قورئان و سوننەت



لە لایەن بەڕێز: مامۆستا نەشئەت غەفور سەعید/ سەرۆکی ناوەند ووتەی بەخێرهاتن و دەست پێکردنی سیمینارەکە پێش کەش کرا کە ئەمەی خوارەوە کورتەیەکی ئەو بابەتەیە:

### لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری سەروەردا: (چوار ڕۆژەکەی ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم))

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد المرسلين، محمد و على آله و صحبه أجمعين و من تبعهم إلى يوم الدين ......

السلام عليكم و رحمة الله و بركاته...

پێش ١٤٣٤ ساڵ و لە ڕۆژێکی وەك ڕۆژی دووشەممە (٢٠/٤/٥٧١م) منداڵێکی بێباوك و پاك و خاوێن هاتە دونیا، لەخێزانێکی ئاسایی و ماڵێکی سادەی نزیك (کەعبە)ی ماڵی خودا، لە کۆمەڵگایەکی ڕووخاو و هەل ومەرجێکی نادروست و گەندەڵدا، دوور لە هەموو دیاردەیەکی شارستانی و پێشکەوتن، دوور لە هەموو زانستێك یان ڕۆشنبیرییەکی ڕەسەن.

لەو بارودۆخە نەفامییەدا گەشەی کرد، بەڵام دوور بوو لە کارتێکەرە خراپەکانی کۆمەڵگاکەی، بە ژیانێکی تەنهایی و پڕ لە زوهد و تێفکرین لاوێتی و گەنجێتی بردە سەر، دوور لەو ڕەوشتە ناپەسەندانەی کۆمەڵی عەرەب و ژیانە پڕ لە ئارەزووەکانی هاوشانانی خۆی، لەبەر ئەوە بە خووڕەوشتێکی پەسەند گەورە بوو و ناسرا بە (الصادق الأمین).

*چل ساڵ تێپەڕی لەسەر ئەو ژیانە پاك و خاوێنەی بوو، هەموو ساڵێك لە ئەشکەوتی (الحراء) بە تەنها ماوەیەکی بەسەر دەبرد، لێکۆڵینەوەی دەکرد لە گەردوون و ژیان، تا ڕۆژی دوو شەممەی (١/ شباط / ٦١٠م) ڕووداوێکی گەورە ڕوویدا، جارێکی دیکە و پێغەمبەرێکی تر هاتەوە سەر

گۆڕەپـــانی مرۆڤایـــەتی، دابەزانـــدی قورئان دەستی پێکرد بە فەرمان بە خوێندنەوە و فێربوون:
﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ، عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق١-٥)، بەرنامەی ئیسلام هات بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان، و محمد (ﷺ) بـوو بـە پێغەمبـەری کۆتایی (خاتم الانبیاء والمرسلین).

جـێی شـانازییە کـە (**ناوەنـدی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و ســـوننەتدا**) ڕۆژی (١ی شـباط)ی کـــردووە بـــە ڕۆژی خـــۆی (ڕۆژی ناوەنـدی کوردســتان بـۆ ئیعجـازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا).

*ڕێکـەوتی یـادی لـەدایک بـوونی پێغەمبـەری خۆشەویسـت (ﷺ) لـەم سـاڵدا بـە دەگمـەن هـەردوو مێـژووە زایینی و کۆچییەکەی ڕێک کەوتووە کـــە (١٢ی ربیـــع الأول)ی ١٤٢٦ی کۆچـی بەرامبـەر بـە ٢١ی نیسـانی ئەمساڵە (٢٠٠٥)، نزیکترین یاد لـەم مەبەســـتەوە ڕۆژی (١٦ی نیســـانی سـاڵی ١٩٧٣) بـوو، بـەڵام ئـاوا نزیـک بێـت (٢٠، ٢١)ی نیسـان بـە سـەدان ساڵ جارێك ڕێك دەکەوێت.

گـەردوون ناسـی شـارەزا (الفلكي پاشـــا) لـــە دوای لێکدانەوەیـــەکی لێهـاتوو، بـۆی دەرکـەوت کـە یەکـەم ڕۆژی مانگی (ربیع الأول)ی ساڵی فیل ڕۆژی یەك شەممە بووە، بەرامبەر بە (١٣ی نیسانی ٥٧١ی زایینی)، و وەك لــە کتێبــەکانی ژیـــانی (ســیرة)ی پێغەمبــەردا (ﷺ) هــاتووە کــە ڕۆژی لــەدایك بــوونی دووەم دووشــەممەی مانگی (ربیع الأول)ی ساڵی فیل بووە، کەواتە دووەم دووشەممەی ئەو ساڵە کـە ڕۆژی لـەدایك بـوونێتی ڕێکـەوتی (٩/ ربیـع الاول) دەبێـت نـەك (١٢) ی مانگ (وەك لەناو خەڵکیدا باوە)، کە بەرامبـەر بـە (٢٠ی نیسـانی سـاڵی ٥٧١ی زایینییە)، لە لای ئێمە گرنگ نییــە (٩) بێــت یــان (١٢) و مایــەی ئـاڵۆزی نییـە، چـونکە گـەلی کـوردی موسڵمان هەموو مانگەکەی کردووە بە مانگی مەولود.

*ڕۆژی گرنگـی سـێهەم لـە ژیـانی پیرۆزی پێغەمبـەری مەزن (ﷺ) ڕۆژی کـۆچ کردنـە لـە شـاری مەککـەوە بـۆ شاری یەثریب (مەدینەی مونەوەرە)، ڕۆژی گەیشتنیشی بۆ یەثریب ڕۆژی (١٠ ی تشری عیبری) بوو، ڕێکەوتی (١٦ی تـونی قبطـییـەکان ٣٣٩) کـە ناسـراوە بـە (عاشـووراى جـو)، جوولەکەکانی شاری مەدینە بەڕۆژوو بـوون لـەو ڕۆژەدا، کاتێـك پێغەمبـەر پرسیاری لێکردن لە وەڵامدا ووتیان: ئـەمڕۆ یـادی ڕزگـار کردنـی بـەنی ئیسرائیل بوو بە سەرکردایەتی موسا و خنکاندنی فیرعەون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿من نزیکترم بۆ موسی لە ئێوە﴾، و فەرمانی تایبەتی فەرموو بۆ ڕۆژوو بـوونی ئـەو ڕۆژە، و فـەرمانی کرد بە ڕۆژ بوونی دەهەم و نۆهەمیش بۆساڵی ئایندە.

گەردوون ناس (أحمد موختار پاشا) هەڵساوە بە وردی بە حیساب کردنی ئەم مێژووە و بۆی دەرکەوتووە ڕۆژی (١٣)ی ئـەیلوولی ٦٢٢ ز ڕێکـــەوتی دەســـت پێکردنـــی کۆچـــە، و ڕۆژی گەیشتنی پێغەمبـەر (ﷺ) بۆ مەدینە بەرامبـەر بـە (٢٠ ئـەیلوولی ٦٢٢)ی زایینییە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرامبەر هـەردوو مێـژووی (عیبری و قبطـي) یەك دەگرێتەوە.

*ڕۆژی چوارەم ڕۆژی ماڵ ئاوایی پێغەمبـەرە (ﷺ) لـە ژیـانی دونیـای مرۆڤـەکان، و هەڵبـژاردنی (الرفیـق الأعلـی)، ئـەم ڕۆژە ژمـارە کـراوە لـە ڕۆژی جومعـــەی ڕۆژی عەرەفـــەی حـــەجی ماڵئـــاوایی ســـاڵی دەیـــەمی کۆچـییەوە تـا وەکـو شـەوی کۆتـایی مانگی (صەفەر) کە دەست پێکردنی نەخۆشی کۆچ کردنەکەی بوو، و (١٣) ڕۆژی نەخۆشـــــییەکەی لەگەڵـــــدا کۆکراوەتـــەوە، ڕۆژی دووشـــەممەی (١٢ی ربیع الأول)ی (ساڵی ١١)کۆچی دوایـــی کـــردووە و لـــە ژوورەکـــەی حەزرەتی (عائیشەدا) نێژرا، مامۆستا (محمود الفلكي) بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕووداوە گەردوونییـەکان، و دەســت پێکردنـــی مـــانگی (ربیـــع الأول) و لێکدانـەوەی ڕۆژی دووشـەممەی داوا کـراو بـۆی دەرکـەوت کـە ئـەم ڕۆژە ڕێکـــەوتی (٧ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ٦٣٢)ی زایینییە.

لێـــرەوە و بـــەهۆی - زانســـتی گـــەردوون ناســـییەوە- بۆمـــان دەرکـەوت کـە ئـەو چـوار ڕۆژە بـەم شێوەیە پەسەند دەکرێت:

- ڕۆژی (٢٠ی نیســـانی ٥٧١ز): یادی لەدایك بوونە.
- ڕۆژی (١ی شوباتی ٦١٠ز): یادی قورئانە، ڕۆژی بیعسەتە.
- ڕۆژی (١٣ی ئـــــەیلوولی ٦٢٢ز): ڕۆژی کۆچ کردنە.
- ڕۆژی (٢٠ی ئـــــەیلوولی ٦٢٢ز): ڕۆژی گەیشتنە بۆ شاری مەدینە.
- ڕۆژی (٧ی حـــوزەیرانی ٦٣٢ز): ڕۆژی کۆچی دواییە.

هــەزار سـڵاو لــە گیـانی پـاکی پێغەمبــەری ســەروەری جیهــان، لــە ڕۆژی لـەدایك بـوونی، و بیعسـەتی، و کـۆچ کردنـی، و ڕۆژی ماڵئـاوایی لـە جیهانی مرۆڤایەتی.

**و السلام علیكم و رحمة الله وبركاته...**

**سیمیناری یەکەم:**

# گەردوونزانی لە قورئان و سوننەتدا

ئامادە و پێشکەشکردنی:
**مەریوان ئەحمەد رەشید***
ئەندامی دەستەی باڵای ناوەند
mariwanrasheed@eijazizansti.org

بسم الله الرحمن الرحيم

و الصلاة والسلام على رسولنا محمد و على آله و صحبه و سلم....

بەناوی ناوەندەکەمانەوە زۆر بەخێرهاتنی بەڕێزتان دەکەین لەم بۆنە پیرۆزەدا، بۆنەی لەدایك بوونی سەروەرمان پێغەمبەر (ﷺ).

جێی خۆیەتی لێرەدا باسی هەندێك نموونەی ئیعجازی بکەین لە قورئانی پیرۆزدا، کە وەك لای بەڕێزتان ئاشکرایە ئەم قورئانە موعجیزەی پێغەمبەری نازدارە (ﷺ) و بەرنامەیەکە کە لەو کاتەی هاتووەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر تا ئەو کاتەی ئەم هەسارەیەی ئێمە (زەوییەی ئێمە) ژیانی بۆ نووسرابێت بەرنامەی ژیان و کامڵییەتی ژیانی مرۆڤە، بۆیە کاتێك باس لە قورئان دەکەین ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم قورئانە هەموو لایەنەکانی ژیانی بەسەر کردووەتەوە: لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنە رۆشنبیرییەکان، لایەنە ئەدەبییەکان، لایەنە زانستییەکان و .....هتد.

یەکێك لەم لایەنە گرنگانە بریتییە لە لایەنی زانستی قورئانی پیرۆز، کە ئەم لایەنە گرنگییەکی زۆری هەیە، بە تایبەتی کاتێك باسی بەرنامەیەك دەکەین کە تا ژیان بەردەوام بێت بەرنامەی ژیان بێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەنەکان بەسەر بکاتەوە و بەپێی سەردەم، چونکە لەهەر سەردەمێکدا بوارێك پێشکەوتووتر دەبێت، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا قسە قسەی زانستە.

کاتێك قورئانی پیرۆز هەموو لایەنەکانی بەسەر کردووەتەوە ئەوەشی دیاری کردووە کە رۆژێك دێتە پێشەوە کە زانست بۆ خۆی بێتە مەیدان و قسەی هەبێت لەسەر رووداوەکان و دەوروبەر، تەنانەت لەسەر بیروباوەڕی مرۆڤیش، قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەو عەقڵانەی لەبواری زانستدا کاردەکەن گفتوگۆی هەیە و هەروەها روون کردنەوە و بەرنامەی هەیە، یەکێك لەو بوارە زانستییە گرنگانە بواری گەردوونزانییە.

لای بەڕێزتان ئاشکرایە کە یەکێك لەو شتانەی کە لە کۆنەوە سەرنجی مرۆڤەکانی راکێشاوە بریتی بووە لە دەوروبەری، لەوانە ئاسمان و بەتایبەتی ئەستێرەکان، زۆرێك لە دیاردە گەردوونییەکان هەر لە کۆنەوە مرۆڤیان سەرسام کردووە و لێکۆڵینەوەی لێکردوون، بۆ ئەوەی بزانین کە قورئان چ ئاماژە باشییەکی کردووە لە بواری گەردووندا وای بەچاك دەزانم لە پێشدا باسی ئەستێرە بکەین، پێم باشە لە ئەستێرەکەی خۆمانەوە دەست پێبکەین و پاشان وورده وورده هەنگاو بنێین بۆ




هەسارەکانی تر و سەربوردێکی خێرا بۆ کۆمەڵەی خۆر و پاشان دەوروبەری کۆمەڵەی خۆر و ئەستێرەکانی تر.

کۆمەڵەی خۆری خۆمان لە ئەستێرەیەك پێکهاتووە کە بریتییە لە خۆر، تاقە ئەستێرەی کۆمەڵەی خۆرە،

---

* (م. مەریوان): هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ە لە گەردوونزانیدا، ئێستا قوتابی (دکتۆرا)یە لە زانکۆی سلێمانی، مامۆستای کۆلیژی (زانست)ە لە زانکۆی سلێمانی.




هەروەها لە چەند هەسارەیەك کە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، ئەگەر بەپێی دووریان باسی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر بکەین ئەمانەن: عطارد (Mercury)، ڤینۆس (Venus)، زەوی (Earth)، مەریخ (Mars)، موشتەری (Jupiter)، زوحەل (Saturn)، ئۆرانۆس (Uranus)، نیپتۆن (Neptune)، پلۆتۆ (Pluto). ئێمە لەسەر زەویدا هەندێك پێوانە و قیاسات بەکاردێنین کە بریتییە لە مەتر یان کیلۆمەتر، ئەمانە تا رادەیەك بۆ پێوانی ماوەکان لە کۆمەڵەی خۆردا بە کەڵك دێن، بۆ نموونە ماوەی نێوان زەوی و خۆر بریتییە لە ١٥٠ملیۆن کیلۆمەتر (کە ئەمە پێی دەووترێت یەك یەکەی گەردوونی)،ئەگەر بمانەوێت پێوانەی نێوان ئەستێرەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر بکەین ئەم پێوانەیە بە کەڵك نایەت، کاتێك دەچینە فراوانی گەردوون پێویستە یەکەیەکی تر هەڵبژێرین کە بتوانین دووری نێوان ئەستێرەکانی پێ بپێوین، بۆیە کە دەچینە دەرەوەی زەوی و کۆمەڵەی خۆر یەکەیەکی تری پێوانە هەڵدەبژێرین کە بریتییە لە (ساڵی رووناکی).

(ساڵی رووناکی) ئەو ماوەیەیە کە رووناکی لەماوەی یەك ساڵدا دەیبڕێت بە خێرایی (٣٠٠,٠٠٠کم) لە یەك چرکەدا، ئەمە بریتییە لە ١ساڵی رووناکی، کاتێك زانایان باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر کرد بینییان ماوەی نێوانیان زۆر فراوانە کە کیلۆمەتر و ئەوانە بە کەڵك نایەت بۆ پێوانەی، لەبەر ئەوە ساڵی رووناکییان هەڵبژارد و کاتێك پێوانەی ئەو ماوە زۆرانەیان کرد بینییان کە تێکڕای دووری نێوان ئەستێرەکان بریتییە لە ٤ساڵی رووناکی (واتە ئەگەر ٤ساڵ بە خێرایی رووناکی کە بریتییە لە ٣٠٠هەزار کم لە یەك چرکەدا بڕۆین ئینجا دەتوانین لە ئەستێرەیەکەوە بچینە سەر ئەستێرەیەکی تر).

خۆری خۆمان ئەستێرەیەکە لە گەلەستێرەی (مجرة)ی ڕێگای کاکێشان (درب التبانة Milky Way) کە ئەو گەلەستێرەیەیە کە خۆمانی تێداین، کە نزیکەی ١٠٠ملیار (ئێستا دەڵێن ٢٠٠ملیار) ئەستێرەی تێدایە، ئەمیش بە پشت بەستن بە هەندێك پێوانە و ئاماری تایبەتی، ئەم ئەستێرانە ئەگەر زوربەیشیان ٤ساڵی رووناکی لە یەکترەوە دووربن ئەوە ماوەیەکی زۆر فراوان دەردەچێت، ئەمە سەبارەت بە گەلەستێرەی خۆمان، خۆ ئەگەر دوورتر بڕۆین ئەوا نزیکترین گەلەستێرە لێمانەوە، ئەگەر بێتو هەردوو گەلەستێرەی ماجەلانی گەورە (کە ٢٤٠٠٠ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە) و ماجەلانی بچووك کە (٢٦٠٠٠ ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە) باس نەکەین ئەوا نزیکترین گەلەستێرە لێمانەوە (٢,٣٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و سێسەد هەزار ساڵی رووناکی دوورە!! کە ناوی (ئەندرۆمیدا)یە (Andromeda)، واتە ئەگەر دوو ملیۆن و سێسەد هەزار ساڵ بە خێرایی رووناکی کە ٣٠٠هەزار



وێنەیەکی گەلەستێرەی ڕێگای کاکێشان کە شوێنی خۆری خۆمانی تێدا روون کراوەتەوە

کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا بڕۆین ئینجا دەگەینە ئەوێ، ئەم ماوە فراوانەی نێوان ئەستێرەکان تازە بۆ زانایانی سەردەم دەرکەوتووە و سەرسامی کردوون.

کە تەماشای قورئانی پیرۆز دەکەین دەبینین لە زوربەی ئەو ئایەتانەی باسی ئاسمان دەکەن، بە تایبەتی گرنگی‌یان داوە بە شوێنی (موقع)ی ئاسمان، ئەوەتا خوای گەورە لە سوورەتی (الواقعة)دا دەفەرموێت: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ {٧٥} وَإِنَّهُ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ {٧٦}﴾، واتە: سوێند بێت بە جێگە و (موقع)ی ئەستێرەکان، چونکە ئەگەر ئێوە بتانزانی‌یایە، بۆتان دەردەکەوت کە ئەم سوێندە چەند گەورەیە.

گەورەیی ئەستێرەکان و شوێنەکانیان و



دووری‌یەکانیان ئێستا زانایانی سەردەم بۆیان دەرکەوتووە و ئەمەش گرنگی و گەورەیی ئەم ئایەتەیان بۆ دەردەخات، لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە: ئایا لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی‌دا چۆن لەم ئایەتە تێگەیشتوون؟

چونکە هیچ جۆرە پێوانیەك نەبووە کە مانای راستەقینەی ئایەتەکەی پێ هەڵسەنگێنن و تەنیا لە سەدەی بیستەمدا ئێمە راستی ئەم بابەتەمان بۆ روون بووەتەوە، لە وەڵامدا دەڵێین: قورئان بەرنامەی سەر زەوی‌یە تا دونیا دونیایە، گەورەیی‌یەکەی لەوەدایە کە هەموو مرۆڤەکان و لە هەموو سەردەمێکیشدا بەپێی سەردەمەکەی خۆیان لێی تێگەیشتوون، ئەگەر مرۆڤێك بێنین لە بواری گەردوونزانی‌دا هیچ نەزانێت و تەنانەت نەخوێندەواریش بێت، ئەگەر بۆ خۆی بە چاوی خۆی سەیری ئاسمان بکات ئەستێرەکان و شوێنەکانیان سەرنجی راناکێشێت؟! لە سەردەمی پێغەمبەریشدا (ﷺ) ئەم تێڕوانینە سادەیە کافی بووە بۆ ئەوەی لەمانای ئایەتەکە تێبگەن، بەڵام ئێستا کە زانست و هۆکارە تەکنۆلۆجی‌یەکان پێش کەوتووە شتی گەورەتر و سەرسوڕهێن تری بۆ دەرخستووین و مانای گەورەتری ئایەتە پیرۆزەکەی بۆ دەرهێناوین، دڵنیاین لەوەش کە لە داهاتوودا شتی گەورەترمان بۆ دەردەکەوێت و تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێت کە چ خوێندنەوەیەکی ترمان دەبێت لە داهاتوودا بۆ گەورەیی و (عظمة)تی دووریی و شوێنی ئەستێرەکان.

کاتێك زانستی گەردوونزانی لە سەدەی بیستەمدا ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەخۆوە بینی، شتی گەورەتری لە (مواقع النجوم)دا بۆ دەرخستین، ئێستا باسی تر لە ئارادایە و لە هەندێك بیردۆزی زانستی‌یەوە ئەوە روون بووەوە کە ئەستێرەکان ئێستا ئێمە لە شوێنێکدا تێبینی دەکەین بەڵام لەراستی‌دا لەو شوێنەی‌دا نەماوە، بۆ نموونە ئەستێرەیەك کە ٤ساڵی رووناکی لێمانەوە دووربێت، رووناکی هاتوو لەو ئەستێرەیەوە ٤ساڵ دەخایەنێت ئینجا دەگاتە ئێمە و دەیبینین، واتە ئەستێرەیەك ساڵی ٢٠٠٠ رووناکی بۆ ناردووین ئێمە لە ٢٠٠٤دا بینیومانە، کەواتە ئێمە لە ٢٠٠٤دا شوێنی ئەو ئەستێرەیەمان لە ساڵی ٢٠٠٠دا بینیوە! ئەو ئەستێرەیە ئێستا لە شوێنی جارانی نەماوە و چووەتە شوێنێکی تر، کەواتە ئەم گۆڕینی شوێنانە خۆی لەخۆی‌دا گەورەیی شوێنی ئەستێرەکان دەردەخات کە ئایەتەکەی سەرەوە ئاماژەی پێداوە (بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ) واتە: بە شوێنی ئەستێرەکان.

لێرەوە خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ ئایەتە پیرۆزەکە ئەوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، ئێستا ئێمە لەسەرەتای دەست پێکردنی ئەم کۆڕەوە بە سەدان هەزار کیلۆمەتر لە شوێنی خۆمان لاچووین و ئێمەش شوێن گۆڕینمان هەیە لەم گەردوونەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە پابەند بووین بە کۆمەڵەی خۆرەوە و ئەویش پابەندە بە گەلە ئەستێرەکەمانەوە، لێرەوە لایەنێکی تر لە فراوانی گەردوون دێتە کایەوە کە زانایان لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە هەستیان پێکرد، ئەویش بریتی‌یە لە فراوان بوونی گەردوون.

وەك سەرەتا ئاماژەمان پێدا یەکەی سەرەکی پێکهاتەی گەردوون بریتییە لە ئەستێرە، فراوان بوونی گەردوون لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێدراوە، خوای گەورە لە سوورەتی (الذاريات)دا دەفەرموێت: ﴿و السماءَ بنيناها بأيدٍ وإنا لموسعون {٤٧}﴾، واتە: ھەر ئێمە ئاسمانمان دروست کردووە و بەردەوام فراوانی دەکەین، ئەمە راستییەکی دان پێدانراوی رۆژگاری ئەمڕۆمانە.




شكل (٤) يوضح التوسع الكوني مع الزمن



چەند هێڵکارییەك کە فراوان بوونی گەردوون دەردەخات

ئەم فراوان بوونی گەردوونە یەکێك لە کەڵە زانایانی فیزیای نوێی خستە هەڵەوە کە ئەویش زانا (ئەلبێرت ئەنیشتاین) بوو، ئەنیشتاین لە بیردۆزەکانیدا باسی لەوە کردووە کە گەردوون وەستاوە، تەنانەت لە یەکێك لە تیۆرەکانیدا نەگۆڕێکی ماتماتیکی هێنا کە فەرزی کرد کە دەبێت گەردوون وەستاو بێت، لەگەڵ ئەمەشدا زانایانی ئیماندار بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئان باوەڕیان وابوو کە نابێت و ناکرێت گەردوون وەستاو بێت، تاوەکو یەکێکی تر لە زانا ناسراوەکانی گەردوونزانی بەناوی (ئەدوین هەبڵ) هات و لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابوردوودا هەستا بە تێبینی کردنی ئەستێرەکانی گەردوون و بۆی دەرکەوت کە ئەستێرەکان لە تێکڕای گەردووندا ئەو تیشکی رووناکییەی کە دەینێرن شەبەنگێکی سوور دەنێرن، بە ئاوێتە کردنی ئەم راستییە لەگەڵ دیاردەیەك لە فیزیادا کە پێی دەووترێت دیاردەی دۆپلەر گەیشتە ئەو راستییەی کە ئەم ئەستێرانە و گەلەستێرانەی لە دەورماندان لە گەردووندا هەموویان لێمان دوور دەکەونەوە، واتە گەردوون لە کشاندایە، ئەم زانایە هەستا بە دەعوەت کردنی ئەنیشتاین بۆ سەردانی (مرصد)ەکەی، کە پاشان ئەنیشتاین بیروباوەڕی گۆڕی و لە کۆتایی ژیانیدا دەیووت: یەکێك لەو هەڵانەی کە لە ژیانمدا تێی کەوتم ئەوە بوو کە گەردوونم بە وەستاو دانا، ئەمەش ئاماژە باشییەکە بۆ فراوان بوونی گەردوون لەلایەن گەورە زانایانی فیزیاوە.

بەڕێزان کە دیسانەوە سەیری (مواقع) و جێگەی ئەستێرەکان دەکەین، فراوان بوونی گەردوون چ سەرەنجامێکی دەبێت؟ ئەگەر فراوان بوونی گەردوون بەردەوام بێت ئەوا دەگاتە رادەیەك کە دیسانەوە یاسای گەردوونی تێك دەچێت، ئەگەر ئەم فراوان بوونی گەردوونە بەردەوام نەبێت و بوەستێت بەهۆی بوونی رێژەیەکی چڕی دیاری کراو کە سنووری بۆ دادەنێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر گەردوون بچێتەوە یەك و بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پێك هاتنی گەردوون، لە فراوان بوونی گەردووندا خاڵێکی گرنگی تر هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە دەیسەلمێنێت کە گەردوون ناکۆتا (أزلي) نییە و دروستکاری هەیە کە خوای گەورەیە، ئەگەر بێتو هەر شتێك بەرەو بڵاوبوونەوە بچێت (وەك گەردوون) ئەمە مانای ئەوەیە کە سەرەتا خاڵێك هەبووە کە لێوەی دەستی پێکردووە، واتە خاڵێکی سەرەتا هەبوو و ئینجا بە تێپەڕبوونی کات بەسەریدا فراوان بووە و زیادی کردووە بەرەو دەرەوە، ئەمە وای لە زۆربەی زانایانی فیزیا کردووە کە بڵێن گەردوون سەرەتا لە خاڵێکەوە دەستی پێکردووە، ئەمەیش دەست پێکردنەوەیەکە کە دیسان قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکردووە، کەواتە باس لە ئەستێرەکان و فراوان بوونی گەردوون یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە.

راستییەکی تر کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ زانایان روون بووەوە، باسێکی زۆر گرنگە لە قورئانی پیرۆزدا و ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەری تێدایە، ئەوەیە کە خوای




گەورە لە سوورەتی (الحدید)دا لە بەشێك لە ئایەتی (٢٥)دا دەفەرموێت: ﴿وأنزلنا الحديد فيه بأس شديد ومنافع للناس﴾، بۆچی خوای گەورە دەفەرموێت (وأنزلنا الحديد) بە مانای ئەوەی کە ئێمە کانزای (ئاسن)مان لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەر زەوی، و بۆچی نافەرموێت: ئێمە (ئاسن)مان دروست کرد لەسەر زەویدا؟

زانایانی گەردوون لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لە دروست بوونی زەوی و پێکهاتەی زەویدا شتی سەر سوڕهێنەریان بۆ روون بووەوە، لەوە سەرسام بوون کە ئایا ئاسن لەسەر زەوی هی خودی زەوی خۆیەتی یاخود لە شوێنی ترەوە بۆی هاتووە؟ ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا کران ئەوەیان روون کردەوە کە ئاسن هیچ وزەیەك نییە لە کۆمەڵەی خۆردا بە وزەی خۆریشەوە کە بتوانێت ئاسن دروست بکات، ئیللا دەبێت لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆریشەوە هاتبێت، با بزانین چۆن؟

ئەستێرەکان قۆناغی ژیانیان هەیە وەك مرۆڤ چۆن لە ژیانیدا بە قۆناغەکانی (منداڵی، لاوێتی، کامڵ بوون، پیریی و مردن)دا دەڕوات، ئەستێرەکانی گەردوونیش هەمان حاڵەتیان بەسەردا دێت، کاتێك دەڵێین ئەستێرەیەك گەنجە یان لە لاوێتیدایە ئەوە مانای ئەوەیە کە زوربەی زۆری ئەو ئەستێرەیە لە گازی هایدرۆجین پێك هاتووە، بۆ نموونە خۆری خۆمان ئەستێرەیەکی گەنجە، هایدرۆجین ماددەی سەرەکییەتی بۆ دروست بوونی ئەو وزە و رووناکییەی کە پێمان دەگات، لە خۆردا لە هەر چرکەیەکدا ٦١٦ملیۆن تەن لە ماددەی خۆر کە هایدرۆجینە دەگۆڕدرێت بۆ ٦١٢ملیۆن تەن لە گازی هیلیۆم، واتە لە هەر چرکەیەکدا ٤ملیۆن تەن لە ماددەی خۆر نامێنێت لە کردارێکدا کە پێی دەووترێت کرداری ناووکە یەکبوون، ئەم ماددەیە نامێنێت و دەگۆڕێت بۆ رووناکی و گەرمیی و وزە، بەشی زەوی خۆمان لەو گەرمییە تەنها بریتییە لە یەك بەش لە ٢ملیۆن بەش!!

کەواتە کاتێك ئەستێرەکە لە قۆناغێکی ژیانییەوە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، وورده وورده هادرۆجینەکەی سەرف دەکات و دەبێت بە هیلیۆم، پاشان ئەویش سەرف دەکات و دەبێت بە ماددەیەکی قورستر (وەك کاربۆن)، کە ئەویش سەرف دەکات و تا دەکاتە قۆناغێك ئەو ئەستێرەیە ماددەی ناوی دەبێت بە ئاسن، کە بوو بە ئاسن ئەو ئاسنە وزەیەکی یەکجار زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بتوێتەوە، کە ئەم کردارە ئەو کرداری تواندنەوە ئاساییە نییە کە لەسەر زەویدا هەمانە، ئەبێت ئەو کردارە بگاتە ناوکی ئەتۆمی ئاسنەکە و کرداری ناوکە یەکبوونی بەسەردا بهێنێت و وزەی لێبدات، بەڵام هیچ ئەستێرەیەك نییە کە بتوانێت ئەمە بکات.

چونکە کاتێك ئەو ئاسنە بەسەر ناوکی ئەستێرەکەدا کەڵەکە دەبێت، ئیتر تحویل نابێت و ئەو ئەستێرەیە دەگاتە قۆناغی کوژانەوە و مردن و فەوتان، لێرەدا دەبینین خوای گەرە لە قورئانەکەیدا ئاماژەی بەم راستییە داوە لەسوورەتی (التكوير)دا کە دەفەرموێت: ﴿إذا الشمس كورت {1}﴾، واتە: رۆژێك دێت کە خۆر دەپێچرێتەوە و رووناکی نامێنێت، ئەم (تکویر) یان کوژانەوەیەی لە ئایەتەکەدا هاتووە کاتێك روودەدات کە ماددەی ناو ئەستێرەکە دەگۆڕێت بۆ هیلیۆم و کاربۆن و دواتر دەبێت بە ئاسن، ئیتر کوژانەوە و مردن و فەوتان لە ئەستێرەکەدا روودەدات، کە بەکەڵکی ژیانی دەوروبەریشی (ئەوانەی لە هەسارەکانی دەوریدان)




وێنەی راستەقینەی دیاردەی (نۆڤا) و (سۆپەر نۆڤا)

نایەت، وەك زەوی كە بە كوژانەوی خۆر ئەمیش دەمرێت.

ئەم كەڵكە بوونی ئاسنە ئیتر تواناى ئەو ئەستێرەیە نایەڵێت و دیاردەیەكى لێدروست دەكات كە بە نۆڤا (Nova) و سوپەر نۆڤا (Super Nova) ناودەبرێت، ئەمیش بەپێی بارستەی ئەستێرەكە، كە ئەم دیاردانە بریتیی‌یە لە تەقینەوەی ئەستێرەكە كە ماددەكەی ناوی فڕێ دەداتە دەرێ، ئەو هەسارە و كۆمەڵانەی لە نزیكیدان (وەك زەوی) بەهۆی هێزی كێش كردنەوە ئاسنەكەی دەگاتێ، زانایان زۆر بە چڕ وپڕی لەم مەسەلەیەیان كۆڵیەوە و بۆیان دەركەوت كە (فعلاً) ئەو ئاسنە لە دەرەوەی زەوی خۆمانەوە هاتووە، كە وەك ووتمان ئاماژە باشی‌یەكە كە خوای گەورە لە سوورەتی (الحدید)دا دەفەرموێت: ﴿وأنزلنا الحدید فیه بأس شدید ومنافع للناس﴾.







لە كۆتاییدا پێم باشە باسی ئایەتێكی تر و ئاماژەیەكی گەردوونی تر بكەین لە قورئانی پیرۆزەوە، كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ولقد زینا السماء الدنیا بمصابیح﴾الملك٥، واتە: ئێمە ئاسمانمان رازاندووەتەوە و كردوومانە بە چراخان (بەهۆی ئەستێرەكانەوە)، ئەمەوێ باسی ئەوە بكەم كە لە هەموو سەردەمێك لە سەردەمەكاندا كە باسی (مصابیح) یان چرا كرابێت هەموو كەسێك (مصباح)ی ناسیوە، كە ئەگەر ئاگرێك بۆ رووناكی بەكار هاتبێت (مصباح)ی ناوبووە، بەڵام تەنانەت ئەگەر شێوازی رووناكی‌یەكەشی جیاواز بێت هەر بە (مصباح) ناوبراوە، كاتی خۆی مسوڵمانان (هاوەڵانی پێغەمبەر) كە ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوە بەشی خۆیان لێی تێگەیشتوون و ئیمانیشیان بە دەسەڵاتی خوای گەورە لە دانانی ئەو چراخانە لە ئاسماندا (كە بە چاوی خۆیا بینیویانە) زیادی كردووە.

بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئێمە تێگەیشتنی ترمان هەیە چونكە ئاگر كردنەوە و رووناكی چەندین سەرچاوەی هەیە لەمڕۆماندا كە سووتەمەنی‌یە ئاساییەكانە، ئەی ئایا ناتوانێت سەرچاوەیەكی تری ووزە و گەرمیش بگرێتەوە كە بریتیی‌یە لە ووزەی ناوكە ئەتۆم؟! و ئایا ناتوانین بەم ووزەیە شت گڕ پێبدەین؟ لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو ئایەتە پیرۆزە كە ئاماژە بۆ رووناكی خۆر و ئەستێرەكان دەدات، ئاماژەشە بۆ ناوكە كردارەكان تێیاندا، چونكە ئەو ووزەیەی ئەوان بەهۆی ناوكە یەكبوونەوە دروست دەبێت، كەواتە ئەستێرەكان زانست سەلماندوویەتی كە بە هاوشێوەی (چرا) گریان گرتووە و بەهۆی ناووكە ووزەوە گەرمی و رووناكی دەبەخشنەوە وەك ئایەتە پیرۆزەكە ئاماژەی پێداوە، كەواتە تێگەیشتنی هەموو سەردەمێك بۆ ئایەتەكان زۆر (كافی) بووە، لە سەردەمی هاوەڵاندا باش تێگەیشتبوون و بینی بوویان كە ئەو ئەستێرانە وەك چرا وان و لەشەودا دەردەكەون و رووناكی دەكەنەوە، بەپێی زانستی پێشكەوتووی ئەمڕۆش ئێمە لە ئایەتەكە تێگەیشتووین و بۆمان دەركەوتووە كە ئاماژەیە بۆ كرداری ناووكە یەكبوونی ناو ئەستێرەكان، خوای گەورە ئەم كردارەی بەگەڕ خستووە لە ئاسماندا بۆ دەست خستنی ووزە و رووناكی، تەنانەت ئێمەش لەسەر زەویدا دەتوانین سوود لەو ووزەیە وەربگرین كە لە نزیكترین ئەستێرە لێمانەوە بۆمان دێت كە خۆرە، كە زۆر ووزەیەكی بەسوود و خاوێنە و كێشەكانی سەرچاوەكانی تری ووزەی نییە وەك: پیس بوونی ژینگە، و خاڵێكی تری ئیجابیش ئەوەیە كە بێ تێچوون و مەسرەفە و بەردەوامیشە، چونكە تاوەكو دونیا بێت ئەو ووزەیە بەردەوام دەبێت و لەگەڵ كوژانەوەی ئەمیشدا ژیان لەسەر زەویدا نامێنێت.

لە كۆتاییدا هیوادارم هەموو لایەك سوودمەند بوو بێتن و خوای گەورە ئەم یادە زیاتر پیرۆز بكات.

**و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمین**

**تێبینی:**

ئەم سیمینارە دەقاودەق لە كۆڕی مامۆستاوە وەرگیراوە لە رۆژی (٢١/٤/٢٠٠٥)دا.

## سیمیناری دووەم:




# چەند نموونەیەکی ئیعجازی پزیشکیی لە سوننەتدا

ئامادەکردنی: د. تریفە عبدالله محمود
بەکالۆریۆس لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتیدا

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا محمد و على آله و صحبه أجمعين

## پێشەکی:

بەڕێزان ........

سەرەتا بەخێر هاتنی هەموو لایەکتان دەکەم و سوپاسی ئامادە بوونتان دەکەم ....

ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا جیاوازی نییە لە جۆرەکانی تری ئیعجاز، لەبەرئەوەی ئەم پەیامە پیرۆزە لە هەموو لایەنەکانەوە موعجیزەیە، شایەتیش بۆ ئەم ڕاستییە ئەو کۆمەڵانەیە لە خەڵکی کە بەردەوام دێنە ناو ئەم دینەوە، کە بە تایبەتی دڵگیردەبن بە لایەنە ڕۆحی و مرۆڤایەتییەکەی

ئەوەی ئەم لایەنە ئیعجازییە جیا دەکاتەوە لە لایەنەکانی تری ئیعجازی قورئان و سوننەت ئەوەیە کە بەندە بە ڕاستییە زانستی-یەکانەوە، چونکە زۆرێك لە خەڵکی باوەڕی تەواویان بە زانست هەیە و لە پلەیەکی بەرزدا دایدەنێن، بە تایبەتی لەلای گەلانی ڕۆژئاوا

لێرەوە خەڵکی دیندار و بانگەوازکار بۆ بەرنامەکەی خودا دەتوانن سوود لەم پلە بەرزەی زانست وەربگرن بۆ سەلماندنی ڕاستی پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ)، و دەرخستنی پیرۆزییان، لە لایەکی ترەوە پێویستە ئێمەی موسوڵمان ئاگاداری ئەوە بین کە نابێت ئێمە زانست بکەین بە بڕیاردەر لە سەر دین کە ڕاستی و ناڕاستی فەرموودە خوداییەکان بەهۆی زانستەوە بسەلمێنین، هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە نابێت زانست بە شێوەیەکی وا گەورە بزانین کە بیخەینە سەرووتر لێیان، کەواتە سەرەنجامی کۆتایی ئەوەیە کە ئێمە کاتێك دین و زانست پێکەوە دەبەستینەوە، مەبەست پێی سوود وەرگرتنە لە پێشکەوتنە زانستی-یەکان بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی زیاتری دەقە شەرعیەکان، و بۆ زیاتر چەسپاندنی باوەڕ لە دڵی مرۆڤی ئیمانداردا، لێرەدا ئەم ئایەتەی پەروەردگار بە نموونە دێنینەوە:

﴿لـكِنِ اللَّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلَائِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ النساء١٦٦، واتە: ئەی محمد (ﷺ) هەرچەندە ئەو خەڵکە باوەڕ پێناکەن، بەڵام خودا خۆی شایەتە لە سەر ڕاستی و گەورەیی ئەو قورئانەی کە ڕەوانەی کردووە بۆت، بە ئاگاداری و زانیاری خۆیشی ڕەوانەی کردووە، فریشتەکانیش شایەتی دەدەن لە سەر ئەوە، هەرچەندە پەروەردگار خۆی بەسە بۆ ئەو شایەتییە.

## نموونەی یەکەم:

خوای گەورە لە سوورەتی (الحاقة)دا سوێند دەخوات و دەفەرموێت: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ {٣٨} وَمَا لَا تُبْصِرُونَ {٣٩}﴾، واتە: سوێند بێت بەو شتانەی کە دەیبینن بە چاوتان و بەوانەش کە نایبینن، پەروەردگار سوێند دەخوات بەوەی دەیبینین و نابینین، دەبێت بوونەوەر زۆر گەورەتر و فراوانتر بێت لەوەی ئێمە دەیبینین تا پەروەردگار سوێندی پێبخوات! ئەم ئایەتە پیرۆزە دڵ و هۆشی مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە و

وورییای دەکاتەوە کە: بەدەر لە ئاسۆی بینین، و سنووری هەست کردنیدا، چەندین جیهانی تر و نهێنی شاراوە هەیە، کە مرۆڤ بەشێکی کەمی ئاگادارە، تا زەوی پێ ئاوەدان بکاتەوە.

– با بزانین زانستی نوێ لەم بارەیەوە چی دەڵێت:

مرۆڤ بەهۆی رووناکی‌یەوە دەتوانێت دەوروبەری خۆی ببینێت، زانایانی فیزیا بۆمان باس دەکەن کە ئەو رووناکی‌یەی مرۆڤ دەیبینێت بەشێکی زۆر زۆر کەمی شەپۆلەکانی رووناکی یان کارۆموگناتیسی‌یە، چونکە شەپۆلەکانی رووناکی درێژی شەپۆلەکانیان لە ۰,۰۱نانۆمیتەرەوە (کە هەر یەک نانۆمیتەر بەشێکە لە یەک بلیۆن بەشی مەترێك) دەست پێدەکات لە شەپۆلەکانی تیشکی (گاما)دا، تا دەگاتە شەپۆلە رادیۆیی‌یەکان کە درێژی‌یەکەیان نزیکەی ۱کیلۆمەترە (واتە لە ۰,۰۱ تا هەزار ملیار نانۆمیتەر).




# شەپۆلەکانی رووناکی و کارۆموگناتیسی




لە کاتێکدا مرۆڤ تەنها ئەو رووناکی‌یە دەبینێت کە درێژی شەپۆلەکانی لە نێوان (۴۰۰-۷۰۰نانۆمیتەر)دایە، کەواتە مرۆڤ تەنها ۳۰۰نانۆمیتەر لە درێژی شەپۆلەکانی رووناکی دەبینێت، کە دەکاتە یەک بەش لە ۳۰ملیار بەشی شەپۆلەکانی رووناکی و کارۆ-موگناتیسی، کەواتە دونیایەکی زۆر فراوان و شاراوە هەیە لە پشت ئەم دونیا بینراوەوە، کە تەنها خوای گەورە ووردەکاری‌یەکانی دەزانێت.

لەو شەپۆلانەی کە بە چاو نابینرێن: تیشکی (گاما) کە لە ماددە تیشك دەرەکانەوە دەردەچێت و ماددەیەکی زۆر بەهێزی بڕەر و زەرەرمەندی هەموو ماددەکانە، تەنها کانزای قورقوشم (رصاص) نەبێت کە ناتوانێت ببڕێت•، هەروەها تیشکی سینی (X-Ray) کە لە وێنە گرتنی تیشکی‌دا (ئەشیعە)دا بەکار دێت، هەروەها تیشکی (سەروو وەنەوشەیی Ultra Violet Light) کە ئەگەر بە رێژەیەکی زۆر بەر پێستی مرۆڤ بکەوێت تووشی شێرپەنجەی دەکات، هەروەها تیشکی (ژێر سوور)، شەپۆلە کورتەکان (Microwaves) کە لە ئامێرەکانی پەیوەندی کردندا بەکاردێت، و شەپۆلە رادیۆیی‌یەکان.

• لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیکی سەرسوڕهێنەر کراوە بۆ ئەم بابەتە کە خوای گەورە لە سوورەتی (الصف)دا دەفەرموێت: ﴿إن الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفا كأنهم بنيان مرصوص {٤}﴾، واتە: بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لە پێناو رێبازی خوادا بەیەك ریز و یەك پارچە و یەك دڵ، هەروەك کۆشکێکی بەرزی قایمی دارێژراون بە قورقوشم! لەناو هەموو کانزا بەهێزەکانی وەك (ئاسن و پۆڵا و مس)دا خوای گەورە قورقوشمی هەڵبژاردووە کە بیکاتە نموونەی بەهێزیی موسوڵمانان! چونکە تەنها ئەم کانزایە کە بەرگەی هەموو جۆرە تیشکە بڕەرە بەهێزەکان و لەناوبەرەکان دەگرێت و هەڵیان دەمژێت، بەڕاستی ئاماژەیەکی پڕ حیکمەت و لێکچواندنێکی تەواو و گونجاوە.

بێجگە لە ڕووناکی و شەپۆلە نەبینراوەکان شتی تری زۆر هەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بە چاو بیبینێت، و بە یارمەتی ئامێرە پێشکەوتووەکان دەیان بینێت، وەك: گەلە ئەستێرە و ئەستێرە دوورەکان، گەرد و گەردیلە کە پیکهێنەری هەموو تۆخم و ماددەکانن لە کاتێکدا نایان بینین، یەکێکی تر لەو شتانەی مرۆڤ بە چاو نایبینێت، و ئەمڕۆ بەهۆی مایکرۆسکۆب (Microscope) و ئامێرە زانستییەکانەوە دۆزراونەتەوە، زیندەوەرە زۆر وردەکانن، وەك: ڤایرۆس، و بەکتریا، و خانە سەرەتاییەکان، و زیندەوەرە مشە خۆرەکان، کە بە تەواوی دەوروبەری ئێمەیان گرتووە و لە هەموو شوێنێکدا هەن: لە هەوادا، لە ئاودا، لە خاکدا، و تەنانەت لە خۆراکیشدا هەن، کە هۆکارێکی کاریگەرن لە ژیانی ڕۆژانەماندا، و دەبنە هۆی تووش بوونی مرۆڤ بە نەخۆشی جۆراوجۆر.

پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار.... چونکە ئەم ووتەیە هی مرۆڤ نییە و هیچ زانستێك و کەسێکی ئەو سەردەمە نەی نەزانیوە کە دونیایەکی ئاوا ئالۆز و سەرسوڕهێنەر لە شتە نەبینراوەکان هەیە، ئەی دەبێت سەرچاوەکەی لە کوێوە بێت؟! تەنها دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە دروست کەر و پەروەردگاری هەموو جیهانە بینراو و نەبینراوەکان بە نیگا پشتگیریی نێردراوەکەی کردووە: **﴿إنه لقولُ رسولٍ كريمٍ {١٩} ذِي قُوةٍ عِند ذِي العرش مكِينٍ {٢٠}﴾ التكوير**.

ئیسلام بەرنامەیەکە بۆ دابین کردنی هەموو لایەنەکانی دین و دنیای مرۆڤ، وەك چۆن بنەماکانی دەسەلات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و یاسا ئابوورییەکان دیاری دەکات، بەرنامەیەکی گشتگیری بێ وێنەشی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، کە تەندروستی لاشە و ژیریی و ڕەووشت و دەروونیش دەگرێتەوە، لێرەدا بە یارمەتی خوای گەورە چەند لایەنێکی ئەم بەرنامەیە ڕوون دەکەینەوە سەبارەت بە پارێزگاری کردنی تەندروستی، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زانستێکی تایبەت بۆ ئەو بووارە دانراوە کە پێی دەوترێت (الطب الوقائي **Preventive or Community Medicine**) یان (زانستی خۆپارێزی).

بەپێی زانستی خۆپارێزی هۆکارە سەرەکییەکانی تووش بوون بە نەخۆشی بریتین لە:
١-زیندەوەرە وردەکان. ٢-ماددە ئەندامی و نا ئەندامییەکان. ٣-ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی تێك چوونی باری دەروونی و نەفسییەوە تووشی مرۆڤ دەبن.

زیندەوەرە وردەکان هۆکاری سەرەکی تووش بوونی مرۆڤن بە نەخۆشی، وەك باسمان کرد لە هەموو شوێنێکدا هەن: لە هەوادا، لە ئاودا، لە خاکدا، لەسەر لەشمان و لەناو دەمماندا، تەنانەت لەو خۆراکانەشدا کە دەیخۆین، چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، قەبارەیان جیاوازە، ڤایرۆسەکان بچووك ترینیانن کە قەبارەیان لە (١٠-٣٠٠نانۆمیتەر)دایە، پاشان میکرۆبەکان (بەکتریا) کە دەگەنە ١٠٠٠ نانۆمیتەر، پاشان کەڕووە سەرەتاییەکان.

پاشان کرمە مشەخۆرەکان و مێروووەکان، لەشی مرۆڤ زەوییەکی بەپیتە بۆ زۆرێك لەم زیندەوەرانە، بە تایبەتی لەناو لووت و قوڕگ و کۆئەندامی هەناسە و لەسەر ڕووی پێست و کۆئەندامی هەرس (واتە ریخۆلەکان)، لەگەڵ ئەوەی لەشی مرۆڤ لە جەنگێکی بەردەوامدایە لە دژی ئەم زیندەوەرانە لە ڕێگەی کۆئەندامی بەرگرییەوە•، کە چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت کە بە شێوەیەکی سەرەکی خڕۆکە سپییەکانی خوێنن، بەڵام هەندێ جار لەشی مرۆڤ تووشی شکست دەبێت بەرامبەر بەم زیندەوەرانە و مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکەن، هەر بۆیە لە ئیسلامدا زۆر گرنگی دراوە بە خۆپاراستن لە نەخۆشی.

---

• لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی تێدایە بۆ ئەم ڕاستییە، لە سوورەتی (الطارق)دا خوای گەورە دەفەرموێت: **﴿إن كُل نفْسٍ لما عليها حافِظٌ {٤}﴾**، واتە: سوێند بێت کە هیچ کەسێك نییە چاودێر و پارێزەری نەبێت کە فریشتەکانن وەك موفەسیرەکان باسیان کردووە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مانایەکی تری ئایەتەکەمان بۆ ڕوون بووەتەوە کە لەناو لەشی هەموو مرۆڤێکیشدا پارێزەرێکی کاریگەر هەیە کە بریتییە لە کۆئەندامی بەرگری.

زانایان بۆمان باس دەکەن کە کۆئەندامی بەرگری (**Immunity System**)ی مرۆڤ لەم بەشانە پێك دێت: ١- بەرگری سروشتی (المناعة الطبيعية **Natural Immunity**) کە خۆڕسکانە لە لەشدا و بە بەردەوامی هەیە، وەك: ڕژێنەکانی سەر لەشی مرۆڤ لە پێست و ڕووپۆشی ئەندامەکان (فرمێسك، ئارەق، لیك، بەڵغەم)، کە ماددە زیان بەخشەکان ڕادەماڵن و ماددەی دژە بەکتریا و میکرۆبیان تێدایە، هەروەها خڕۆکە سپییەکانی خوێن کە گرنگترین هێڵی بەرگری لەشی مرۆڤ پێکدێنن.

٢-بەرگریی وەرگیراو (المناعة المكتسبة **Acquired Immunity**)، کە بە هۆی چوونە ناوەوەی ماددە زیان بەخشەکانەوە لەشی مرۆڤ فێری دروست کردنی دژەتەن دەبێت بەرامبەریان و بەردەوام لەناویان دەبات، ئەم کۆئەندامی بەرگرییە ئایەتێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ، بڕوانە لەم گەردوونەدا مرۆڤ لەناو ئەم هەموو ماددە ترسناك و خەتەرناکانەدا دەژی، هەر لە دووکەڵی کارگەکان و سەیارەکان، ئەو بەکتریا و میکرۆبانەی کە لە هەوا و هەموو شوێنێکدا هەن، هەروەها ئەو مێروووانەی چەندین نەخۆشی هەڵدەگرن، ئەگەر کۆئەندامی بەرگری نەبووایە مرۆڤ بەرگەی چەند کاتژمێرێك زیاتری نەدەگرت لە ژیاندا، بەڕاستی دروستکراوێکی گەورە و گرنگە و ئاماژەی قورئانیش بەم بابەتە نموونەیەکی بەرزی تری ئیعجازە زانستییەکەیەتی.


وێنەی راستەقینەی هەندێک بەکتریای نەخۆشی لە جۆری خڕ و چیلکەیی

لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) چەندین ئامۆژگاری بەسوود دەبینین کە بنەما سەرەکییەکانی زانستی خۆپارێزی پێک دەهێنێت، پێغەمبەری مەزن و پەیامەکەی سوور بوون لەسەر ئەوەی مرۆڤی موسوڵمان بەدوور بگرن لە تووشی زیان بوون بەم زیندەوەرانە، و کار کراوە بۆ ئەوەی کۆگەکانیان لەناو ببرێت، ئێستا با بچینە خزمەت فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئامۆژگاریمان دەکات، نموونەی یەکەممان لەسەر دەستنوێژ گرتنە:

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ﴿الطهور شطر الإيمان﴾ رواه مسلم، الطهور: واتە پاك وخاوێنی بە گشتی، یان دەست نوێژ گرتن، بەشێکی گەورەی ئیمانە، هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هانی چاك دەستنوێژ گرتنمان دەدات و دەفەرموێت: ﴿من توضأ فأحسن الوضوء خرجت خطاياه من جسده حتى تخرج من أظفاره﴾ رواه مسلم، واتە: هەر کەسێك بە باشی دەستنوێژ بگرێت، ئەوا تاوانەکانی لەگەڵ چۆڕینی ئاوی دەستنوێژەکەی لە نینۆکەکانییەوە تاوانەکانیشی ئاوا لێ دەبێتەوە و پاك دەبێتەوە، وەك هەموومان دەزانین مرۆڤی موسوڵمان رۆژانە (٥) جار دەست نوێژ دەگرێت، کە تیایدا دەم وچاو و دەست و قۆڵ و قاچەکانی دەشوات، هەروەها پێغەمبەر (درود و سەلامی خوای لە سەر بێت) ئامۆژگاریمان دەکات کە هەر ئەندامەی سێ جار بشۆردرێت، ئاو هۆکاری سەرەکی خۆ پاکردنەوەیە، لەبەر ئەوەی لە باری پاکیی ئاساییدا ئاو ژینگەیەکی نەگونجاوە بۆ گەشە کردنی میکرۆبەکان، سەرچاوە پزیشکییەکان دەری دەخەن کە پێست کۆگەیەکە بۆ ژمارەیەکی زۆری بە کتریا و کەرووەکان، لەسەر پێستی ئاساییدا ژمارەیان نزیکەی (١٠هەزار-١٠٠هەزار) دەبێت لە هەر سانتیمەتر چوارگۆشەدا، و لەو شوێنانەی کە بەدەرەوەن (١-٥ملیۆن)، و لە شوێنە شێدارەکانیشدا دەگاتە (١٠ملیۆن) لە هەر سم چوارگۆشەیەکدا، کردنی ئاو بەسەر رووی پێستدا لەکاتی دەست نوێژدا دەبێتە هۆی لابردنی لە ٩٠٪ی ئەو میکرۆبانە، ئەگەر تێبینی ئەو ئەندامانە بکەین کە لە کاتی دەستنوێژ گرتندا دەیان شۆین، بەراستی ئیعجازی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) هەست پێ دەکەین، چونکە دەم و لووت کە سەرچاوەی سەرەکی چوونە ژوورەوەی میکرۆبن بۆ ناو لەش، پاشان قۆڵ و قاچەکان کە زۆربەی کات بە دەرەوەن رێژەی میکرۆب تیایاندا زۆر زیاترە (وەك باسمان کرد ١-٥ ملیۆن/ سانتیمەتر چوارگۆشەدا)، هەروەها لەبەر گرنگی دەستەکان لە گواستنەوەی میکرۆبدا، چونکە لە بەرئەوەی بەر خواردن دەکەوێت، جگە لە کاتی دەست نوێژیش ئەمرمان پێکراوە کە بیشۆین، پێش خواردن و دوای خواردن، و پاش لە خەو هەستان.

لێرەدا پێم باشە ئەم نموونەیەتان بۆ باس بکەم کە (د. عبدالصبور شاهین) هێناویەتی سەبارەت بە سەربازە موسوڵمانەکانی ناو سوپای فەرەنسا لە جەنگی جیهانی دووهەمدا، کاتێك کە ئەفسەرەکانی سوپای فەرەنسا تێبینی ئەوەیان کرد کە زۆرێك لە سەربازەکانیان تووشی هەوکردن و رەش بوونەوەی پەنجەکانی پێیان دەبوون، بەڵام بینییان ئەو سەربازە جەزائیری ومەغریبییە موسوڵمانانەی کە لە سوپاکەیاندا بوون بەهیچ جۆرێك دووچاری ئەو حاڵەتە نەدەبوون، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرد بۆیان دەرکەوت کە هۆکاری ئەم پاراستنە بریتی بووە لەوەی کە سەربازە موسوڵمانەکان هەموو رۆژێك پێنج جار پۆستاڵەکان و گۆرەوی-یەکانیان دادەنا، و قاچیان دەشۆرد لە کاتی دەست نوێژ گرتندا، کە ئەمە

بووه هۆی پاراستنیان له توش بوون بەو حاڵەتە ترسناکه.

له لایەکی ترەوه (د. أحمد شەوقی ئیبراهیم) کـه ئـەندامی (کۆمـەڵەی پزیشکیی شاهـانەی بەریتـانیا)یه، باسی ئەوەمان بۆ دەکات که زانایان گەیشتوونەته ئـەو راستییەی کـه: کاتێك تیشکی رووناکی دەکـەوێته سەر رووی ئەو ئاوەی به رووخساری مرۆڤی دەستنوێژ گرەوەیـه، دەبێتـه هۆی پەیدا بوونی ئایۆناتی سالب و کەم کردنەوەی ئایۆناتی موجەب، که ئەمه هۆکارێکه بۆ هێمن بوونەوه و خـاو بوونـەوەی دەمارەکـان و ماسولکەکانی لـەش و مرۆڤ رزگاری دەبێت له ئازاره ماسولکەییەکان و حاڵـەتی دڵـەراوکێ و خـەو زڕان، کەواته ئاو هێزێکی ئەفسوناوی هەیه، وەك یـەکێك لـه زانا ئەمریکییـەکان دەڵێت: (پرژه ئـاوەکانی سـەر دەم و چاو و دەستەکـان (کـه مەبـەستی دەستنوێژ گرتن)ه باشترین هۆکاره بۆ هێمن بوونەوه و لابردنی دڵەڕاوکێ).

سەرەڕای دەست نوێژگرتن مرۆڤی موسوڵمان فەرمـانی پێکراوه هەموو ئەندامەکانی لـەشی بشوات (سـەر و لەشی)، تەنانەت له ١٧شوێن و کاتدا



هەوکردنی کەڕوویی و میکرۆبی دەم وچاو و قاچ بەهۆی دەستنوێژ نەگرتن و پاك نەکردنەوەی

خۆشتن سوننـەته، و پێغـەمبەر (ﷺ) ئامۆژگـاری ئیمانداراني پێکردووه، تەنانەت وەك حەقێکی خودایی بەسەر بەندەکانەوه باسی کردووه، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: **﴿حق الله على كُـل مسلم أن يغتسِلَ في كُل سبعةِ أيَّام يغسِـل رأسه و جسده﴾**رواه البخاري ومسلم.

واته: مرۆڤی مـوسوڵمان لـەسەری واجبه هـەر حەوت ڕۆژ جارێك خۆی بشـوات (سـەر و لـەشی)، لـه کاتی خۆشتنیشـدا زیـاتر لـــه ٩٠٪ی میکرۆبەکان لـه سەر رووی پێست لا دەبرێن، ئێستا بـا بچینـه سـەر نموونەیـەکی تـر لـه سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) که بریتین له:

## سوننەتەکانی "فیطرةت":

لـه فەرموودەکـانی پێغـەمبەردا (ﷺ) هـاتووه کـه (١٠)شت هـەیه سوننەتی هـەموو پێغەمبەران بووه، ئەو سوننەتانەش لەم فەرموودەیەدا هاتووه: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: **﴿عشر مِن الفِطرة: قَص الشَّارِب، و إعفاءُ اللحيةِ، و السـواك، و استنشـاق الماءِ، و قَـص الأظـافِر، و غَسلُ البراجِم، و نتف الإبـط، و حلْـق العـانةِ، و انتِقاص الماءِ (الإستِنجاء)، قال الراوي: ونسيت العاشرة إلاَّ أن تكون (المَضمضة)﴾**رواه مسلم، ئەم سوننەتـانه بریتین لـه بنەمـایەکی گەوره و گرنگی پـاك وخاوێنی لەشی مرۆڤ، چونکه هیچ شوێنێکی لەشیان نەهێڵاوەتـەوه کـه گـرنگ بێـت بـۆ گەشه کردنی میکرۆبەکانی نەخۆشی، کـه فەرمـان نـەکرا بێـت بـه پـاك کردنەوەی به بەردەوامی.

بۆنموونه: (مضمضة) که بریتییه له ئاوڕادان لەنـاودەم، که ژمارەیەکی زۆر میکرۆبی جـۆراو جـۆری تێدایه که٣٠٠ جۆرن به ڕێـژەی ١٠٠ملیـۆن لـه هـەر میللیمەترێکدا، بـه ئـاو تێڕادانی لـه کـاتی دەست نوێـژدا سێ جـار، وەك پێغـەمبـەر (ﷺ) ئامۆژگاریمـان دەکـات، ژمارەیەکی زۆریـان لەنـاو دەچـن، سـەرەڕای ئـەو کـەڕوانەی که لەسەر پاشماوەی



**هەوکردنی جۆرا و جۆر لە پێست و چاو و لووتدا بەهۆی بەردەوام نەبوون لەسەر خۆشتن و لووت پاك کردنەوه**

خۆراك دەژین لە ناودەمدا، و ددانەکان ناشرین دەکەن و بۆنی دەم ناخۆش دەکەن، کە ئەمانەش بە ئاو تێڕادان پاك دەبنەوە، بۆیە ئەمرمان پێکراوە کە زیادڕەوەی بکەین لە ئاو لەدەم ڕاداندا.

پاشان (إستنشاق) کە بریتییە لە هەڵمژینی ئاو بۆ ناو بۆشایی لووت، و کردنە دەرەوەی، کە چەندین سوودی پزیشکی هەیە، لەوانە: لینجی و تەپ و تۆزی ناوپۆشی لووت کە لە هەوادا هەیە لایدەبات، و رووپۆشەکە تەڕدەکات، تا باشتر ڕێگە لە چوونە ژوورەوەی میکرۆب و تەپ و تۆز بگرێت بۆ ناو کۆئەندامی هەناسە، هەروەها لەناو بردنی زیندەوەرە ووردەکان، لەلێکۆلینەوەیەکدا کە بۆ کاریگەریی دەستنوێژ کراوە لەسەر پاکیی لووت دەرکەوتووە کە: ئەو کەسانەی نوێژ ناکەن ناوپۆشی لووتیان چەندین کۆگەی میکرۆبە جیاواز و ترسناکەکانی تێدایە، وەك میکرۆبەکانی (بەکتریاکانی): (Diphtheria, Proteus, Klepsiella)، بەڵام ئەوانەی دەستنوێژ دەگرن هیچ کۆگەیەکی میکرۆبی تێدا نییە، و لێکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژەی لەناو چوونی میکرۆبەکان زیاد دەکات بەپێی جارەکانی ئاوڕادان و سێیەم جار بە تەواوەتی پاك دەبێتەوە.

نینۆك هێشتنەوە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی میکرۆب و گواستنەوەی نەخۆشی، بۆیە ئەمرمان پێکراوە کە نابێت نینۆك درێژ بکەین، شتنی گرێکانی پەنجەکان دەبێتە هۆی لەناو بردنی ئەو میکرۆبانەی ئەم شوێنە دەکەنە کۆگە بۆ خۆیان، هەروەها لەبەر ئەوەی میکرۆبەکان و کەڕووەکان گرێکانی پەنجەکان دەکەنە کۆگەیەك بۆ خۆیان ئەمرمان پێکراوە بە شتنی گرێکانی.





ڕەش بوونەوەی ددانەکان و هەوکردنی ناودەم بەهۆی سیواك نەکردن و بەردەوام نەبوون لەسەر پاك کردنەوەیان

## سیواك کردن:

پاك کردنەوەی ناودەم بەهۆی داری سیواکەوە یان(سیواکردن) یەکێکی ترە لە فەرمانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: ﴿**لو لا أنْ أشق على أمـتي لأمرتهم ِبالسواكِ ِعند كُل صلاة**﴾ ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە، واتە: ئەگەر بە گرانم نەزانییایە لەسەر ئوممەتەکەم ئەوا فەرمانم پێدەکردن بە سیواك کردن لەگەڵ هەموو نوێژێکدا.

یاخوود دەفەرموێت: ﴿**تسوكوا فإن السواك مطهرة ِللفم مرضات ِللرب**﴾ رواه **ابن ماجة**، واتە: بە سیواك کردن پاك بوونەوەی ناو دەم، و ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست دێنین، لە رووی زانستییەوە سەلماوە کە چینێکی میکرۆب لە سەر رووی ددانەکان دروست دەبێت، کە لێپرساوە لە داخورانی دانەکان و نەخۆشییەکان و هەوکردنی پووك، ژمارەی میکرۆبەکان تیایدا ١٠٠بلیۆنە لەهەر سانتیمەترێکدا، لە بەرئەوەی لە کاتی خەوتندا لیك کەمترە گەشەی میکرۆبەکان زۆرترە، و ئەم چینە زیاتر دروست دەبێت، بۆیە دەبینین لە فەرموودەیەکدا هاتووە: کە پێغەمبەر (ﷺ) هەر کاتێك لە خەو هەڵبستایە سیواکی دەکرد، هەروەها ئەم چینە میکرۆبە پەیوەندی بە خواردنەوە نییە، بۆیە لە کاتی ڕۆژووشدا هەر گەشە دەکات و سیواك کردن سوننەتە.

سیواك کردن چەندین سوودی پزیشکی هەیە، لەوانە:

١- ماددەیەکی دژ بە بەکتریای تێدایە کە لە (پەنسیلین Penicillin) دەچێت.

٢- ماددەی (سنجرین)ی تێدایە کە دژە بەکتریایە و پێنج جۆر بەکتریای ناودەم لەناو دەبات لەوانە: (Streptococcus)، کە زانایان (جاکوب و براون) لە ساڵی ١٩٧٩دا سەلماندیان.

٣- ماددەی (سیلیس)ی تێدایە کە ددانەکان دەدرەوشێنێتەوە.

٤- ماددەی (Tannic acid)کە دژە بەکتریایە، و هەوکردنی پووك چاك دەکاتەوە.

٥- ماددەی (Trimethyl amine) کە گەشەی میکرۆب کەم دەکاتەوە، لە

لێكۆڵینەوەیەكدا لەسەر ئەوانەی سیواك بەكار دەهێنن، بینراوە ئەو توێژاڵە بەكتریایە لادەبات، و تەنانەت هەوكردنی پووكیش چاك دەكاتەوە، بۆیە لێكۆڵەرەوەكان داوایان كرد بەكار بهێنرێت بۆ پاراستنی خەڵكی لە نەخۆشییەكانی پووك وددانەكان.

## خۆ پاككردنەوە:

یەكێكی تر لە سوننەتەكانی فیطرەت خۆ پاك كردنەوەیە بە ئاو لە پاشەڕۆكان، تەنانەت لە فەرموودەیەكدا هاتووە: پێغەمبەر (ﷺ) بەلای قەبرێكدا رۆیشت و فەرمووی ئەم كەسە سزایەكی توند دەدرێت، لەبەرئەوەی خۆی لە پیسی بە باشی پاك نەدەكردەوە، ئەمیش لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی میكرۆب كە تیایاندایە، وولاتانی ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەستیان بەم راستییە كرد، لە لێكۆڵینەوەیەكدا كە لە زانكۆی (مانشیستەر) كرا بینییان كە بەكتریا ٨چین دەسڕی تەوالێت دەبڕێت، بەڵام موسوڵمانان پێش ١٤سەدە ئەمریان پێكراوە كە بە ئاو خۆیان پاك بكەنەوە باشترە.

## پاك وخاوێنی جل وبەرگ:

لە ئیسلامدا پاك وخاوێنی جل وبەرگیش وەك لەش گرنگە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ {٤}﴾ المدثر، واتە: ئەی محمد (ﷺ) جل وبەرگەكانت بە پاك وخاوێنی رابگرە، جابیر (ڕەزای خوای لێبێت) كە هاوەڵێكی پێغەمبەرە دەگێڕێتەوە: كە پێغەمبەری خوا كابرایەكی بینی جلەكانی پیس بوو، فەرمووی ئایا ئەم پیاوە هیچی دەست نەدەكەوت جلەكانی پێ پاك بكاتەوە، هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرمووێت: ﴿أحسنوا لباسكم و أصلحوا رحالكم، حتى تكونوا كأنكم شامة في الناس﴾، واتە: جلەكانتان پاك بێت، و بارەكانتان رێك و پێك بێت، با وەكو چۆن خاڵ بە لەشەوە دیارە، ئاوا ئێوەش لەناو خەڵكدا دیاربن.

بەم ئامۆژگارییە چڕوپڕانە سەبارەت بە: پاك وخاوێنی لەش و جل وبەرگ، و شوێنی دانیشتن، و نوستن، و نوێژ كردن، دەتوانین خۆمان بپارێزین لە زیندەوەرە ووردە زیان بەخشەكان سەرەڕای سوودە دەروونییەكانی پاك وخاوێنی لەسەر مرۆڤ، سەرەڕای لەناو بردنی كۆگەی زیندەوەرە ووردەكان، بنەمایەكی تری زانستی خۆپارێزی ئەوەیە كە نەهێڵین ئەم زیندەوەرانە بگەن بە مرۆڤ و ڕێگەیان لێبگیرێت، شەریعەتی ئیسلام لەمەشدا پێشڕەو بووە، ئەمەش بەم شتانە دەبێت: وەك پاك و خاوێنی ژینگە كە ئەمەش گرنگی پێدراوە وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿إن الله طيب يحب الطيب، نظيف يحب النظافة، فنظفوا أفنيتكم و لا تشبهوا باليهود﴾ رواه الترمذي، كە تیایدا پێغەمبەر داوامان لێدەكات كە وەكو جولەكەكان نەبین و ناوماڵەكانمان پاك ڕابگرین، لە فەرموودەیەكی تردا سەبارەت بە پاك ڕاگرتنی ڕێگاوبان و شەقامەكان پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿عرضت علي أعمالُ أمتي حسنها و سيئها، فوجدت في محاسن أعمالها الأذى يماط عن الطريق، و وجدت في مساوئ أعمالها النخامة تكون في المسجد لا تدفن﴾ رواه مسلم، واتە: كردارەكانی ئوممەتەكەمم پیشاندرا، بینیم لە كردەوە باشەكانیاندا ئەوەیە كە پیسی و ناڕەحەتی لەڕێی خەڵكی لادەبرێت، و بینیم لە كردەوە خراپەكانیشیاندا كە بەڵغەم فڕێ دەدرێت لە مزگەوتدا و كەس نییە بیشارێتەوە و پاكی بكاتەوە، هەروەها لە فەرموودەیەكی تریشدا دەفەرموێت: ﴿إتقوا اللعانين، قالوا: و ما اللعانين يا رسول الله، قال: الذي يتخلى في طريق الناس و في ظلهم﴾ رواه مسلم، واتە: خۆتان بپارێزن لەو دوو شتەی لە ڕەحمەتی خودا دوورتان دەخاتەوە، پرسییان: ئەو دوو شتە چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو كەسەیە كە لە ڕێی یان لە شوێنی سێبەری خەڵكیدا پیسی دەكات، كە باسی ئەو دووشتە دەكات كە مرۆڤ لە ڕەحمی خودا دوور دەخەنەوە كە ئەویش ڕێگای خەڵكی و شوێنی سێبەر پیس بكرێت، لە رووی زانستییەوە شوێنی شێدار (سێبەر) ژینگەیەكی گونجاوە بۆ گەشە كردنی زۆربەی جۆرەكانی بەكتریا و هێلكەی كرمەكان، لەبەر ئەوەی تیشكی سەروو وەنەوشەیی كە میكرۆب كوژە لەو شوێنانە نادرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی میز و پاشەڕۆی مرۆڤ سەرچاوەیەكی گەورەی ئەو میكرۆبانەن، كە ١گرام لە پاشەڕۆ زیاد لە ١٠٠,٠٠٠ملیۆن میكرۆبی تێدایە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاریمان دەكات كە لەو شوێنانە دووربكەوینەوە، وەك باسمان كرد بنەمایەكی زانستی خۆپارێزی ئەوەیە نەهێڵین میكرۆبەكان بگەنە مرۆڤ و ڕێگەیان لێبگیرێت، میكرۆبەكان بە شێوەیەكی سەرەكی لە ڕێگەی خۆراك و هەوا و ئاوەوە دەگوێزرێنەوە، بۆیە شەریعەتی ئیسلام ئەمرمان پێدەكات بە پاك ڕاگرتنیان، با بزانین چۆن:

## سەبارەت بە پاراستنی خۆراك:

خۆراك سەرچاوەی سەرەكی گواستنەوەی نەخۆشییەكانی وەك: گرانەتا، و زەحیری، و ئیفلیجی مندالّ، و هەوكردنی جگەری ڤایرۆسی، لە ڕێگەی بەركەوتنی پاشەڕۆی مرۆڤی تووش بوو، یاخوود هەڵگری نەخۆشیەكەوە، كە لە ڕێگەی دەستی یان بەكار هێنانی قاپ

دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی لەبیر نەچووە لەو سەردەمەدا، و (عائیشە)ی هاوسەری پێغەمبەر (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی ڕاستی بۆ دەستنوێژگرتن بەکار دەهێنا، و دەستی چەپی بۆ خۆپاك کردنەوە لەپیسی، واتە بەکار هێنانی دەستی چەپ بۆ خۆ پاککردنەوە تا دوور بێت لە بەرکەوتنی خۆراك.

## پاك ڕاگرتنی هەوا:

ئەو پرژانەی لە کاتی هەناسەداندا دەچنە دەرەوە دەبنە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی، وەك: ئینفلوەنزا، و ئیفلیجی منداڵ، و ملەخڕە (نکاف)، و سووریژەی ئەڵمانی، و هەڵامەت، و هەوکردنی قورگ، و سیل، و هەروەها چەندین نەخۆشی تر، بە تایبەتی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان، بۆیە دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) ئەمرمان پێدەکات بەوەی فوو نەکەین و هەناسە نەدەینەوە بەسەر خواردن و خواردنەوەدا، هەروەها پێغەمبەر خۆی (ﷺ): ﴿کانَ إذا عطس غَطى وجهه بِيدِهِ أو بِثَوبِهِ﴾ رواه الترمذي، واتە: کاتێك دەپژمیی دەم و چاوی بە دەستی یان بە جل وبەرگەکانی دا دەپۆشی، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری کردووە لەوەی مرۆڤ خواردنی گەرم بە فووکردن سارد بکاتەوە، واتە فوو بکات بەناو دەفری خواردندا، تا ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی میکرۆبی نەخۆشی.

لە نموونەیەکی تری ئەم جۆرە خۆپاراستنەدا، لە پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە: ﴿إتقُوا الذر (و هو الغبار) فإن فِيهِ النسمةَ (أي الميكروبات)﴾، واتە: خۆتان لە تەپ و تۆز و پرژ بپارێزن لەبەر ئەوەی (نیسمەی تێدایە)، لە (القاموس المحیط)ی زانا (الفيروزآبادي) هاتووە: (النسمة: تطلق على أصغر حيوان)، واتە: (نیسمە) بە بچووکترین ئاژەڵ دەووترێت، ئەم ئاماژەیە ئیعجازێکی گەورەی تێدایە لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بە میکرۆسکۆب و ووردبینە گەورەکان سەلماوە کە ووردترین زیندەوەر بریتین لە میکرۆبەکان (ڤایرۆس و بەکتریا) و ئەم ناوە (نیسمە) زۆر گونجاوە بۆیان لەبەر ئەوەی میکرۆبەکان سیفەتی ژیان و جووڵاوییان تێدایە، واتە بە ناڕاستەوخۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری کردووین بە دوور کەوتنەوە لەو پرژانەی کە میکرۆب هەڵدەگرن (وەك ئەو پرژەی لە کاتی کۆکین و پژمیندا لە نەخۆشەوە بڵاو دەبێتەوە).




ئەو پرژانەی لە دەمی تووشبوویەك بە نەخۆشی ئینفلوەنزاوە دەردەچێت، لە وێنەیەکدا کە ملیۆنەها بەکتریای دەرچوو دەردەخات

## پاراستنی ئاو لە پیس بوون:

سەبارەت بە پاراستنی ئاو لەپیس بوون پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿لا يبولَن أحدكُم في الماءِ الدائِم الذي لا يجري ثُم يغتسِلُ فِيه﴾ متفق عليه، واتە: هیچ یەکێك لە ئێوە میز نەکاتە ناو ئاوی وەستاوەوە، لەبەر ئەوەی ئاوی وەستاو ژینگەیەکی باشە بۆ گەشە کردنی بەکتریای وەك: کۆلێرا، و سەلمۆنێلا، و شیگێلا، و هەندێك کرمی وەك کرمە پانەکان، و کرمی بەلهارزیا لە ئاودا سووڕی ژیانیان تەواو دەکەن، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿غَطوا الإناء، و أوكوا السقاء﴾ رواه مسلم، واتە: ئێوە کووپ و قاپ و مەنجەڵەکانتان داپۆشن و بە سەر بەرەڵڵایی جێیان مەهێڵن، هەروەها: ﴿نهى النبِي (ﷺ) أن يشرب مِن في السقاء﴾ رواه البخاري، واتە پێغەمبەر بەرگری لەوە کردووە لە دەمی گۆزەوە ئاو بخورێتەوە، چونکە هەر یەك میللیلیتر لە لیك بلیۆنەها میکرۆبی تێدایە، کە گەشە دەکەن و کەسی تر کە لێی دەخواتەوە زیانی پێدەگات.

زانستی خۆپارێزی کاتێك پەیدابوو کە زیندەوەرە ووردەکان بە جۆرە جیاجیاکانیانەوە دۆزرانەوە، و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو هۆکانی تووش بوون بە نەخۆشی دۆزییەوە، و ئەمەش لە سەدەی بیستەمدا بوو، بەڵام پێش ئەوە مرۆڤەکان دوو جۆر بوون: موسوڵمانەکان کە بنەما

ووردەکانی زانستی خۆپارێزییان دەزانی، ئەویش بەهۆی دینەکەیانەوە و زۆر بە ئاسانی پەیڕەوییان دەکرد، و وەك پەرستشێك بۆ پەروەردگاریان دەزانی، بەڵام ئەوانەی موسوڵمان نەبوون، با بزانین زاناکانیان چی دەڵێن دەربارەیان:

زانای ئەڵمانی (زیجرید هۆنکە) لە کتێبی (شمس العرب تشرق على الغرب)دا باسی سەرسوڕمانی زانای موسوڵمان (طرطوسي) دەکات لە پیس و پۆخڵی رۆژئاواییەکان، کە سەردانی رۆژئاوای کردووە لە سەدەی هەژدەیەمدا، کە چۆن ئەم پێنج فەرزە دەستنوێژی گرتووە، و ئەوان تەنانەت لەساڵدا یەك یان دووجار بە ئاوی سارد خۆیان دەشت، و جلەکانیشیان نەدەشت، نەوەکو بدڕێت، پاشان روونی دەکاتەوە کە چۆن وولاتانی رۆژئاوا کاریان تێکرا بە رەووشتی موسوڵمانەکان، و وورده وورده رەووشتە ئیسلامییەکانیان وەرگرت لە پاك وخاوێنیدا، ئەمە شایەتی زانایەکی رۆژئاوایە، بەریتانییەکان وایان دەزانی خۆشتن زەرەری بۆ تەندروستی هەیە، لە کۆشکی (ڤێرسای) کە خانووی پاشاکانی فەرەنسا بووە یەك حەمام نەبووە، زۆر عەیب بووە لە کۆشکی سپی ئەمریکیشدا حەمام هەبێت، تەنانەت یەکەم حەمام لەوێ لە ساڵی ١٨٥١دا دروست کرا، هەروەها (بەرنارد شۆ) کە دکتۆرێکی بەریتانییە، لە کتێبی سەرسوڕمانی پزیشکێکدا (حيرة طبيب) باسی ئەوە دەکات کە چۆن کاتێك بەریتانییەکان دوورگەکانی (ساندویش)یان لە زەریای هێمندا داگیر کرد، خەڵکەکەیان ناچار کرد کە واز لە دینی ئیسلام بهێنن، و ببن بە مەسیحی، ئەم دکتۆرە باس دەکات کە چۆن دوایی توشبوون بە چەندین نەخۆشی، پاش واز هێنانیان لە ئامۆژگارییەکانی ئیسلام سەبارەت بە پاك و خاوێنی.

لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) جیهانی زیندەوەرە ووردەکان غەیبی و شاراوە بوو، کەس نەیدەزانی، بەڵام رێنومایییەکانی ئیسلام دەربارەی پاك وخاوێنی ئاماژە بەوە دەکەن، کەواتە زانست خۆی دەیسەلمێنێت کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر پێشڕەو بوون لە باس کردنیدا، و باشترین رێنماییان هەبووە بۆ لەناو بردنیان، و پاراستنی مرۆڤ لێیان، لێرەدا زانایان بەچاوی خۆیان راستی نیگای خوایان بۆ پێغەمبەر بۆ دەرکەوت، وئەو ئایەتەی قورئانەکەی خوای گەورەش هاتە دی کە دەفەرموێت: ﴿ويرى الذين أوتوا العلم الذي أنزل إليك من ربك هو الحق ويهدي إلى صراط العزيز الحميد﴾ سبأ٦.



**نموونەی دووەم:**

## دۆزینەوەیەکی نوێ کە پشتگیریی لە راستییەکانی سوننەت دەکات:

کۆمەڵە زانا و پزیشکێك لە زانکۆی (لیدز Leeds) لە ئینگلتەرا هەستان بە تاقی کردنەوەیەك لەسەر تازە بووان، بۆ زانینی کاریگەریی پێدانی چەند بڕێك لە گیراوەی شەکری سوکەرۆز لە سەر گریان و هەست کردنیان بە ئازار لەکاتی راکێشانی خوێن لێیان بە سرنج، گۆڤاری پزیشکی بەریتانی (BMJ) لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەم توێژینەوەیەی بڵاوکردەوە، ٦٠منداڵی کوڕ و کچ هەڵبژێردران لە تەمەنی (١-٦ رۆژ)، و هەموویان ئەم تاقی کردنەوەیان لە سەر کرا، لە هۆڵی لەدایك بوونی نەخۆشخانەی ناوبراو (Leeds)، کران بە دوو گروپەوە، ٣٠کەسیان پێش لێدانی دەرزییەکە تەنها ئاوی (معقم)یان دانێ، ٣٠کەسەکەی تر کران بە سێ گرووپەوە، بە پێی رێژەی ئەو شەکرەی پێیان دان، بە رێژەی: ١٢,٥٪، ٢٥٪، ٥٠٪.

هەموو ئەم گیراوانە دران بە منداڵەکان پێش دوو دەقیقە لە لێدانیان بە دەرزی وەرگرتنی خوێن لێیان، بە مەبەستی پێوانی رێژەی زەردوویی لە خوێنیاندا (کە تاقی کردنەوەیەکە بۆ هەموو منداڵێکی تازە بوو دەکرێت)، ئەم دەرزی لێدانە دەبێتە هۆی گریانی تازە بووەکان بۆ ماوەیەك بە هۆی ئازارەوە، پاش سێ دەقیقە لە چاودێریی گریانی منداڵەکان، ئەم ئاکامانەی هەبوو:

١- ئەو گیراوە شەکرییە لە دەمی منداڵەکاندا زۆر بە باشی هەست کردن بە ئازار و لێدانی خێرای دڵی منداڵەکانی کەم کردەوە.



٢-باشترین ئاکام لەو منداڵانەدا بوو کە ڕێژەیەکی بەرزی شەکریان درایە واتە ٥٠٪.

٣-خستنە ناو دەمی ماددەیەکی شەکریی بۆ منداڵ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئازار، و بەکار نەهێنانی دەرمانی ئازار شکێنەر.

– پزیشکی هەموو مرۆڤایەتی پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم کەس بوو کە لە مێژوودا هەستا بەم کارە، بەوەی شتێکی شیرینی دەخستە ناودەمی منداڵی تازەبوو، کاتێک بۆیان دەهێنا خورمایەکی دەجوو و لە شیرینیەکەی دەخستە دەمی منداڵەکەوە، کە ئەم سوننەتە پێیدەووترێت (تحنيك المولود)، لە (بوخاری وموسلیم)دا هاتووە: عن أبي موسى الأشعري (رضي الله عنه) قال: ﴿ولد لي غلام فأتيت به النبي (ﷺ) فسمّاه إبراهيم و حنكه بتمرة و دعا له بالبركة﴾، واتە: (ئەبو موسای ئەشعەری) دەڵێت: من کوڕێکم بوو و هێنام بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش ناوی نا (ئیبراهیم) و خورمایەکی جوویی و لە شیرینیەکەی خستە دەمییەوە، ئەمەی بۆ هەموو منداڵێکی تازە بوو دەکرد.

ئەمە موعجیزەیەکی گەورەیە، چونکە بینراوە کە خوورما ڕێژەی شەکرەکەی دەگاتە ٧٠-٨٠٪، و شەکری (فرەکتۆز و گلوکۆز)ی تێدایە، کە ووزەیەکی زۆر بە لەش دەبەخشێت، و خواردنی سەرەکی مێشکی مرۆڤیشە، هەروەها خوورما پرۆتین و چەندین ڤیتامینی وەك: (A, B1, B2)ی تێدایە، هەروەها کانزاکانی: پۆتاسیۆم و صۆدیۆم و کالیسیۆم و ئاسن و مەنگەنیز و مسیشی تێدایە، کەواتە خواردنێکی زۆر تەندروستیيە بۆ هەموو مرۆڤێك بە تایبەتی منداڵ.

– لە لایەکی ترەوە بینراوە کە ڕێژەی شەکر لە لەشی تازە بوودا لە سەرەتادا زۆر کەمە، لە (٣٠-٥٠میللیگرام/١٠٠سانتیمەتر سێجا)ی خوێندا کەمترە، کە ڕێژەی ئاسایی لە (٨٠ملغم) زیاترە، ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە و دەبێتە هۆی چەندین نیشانەی خراپ لە منداڵەکەدا لەوانە:

١- منداڵەکە هێزی شیر خواردن و مژینی نامێنێت.

٢- ماسولکەکانی خاو دەبنەوە.

٣- ڕاوەستانی پچڕپچڕی هەناسە و شین بوونەوە.

٤- لەوانەیە گرژبوونی ماسولکەکان و فێی لێبێت.

ئەگەر شیرینی نەدرێت بە منداڵی تازە بوو لەوانەیە ئەمانە ڕووبدات:

١- دوا کەوتنی گەشە کردنی.

٢- دابەزینی ئاستی ژیریی.

٣- ئیفلیجیی دەماخ و نۆرەی فێ لێهاتن. ٤- تێکچوونی بیستن یان بینین یان هەردووکیان. ئەگەر بە پەلە چارە نەکرێت منداڵەکە لەوانەیە بمرێت، کە چارەسەری زۆر ئاسانە ئەویش تەنها پێدانی شیرینیيە بە منداڵی تازە بوو.

هەستانی پێغەمبەر (ﷺ) بەم کارە لە سەردەمی نەزانین و نەفامیدا، و دانی شیرینی (خورما) بە منداڵ، یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر، چونکە شەکر زۆر پێویستە بۆ منداڵ، و تازە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گرنگییەکەی دەرکەوتووە.

لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دراوە، کە لە سوورەتی (مریم)دا دەفەرموێت: ﴿فأجاءها المخاض إلى جذع النخلة قالت يا ليتني مت قبل هذا وكنت نسيا منسيا {٢٣} فناداها من تحتها ألا تحزني قد جعل ربك تحتك سريا {٢٤} وهزي إليك بجذع النخلة تساقط عليك رطبا جنيا {٢٥} فكلي واشربي وقري عينا{٢٦}﴾، واتە: (مریم) ژانی منداڵبوون گرتی و بردی بۆ لای قەدی دارخورمایەك، (بە دەم ئاه و ناڵەی منداڵبوونەوە) دەیووت: خۆزگە پێش ئەم حاڵەتە بمردمایە و وەك شتێکی لەبیرچوو بوومایە، لە ژێرییەوە بانگی لێکرا: خەفەت مەخۆ، ئەوە پەروەردگارتە بە بەردەمتدا جۆگەلەیەکی جاری کردووە، قەدی ئەو دارخورمایەش (کە پاڵت پێوە داوە) کەمێك

راوەشێنە، خورمای گەییووت بەسەردا دەبارێنێت، ئینجا لەو خورمایە بخۆ، و لەو ئاوەیش بخۆرەوە و خەمیشت نەبێت.

– هەمووموان دەزانین منداڵ بوون کردارێکی زۆر بە ئازارە و پێویستی بە ووزەیەکی زۆر هەیە، و هەروەها ماددەی راگری خوێن بەربوونیشی پێویستە، کە ئەمانە هەمووی لە خوورمادا هەیە، هەروەها سەلماوە کە خورما باشترین خواردنە بۆ ئافرەت لە کاتی منداڵ بووندا، چونکە چەندین ماددەی سوودبەخشی تێدایە، بێجگە لە شەکرەکەی کە ووزەیەکی زۆر باش دەدات، و یارمەتی ئافرەتەکە دەدات کە تەندروستی باش بێت، بەوەی دۆزراوەتەوە کە ماددەیەکی تێدایە یارمەتی گرژ بوونی منداڵ دەدات، ئەمانە بێجگە لەوەی کە ئەگەر بدرێت بە منداڵیش دوای لەدایک بوون ئەو سوودانەی هەیە کە باسکران، کەواتە فەرموودەکان و ئایەتەکان پشتگیری یەکتر دەکەن لە دەرخستنی ئەم موعجیزەدا.

ئەمانەی باس کران چەند نموونەیەکی کەم بوون لە تیشکی درەوشاوەی موعجیزەکانی سوننەتی پیرۆز، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زانایانی سەرسام کردووە، و وای لێکردوون کە دان بە ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ)دا بنێن، بەڵام بەداخەوە دەبینین لە وولاتی موسوڵماناندا خەڵکانی نەزان و نەفام بە پڕوپاگەندەی شوێن کەوتنی زانست و پێش کەوتنی ڕۆژئاوا دژایەتی پێغەمبەر و پەیامە پیرۆزەکەی دەکەن، کە وەك ووتمان ئەوپەری سەر لێشێوانە، چونکە زانست و پێشکەوتنی نوێ بە تەواوی پشتگیری لە فەرموودەکانی پێغەمبەر و پەیامی پیرۆزی ئیسلام دەکەن.

**و آخـر دعوانا أن الحمـد لله رب العالمين**

## سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز.
٢- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان/ م. بورهان محمد ئەمین.
٣- الإعجاز العلمي في السنة النبوية/ د. صالح بن أحمد رضا.
٤-الطب الوقائي في الإسلام/ الصيدلي عمر محمود عبدالله/ الموصل ١٩٩٠.
٥-سلسلة في الإعجاز العلمي للقرآن الكريم و السنة المطهرة: ثم أسلمت العلوم/ عادل زين العابدين محمد/ بغداد-٢٠٠٠.
٦-گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارەکانی ٤،٣/ ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩/ بابەتی: (من إعجاز القرآن الكريم و السنة المطهرة في: الطب الوقائي و الكائنات الدقيقة/ بەشی ١-٢)/ بڵاوکراوەی: (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن و السنة).
٧-گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە ٤/ ساڵی ١٩٩٩/ بابەتی: (تحنيك المولود و ما فيه من إعجاز علمي)/ بڵاوکراوەی: (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن و السنة).
٨-موحازەرەیەکی (د. عبدالصبور شاهين) لە کەناڵی فەزایی (دوبەی)/ دەربارەی (الطب الوقائي في الإسلام).
٨-ئینتەرنێت: سایتەکانی:
– www.islamonline.net
– www.tasabeeh.com



صفحة من المصحف الشريف بخط زيد بن ثابت

# ته‌فسیری ئایه‌تی پیرۆزی قورئان:
# [وَ جَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ]

**مامۆستا دارا عومه‌ر**

پێشه‌كی:

زانراوه كه هه‌موو مادده‌یه‌ك له سروشتدا (ره‌ق بێت یان شل یان له شێوه‌ی هه‌وادا بێت) به‌پێی ڕێسا به گه‌رما ئه‌كشێ و قه‌باره‌كه‌ی زیاد ده‌كات، و به سه‌رماش ده‌چێته‌وه یه‌ك و قه‌باره‌كه‌ی كه‌م ده‌بێته‌وه، هه‌ر ئه‌مه‌شه ده‌بێته هۆی كه‌مبوونه‌وه‌ی چڕیی مادده‌یه‌ك له كاتی گه‌رمبووندا و به‌رز بوونه‌وه‌ی چڕیی ئه‌و مادده‌یه له كاتی ساردبوونه‌وه‌یدا.

لەم بواره‌دا ئه‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه ده‌خه‌مه ڕوو:

١-سروشتێك كه بریتی بێت له خۆڵ و ئاو و هه‌وا و تیشك، كه هه‌ر چواریان مادده‌ی بێ‌گیانن ئه‌شێ فه‌رمان بۆ ئاو ده‌ركات و پێ‌ی ڕاگه‌یێنێ و بڵێ: تۆ ئه‌ی (ئاو) ئه‌و ڕێسایه‌ی سه‌ره‌وه ده‌تگرێته‌وه كه وه‌ك مادده‌یه‌كی شل به گه‌رمی بكشێ و به سه‌رما بچۆیه‌ك و كه‌م ببه‌ره‌وه، به‌ڵام كه گه‌یشتیته پله‌ی گه‌رمیی چوار پله‌ی سه‌دی و دابه‌زیت بۆ پله سێ‌ی سه‌دی، به‌و سارد بوونه‌وه‌یه بكشێ له جیاتی ئه‌وه‌ی بچیته یه‌ك به‌مه‌ش ڕێسای گشتی بشكێنه، و به پێچه‌وانه‌وه ره‌فتار بكه، ئه‌م لادانه‌ی ئاو له یاسای سروشتی گشتی ئه‌شێ كاری سروشتی بێ گیان بێت؟!!

٢-بڕواداران ده‌ڵێن خوا خالقی زه‌وی و ئاسمانه‌كان و هه‌موو مادده‌كان و زینده‌وه‌رێكه، فه‌رمانی به ئاو (كه مادده‌یه‌كی بێ گیانه) داوه كه له كاتی سارد بوونه‌وه‌دا بۆ كه‌متر له پله‌ی چواری سه‌دیی گه‌رمایی، له جیاتی ئه‌وه‌ی قه‌باره‌كه‌ت كه‌متر ببێته‌وه به‌و سارد بوونه‌وه‌یه، بكشێ و قه‌باره‌كه‌ت زیاتر بكه.

به‌مه‌ش ئه‌و سارد بوونه‌وه‌یه ناچێته خواره‌وه‌ی ئاوی ده‌ریاكان و هه‌مووی نابێت به سه‌هۆڵ، به‌مه‌ش زینده‌وه‌رانی ناو ئاوی ده‌ریاكان به‌رده‌وام له ژیاندا ده‌مێنن.

**﴿و جعلنا من الماء كل شيء حي﴾ الأنبياء٣٠**، واته: سیفاتێكمان به‌خشی به ئاو كه گونجاو و یارمه‌تیده‌ر بێت بۆ به‌رده‌وامی ژیانی هه‌موو زینده‌وه‌ران.

٣-خوای گه‌وره ئه‌و فه‌رمانه‌ی بۆ ئاو ده‌ركردووه، كه له دوای كه‌م بوونه‌وه‌ی پله‌ی گه‌رمیی ئاو له چوار پله‌وه بۆ پله‌كانی: سێ، دوو، یه‌ك، سفر، قه‌باره‌كه‌ی زیاد بكات به پێچه‌وانه‌ی ڕێسای كه‌م بوونه‌وه‌ی قه‌باره به دابه‌زینی پله‌ی گه‌رمیی، به‌مه‌ش ئه‌و ئاوه‌ی له درزه‌كانی ژێر زه‌وی‌دا ده‌یبه‌ستێ و ده‌بێت به سه‌هۆڵ، به‌هۆی ئه‌م زیاد بوونی قه‌باره‌یه‌وه هۆكاری ته‌قینه‌وه‌ی كانیاوه‌كانه، و كارێك ده‌كات كه ئاوه په‌نگ خواردووه‌كه‌ی ژێر زه‌وی قه‌تیس نه‌بێ و له كانیاوه‌كانه‌وه بێته ده‌ره‌وه بۆ سه‌ر زه‌وی، بۆ سوود به‌خشین به ڕووه‌ك و ئاژه‌ڵ و مرۆڤ، خوا له قورئاندا ده‌فه‌رموێت: **﴿أنا صببنا الماء صبا {٢٥} ثم شققنا الأرض شقا {٢٦}﴾ عبس**، واته: بێگومان ئێمه ئاومان بۆ دا باراندوونه‌ته خواره‌وه، به‌ڵام چۆن دابارینێك، كه له‌وه‌ودوا و به‌هۆیه‌وه زه‌ویمان له‌ت له‌ت كرد.

٤-فه‌رماندانی خوای ته‌عالا به مه‌خلوقات بۆ ده‌رچوون له ڕێسا سروشتی‌یه‌كان، كه هه‌ر خوای په‌روه‌ردگار خۆی بۆی داناون، به‌پێ‌ی پێویست و له شوێن و كاتی پێوستدا ته‌نها بۆ مادده‌ی ئاو نی‌یه، ئه‌وه‌تا فه‌رمانی داوه به ئاگر كه له سروشتی خۆی ده‌ربچێت، و سووتێنه‌ر نه‌بێت بۆ حه‌زره‌تی ئیبراهیم (**علیه السلام**): **﴿قلنا یا نار كوني بردا وسلاما على إبراهیم﴾ الأنبیاء:٦٩**، واته: ئێمه به ئاگرمان ووت و فه‌رمانمان پێ‌كرد: ئه‌ی ئاگر سارد به‌ره‌وه و سه‌لامه‌ت به له‌سه‌ر ئیبراهیم.

٥-خوای گه‌وره هه‌موو گیان له‌به‌رانی خه‌لق كردووه، و ئه‌سبابی به‌رده‌وامیی ژیانیشی بۆ ڕه‌خساندوون، ئه‌گه‌ر ئاو له ژێر پله‌ی گه‌رمای چوار پله‌ی سه‌دی‌یه‌وه، له جیاتی چوونه‌وه‌یه‌ك و كه‌م بوونه‌وه‌ی قه‌باره‌كه‌ی، نه‌كشایه و سه‌رنه‌كه‌وتایه به‌هۆی كه‌م بوونه‌وه‌ی چڕی‌یه‌كه‌یه‌وه، ئه‌و ساته هیچ گیان له‌به‌رێكی ناو ئاوی ده‌ریاكان ژیانیان به‌رده‌وام نه‌ده‌بوو، چونكه ئاوی ده‌ریاكان له

ژێرەوە بەرەو سەرەوە هەمووی دەبوون بە سەهۆڵ و گیانلەبەرەکانی ناو دەریاکەش دەمردن، هەروەها کانیاوەکانیش لە هیچ شوێنێکی سەر زەوی‌دا پەیدا نەدەبوون.

دوا ووتەم ئەم پرسیارانەیە:

أ-ئایا ئەچێتە عەقڵەوە کە ئاو وەك ماددەیەکی بێگیان فەرمان بۆ خۆی دەربکات کە لە یاسا و ڕێسا لابدات، و بەخۆی بڵێ کە پلەی گەرمایی‌یەکەت دابەزی لە چوار پلەی سەدی‌یەوە، لەجیاتی ئەوەی قەبارەکەی کەم ببێتەوە، با قەبارەکەت زیاد بکات!!

ب-ئایا ئەچێتە عەقڵەوە کە ئەو فەرمانەی لادان لە ڕێسا کە لە بڕگەی (أ)ی سەرەوەدا هاتووە، فەرمانی هەوا یان خۆڵ یان تیشکی بێگیان بێت!!

ج-ئاو و هەوا و خۆڵ و ڕووناکی کە هەر چواریان سروشتییان پێك هێناوە، ماددەی بێگیان و بێعەقڵن، یاسا و ڕێسای بەڕێوەبردنی ژیان بە بێگیان و بێعەقڵ دانانرێت، بەڵکو ئەو کار و فەرمانانە تایبەتە بەو خوایەی کە خالقی هەموو شتێکە، لە ماددە بێگیانە سروشتی‌یەکان و هەموو زیندەوەران، ئەو مرۆڤەی هۆش و هەست و عەقڵی هەبێت دەزانێ کە ئەو کارانە ناشێ کاری ماددەی بێگیان بێت.

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

**﴿الذي أحسن كل شيءٍ خلقه وبدأ خلق الإنسان من طين﴾ السجدة :٧**

**﴿إنا كل شيءٍ خلقناه بقدر﴾ القمر :٤٩**

**﴿وخلق كل شيءٍ فقدره تقديرا﴾ الفرقان:٢**

**﴿الله خالق كل شيءٍ وهو على كل شيءٍ وكيل﴾ الزمر:٦٢**

لە کۆتایی‌دا

**فللّه الحمدُ ربِّ السماواتِ وَ رَبِّ الأرضِ وَ رَبِّ العالمين.** ۞

# سەرنج و تێبینییەکانتان

هەیڤ

بسم الله الرحمن الرحیم

**خوێنەرانی خۆشەویست......**

شادومانین بە گەیشتنەوەمان پێتان لەم ژمارە نوێیەی گۆڤارەکەتاندا، کە لەبەر زۆری و چڕیی و بەپێزی و هەمە لایەنەیی بابەتەکان بڕیارماندا کە ئەم جارە دوو ژمارەی گۆڤارەکەتان بە یەکەوە بڵاو بکەینەوە، وەك عادەتمان لەگەڵ بەڕێزتاندا چەندین نامە و بابەتی جۆرا وجۆری ترمان بەدەست گەیشت کە دووپاتی خۆشەویستی و پایە بەرزیی ئەم بەرهەمە لەلای بەڕێزتان دەکەنەوە، فەرموون ئێوە و وەڵامی نامەکانی ئەم جارە:

– لە لایەن کۆمەڵەی (ئارا) بۆ توێژینەوەی زانستی چەند بەرهەمێکیانمان بەدەست گەیشت، زۆر سوپاسی بەڕێزیان دەکەین و هیوای بەردەوامی‌یان بۆ دەخوازین.

– سوپاسی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە دەکەین کە بابەت بەشداری ئەم ژمارەیەی (هەیڤ)یان کرد، لەخوای پەروەردگار داواکارین نموونەیان زۆربێت:

* م. سەروەر حسن علی/ سلێمانی.
* د. عبدالرحمن سەنگاوی/ سلێمانی.
* م. دارا عومەر/ سلێمانی.
* هێمن محی‌الدین عبدالرحمن/ سلێمانی.
* کەمال محمد سەرگەڵوویی.
* ئاسیا کەمال حەسەن/ سلێمانی.
* کارزان محمد ڕەواندوزی/ هەولێر.
* هیدایەت مەلا شێخ/ سلێمانی.

– لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە چەند بابەتێکمان بەدەست گەیشتووە، کە پێمان باش بوو لە لاپەڕەی سەرەکی سایتی ناوەندەکەماندا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە گۆشەی: (بە پێنووسی خوێنەران)دا بڵاوی بکەینەوە:

* ماموستا مفید عبدالله/ سلێمانی.
* هەردی هەژار علی/ شەشەمی زانستی/ سلێمانی.

– **دووپاتی دەکەینەوە کەوا دەرگای گۆڤارەکەمان هەمیشە کراوەیە بۆ پێشوازی بابەت و سەرنج و تێبینی هەموو لایەك، خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بەم ڕێگایانە پەیوەندیمان پێوە بکەن:**

**١- ڕاستەوخۆ بابەتەکانیان بگەیەننە نووسینگەی سەرەکی ناوەند لە سلێمانی.**

**٢- دەتوانن بەدەستیی نامەکانیان بگەیەننە ئەندامانی دەستەی باڵای ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.**

**و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته**

# پێناساندنێکی پیتە سەرەتاییەکانی قورئانی پیرۆز

کارزان محمد ڕەواندوزی/ هەولێر

هەروەك دەزانین کە قورئانی پیرۆز لە (١١٤) سوورەت پێك دێت، (٢٩)[1] دانەی بە پیتی پچڕ پچڕ دەست پێدەکات (الحروف المقطعة)، کە پێیان دەووترێت (پیتە نورانییەکان)، وەك: (الم ، المر ، حم ، یس ... هتد)، ئەم سوورەتانەش بە نزیکەیی یەکسانن بە نیوەی قورئانی پیرۆز لە قەبارەدا، ئەمانەش سوورەتەکان و سەرەتاکانێتی یەك لەدوای یەك، بەپێی هاتنیان لە قورئانی پیرۆزدا:

البقرة (الم) ، آل عمران (الم) ، الأعراف (المص) ، یونس (الر) ، هود (الر) ، یوسف (الر) ، الرعد (المر) ، إبراهیم (الر) ، الحجر (الر) ، مریم (کهیعص) ، طه (طه) ، الشعراء (طسم) ، النمل (طس) ، القصص (طسم) ، العنکبوت (الم) ، الروم (الم) ، لقمان (الم) ، السجدة (الم) ، یس (یس) ، ص (ص) ، غافر (حم) ، فصلت (حم) ، الشوری (حم عسق) ، الزخرف (حم) ، الدخان (حم) ، الجاثیة (حم) ، الأحقاف (حم) ، ق (ق) ، ن (ن).

موفەسیرەکان بە گەلێك شێوە ئەم پیتە سەرەتاییانەیان تەفسیر کردووە و لێکیان داوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان دڵنیاییان دەرنەبڕیوە و لەسەر شێوەیەکی دیاریکراو لە تەفسیر کردنیاندا ڕێك نەکەوتوون، و هیچ لێکدانەوەیەکیشی ئەو ڕاستییەی لێوە دەرنەکەوتووە کە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتبێ، لێکدەرەوە و موفەسیرەکان هەوڵیان داوە کە نهێنی و بلیمەتی لە هاتنی ئەم سەرەتایانەدا بزانن، بەڵام نەگەیشتوونەتە شتێك کە دڵ پێی ڕازی بێت و دڵنیابن لێی، هەتاکو وای لێهاتووە دەستەواژەی (الله أعلم بمراده) واتە: خوا خۆی بە مەبەستی خۆی لەم پیتانەدا شارەزاترە، دەستەواژەیەکی ئاسایی بێت لە پەڕتووکی تەفسیرەکاندا، کاتێك کە دەگەنە ئاستی لێکدانەوەی ئەم سەرەتایانە.

ئەمەی لەمەودوا دێت چەند تێبینییەکە دەربارەی سەرتاکان بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە:

١- پیتە نورانییەکان: (سەرەتاکان) "١٤" پیتن: (أ ، ل ، م ، ر ، ص، ك ، هـ ، ي ، ع ، ط ، س ، ح ، ق ، ن).

٢- ژمارەی سەرەتاکان: "١٤" سەرەتایە، ئەوانیش: (المر ، المص ، الم ، الر ، حم ، حم عسق ، کهیعص ، یس ، طه ، طسم ، طس ، ص ، ق ، ن).

٣- هەندێك سەرەتا هەن کە تەنها پیتێکە: (ن ، ق ، ص)، و هەندێك سەرەتا دوو پیتن: (طه ، یس ، طس ، حم)، و سەرەتا هەیە کە لە سێ پیت پێك دێت: (الم ، الر ، طسم)، و سەرەتا هەیە لە چوار پیت پێك دێت: (المص ، المر)، و سەرەتا هەیە لە پێنج پیت پێك دێت: (کهیعص ، حم عسق).

٤- هەندێك لە سەرەتاکان بە تەنها دووبارە نەبوونەتەوە و بەو شێوەیەی یەك جار هاتووە: (المص ، المر ، کهیعص ، طه ، طس ، یس ، ص ، حم عسق ، ق ، ن)، و هەندێك لە سەرەتا هەیە کە لەناو سەرەتای تردا دووبارە بۆتەوە: (طس ، ص ، ق)، و هەندێك سەرەتا هەیە کە بە تەنها بەو شێوەیەی دووبارە بۆتەوە وەك: (الم ، الر ، طسم ، حم)، لەمەیشدا یەکێك هەیە کە لە سەرەتایەکی لەخۆی گەورەتردا دووبارە نەبۆتەوە ئەویش (طسم)ە.

٥- تەنها سوورەتەکانی (الحوامیم) بەدوای یەکدا هاتووە لە ڕیزکردنیدا لە قورئاندا، زنجیرەی ئەو سوورەتانەی تێیدا هاتوون ئەمانەیە: (٤٠ ، ٤١ ، ٤٢ ، ٤٣ ، ٤٤ ، ٤٥ ، ٤٦)، تەنانەت هاتنە خوارەوەیشیان بەدوای یەکتردا هاتووە، چونکە یەکەم جار سوورەتی ژمارە (٤٠) هاتۆتە خوارەوە، دوایی (٤١)، و دوایی (٤٢) و .... بەم شێوەیە، لە ئەنجامی ئەوەی کە (حم) ئایەتێکە و (عسق) ئایەتێکە، سەرەتاکانی (الحوامیم) کۆمەڵێکی یەك لە دوای یەکی بێ پچڕانی پێك هێناوە، لە کاتێکدا کە پچڕان ڕووی داوە لە ڕیز کردنی سەرەتاکانی (الر)، ئەویش بە سوورەتی (الرعد): (المر).

٦- یەکەم سوورەت کە هاتە خوارەوە لە سوورەتی سەرەتاکاندا: سوورەتی (القلم) بوو، و ئایەتی یەکەم تیایدا ﴿نْ و القَلَم و ما يسطُرونَ﴾ (القلم:١)، سوورەتی (ق) دووەم دابەزین بوو، پاشان (ص)، واتە: یەکەم هاتنە خوارەوە هاتنە خوارەوەی ئەو سەرەتایانە بوو کە لە یەك پیت پیك دێن، و پیتیش یەکەی دروست بوونی ئەو سەرەتایانەیە.

[1] بڕوانە: (٢٩) ژمارەی پیتەکانی ئەلف و بێی عەرەبییە!!.

## چاو پێداخشاندنێك به به‌دوای یه‌كدا هاتنی سووره‌ته‌كان و سه‌ره‌تاكانیدا:

| ژماره‌ی به‌دوای یه‌كداهاتن | ژماره‌كه‌ی له قورئاندا | سووره‌ته‌كه | سه‌ره‌تاكه‌ی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | البقرة | الم |
| ٢ | ٣ | آل عمران | الم |
| ٣ | ٧ | الأعراف | المص |
| ٤ | ١٠ | یونس | الر |
| ٥ | ١١ | هود | الر |
| ٦ | ١٢ | یوسف | الر |
| ٧ | ١٣ | الرعد | المر |
| ٨ | ١٤ | إبراهیم | الر |
| ٩ | ١٥ | الحجر | الر |
| ١٠ | ١٩ | مریم | كهیعص |
| ١١ | ٢٠ | طه | طه |
| ١٢ | ٢٦ | الشعراء | طسم |
| ١٣ | ٢٧ | النمل | طس |
| ١٤ | ٢٨ | القصص | طسم |
| ١٥ | ٢٩ | العنكبوت | الم |
| ١٦ | ٣٠ | الروم | الم |
| ١٧ | ٣١ | لقمان | الم |
| ١٨ | ٣٢ | السجدة | الم |
| ١٩ | ٣٦ | یس | یس |
| ٢٠ | ٣٨ | ص | ص |
| ٢١ | ٤٠ | غافر | حم |
| ٢٢ | ٤١ | فصلت | حم |
| ٢٣ | ٤٢ | الشوری | حم عسق |
| ٢٤ | ٤٣ | الزخرف | حم |
| ٢٥ | ٤٤ | الدخان | حم |
| ٢٦ | ٤٥ | الجاثیة | حم |
| ٢٧ | ٤٦ | الأحقاف | حم |
| ٢٨ | ٥٠ | ق | ق |
| ٢٩ | ٦٨ | القلم | ن |

ئه‌م سووره‌تانه به نزیكه‌یی له قه‌باره‌یاندا نیوه‌ی قورئان پێك دێنن، و پێش ئه‌وه‌ی كه ده‌ست بكه‌ین به ئاماری پیته سه‌رتاییه‌كان له‌م سووره‌تانه‌دا سه‌یری به‌دوای یه‌كتر هاتنیاندا ده‌كه‌ین و سه‌ره‌تاكانیشیان، و په‌یوه‌ندی ئه‌مه‌ش به ژماره (١٩)ه‌وه كه ژماره‌ی پیته‌كانی (بسم الله الرحمن الرحیم)ه.

١- یه‌كه‌م سووره‌ت كه دابه‌زیوه له‌م سووره‌تانه‌دا بریتییه له سووره‌تی القلم (ن)، و سه‌ره‌تاكه‌یشی له هیچ سووره‌تێكی تردا دووباره نه‌بۆته‌وه، و دووه‌م سووره‌ت سووره‌تی (ق)ه ، و سه‌ره‌تاكه‌ی دووجار دووباره بۆته‌وه: (ق) ، (حم عسق)، و سێهه‌م ئایه‌ت كه هاتۆته خواره‌وه سووره‌تی (ص)ه ، و سه‌ره‌تاكه‌یشی سێجار دووباره بۆته‌وه: (ص) ، (المص) ، (كهیعص).

٢- ئه‌م سێ سووره‌ته‌ی كه له پێشه‌وه باسكران: (ص) ، (المص) ، (كهیعص)، په‌یوه‌ندییه‌ك هه‌یه له نێوان به‌دوای یه‌كدا هاتنیان، و ژماره (١٩)دا: سووره‌تی (ص) ژماره‌كه‌ی له به‌دوای یه‌كدا هاتنی سووره‌ته‌كاندا (٣٨)ه‌مینه، واته: (١٩ × ٢)، و ئه‌گه‌ر له سووره‌تی (ق)ه‌وه ده‌ست بكه‌ین به ژماردن ئه‌وا به‌دوای یه‌كدا هاتنی سووره‌تی (القلم) (ن) بریتییه له (١٩).

٣- ژماره‌ی سووره‌ته‌كان (٢٩)یه و سووره‌تی (العنكبوت) ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاسته‌وه له زنجیره‌ی خشته‌كه‌ی سه‌ره‌وه‌دا، و تێبینی ئه‌وه ده‌كرێت كه (تسلسلی) به‌دوای یه‌كدا هاتنی له قورئاندا بریتییه له (٢٩)هه‌مین سووره‌ت!! ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنجه ئه‌وه‌یه كه سووره‌ته‌كه (سووره‌تی العنكبوت) ماناكه‌ی جاڵجاڵۆكه‌یه، جا ئایا په‌یوه‌ندییه‌كی جاڵجاڵۆكه‌یی هه‌یه له نێوان ئه‌م (٢٩) سووره‌ته‌دا؟! و ئایا په‌یوه‌ندی هه‌یه به ژماره (١٩)یشه‌وه؟ به گه‌ڕانه‌وه بۆ ئایه‌تی (٤١) له سووره‌تی (العنكبوت) دا كه باس له (العنكبوت) ده‌كات، ده‌بینین له (١٩) ووشه پێك دێت، په‌ڕتوكێك هه‌یه به ناوی (الریاضیات المسلیة)، نووسه‌ر باسێكی تایبه‌ت كردووه به پێكهاته‌یه‌ك كه ناوی ناوه (شكڵه جاڵجاڵۆكه‌ییه‌كان)، ئه‌مانه‌ش چه‌ند شكڵێكه زانایانی بیركاری دایان ناوه بۆ ده‌رخستنی توانای بیركردنه‌وه‌ی خۆیان، ده‌بینین ئه‌مه له‌گه‌ڵ ڕێكخستنی سووره‌ته‌كانی (الفواتح) واته سه‌ره‌تاكاندا ده‌گونجێت، به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه:

سووره‌تی العنكبوت ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی سووره‌ته‌كانه‌وه كه به پیته سه‌ره‌تاییه‌كان ده‌ست پێده‌كات، پاشان بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه سووره‌تی (البقرة) و سووره‌تی (القلم) هه‌مان دووری دورن له سووره‌تی (العنكبوت)ه‌وه، پاشان سووره‌ته‌كانی: (آل عمران) و (ق)، پاشان (الأعراف) و (الأحقاف)، و به‌م شێوه‌یه.

بۆئەوەی وێنەی شێوەیەکی جاڵجاڵۆکەیی بکەین دەبینین: کە تاکە ڕێگە ئەوەیە کە وێنەی حەوت لابکێشین و چوار بازنە کە چەقی هەموویان سوورەتی (العنکبوت) بێت، بەمەیش کۆیان دەبێتە (٢٩) خانە، لە حاڵەتی وێنەکێشانی چوارلا لەگەڵ حەوت بازنەدا دەبینین کە شکڵەکە لە شکڵێکی جاڵجاڵۆکەیی ناچێت، (هێڵکاری ژمارە ١) کە لەمەودوا دێت دێت شکڵێکی جاڵجاڵۆکەییە، کە بە ژمارەی سوورەتەکان وێنەی دەکێشین بە پێی ڕێکخستنی لە قورئاندا، و بەپێی دووری لە چەقەکەیەوە کە بریتییە لە سوورەتی ژمارە (٢٩) کە سوورەتی (العنکبوت)ە، ئەگەر زنجیرەکانی هەر بازنەیەك کۆبکەینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەچێت:




## هێڵکاری ژمارە ( ١ )

-کۆی ژمارەکانی بازنەی یەکەم بریتییە لە: (١٨٦).
-کۆی ژمارەکانی بازنەی دووەم بریتییە لە: (٢١٠).
-کۆی ژمارەکانی بازنەی سێهەم بریتییە لە: (١٨٧).
-کۆی ژمارەکانی بازنەی چوارەم بریتییە لە: (٢١٠).

ئەوەی جێی سەرنجە یەکسان بوونی کۆی ژمارەکانە لە بازنەی دووەم و چوارەمدا، بەڵام سێهەم یەکێکی زیاترە لە یەکەم، ئەم زیادەیەش سوودێکی هەیە کە پەیوەندی بە ژمارە (١٩)ەوە هەیە، هەتاوەکو شکڵەکە جاڵجاڵۆکەیی بێت هەڵدەستین بە کۆکردنەوەی ژمارەکان بە شێوەیەکی بازنەیی لەهەر چوار بازنەکەدا، پاشان ژمارەکان بۆ هەر حەوت لاکە کۆدەکەینەوە، پاشان (٢٩) لە گەڵیاندا کۆدەکەینەوە کە بریتییە لە تسلسلی (بەدوای یەکدا هاتنی) سوورەتی (العنکبوت)، و بەم شێوەیە:

(٧٩٣ + ٧٩٣ + ٢٩) = ١٦١٥ ، واتە ١٩ × ٨٥

لە هێڵکارییەکەوە: تێبینی ئەوە دەکرێت کە (٣) سوورەت هەیە پێش سوورەتی (العنکبوت)، ژمارەکانیان بەدوای یەکدا هاتووە: (٢٦ ، ٢٧ ، ٢٨)، هەروەها پاشان سێ سوورەتی تری بەدوای‌یەکدا هاتوو هەیە: (٣٠ ، ٣١ ، ٣٢)، و هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت کە پێنج سوورەت پێش سوورەتی (العنکبوت) بە (مریم) دەست پێ‌دەکات (١٩ ، ٢٠ ، ٢٦ ، ٢٧ ، ٢٨)، و پێنج سوورەتی پاش (العنکبوت) کۆتایی دێت بە (ص): (٣٠ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٣٦ ، ٣٨)، واتە بە (١٩) دەست پێ‌دەکات وە بە (٣٨) کۆتایی دێت، واتە (١٩ × ٢)، کەواتە بە (ك) دەست پێ‌دەکات و بە (ص) کۆتایی دێت.

تێبینی ئەوەش دەکرێت کە (٨) سوورەت هەیە کە پێش (العنکبوت)ن، دەست پێ‌دەکات بەسوورەتی (الرعد) (المر): (١٣ ، ١٤ ، ١٥ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢٦ ، ٢٧ ، ٢٨)، و هەشت سوورەت هەیە بە سوورەتی (الشوری) کۆتایی دێت (حم عسق): (٣٠ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٣٦ ، ٣٨ ، ٤٠ ، ٤١ ، ٤٢)، تێبینی ئەوە دەکرێت کە سەرەتای (المر) دووبارە نەبۆتەوە، هەروەها سوورەتی (حم عسق)، و تێبینی ئەوە دەکرێت کە (المر) جیاوازە لە کۆمەڵەی (الر) دا، هەروەها (حم عسق) جیاوازی هەیە لە کۆمەڵەی (حم).

تێبینی دەکرێت کە (المر) هەردوو (الم ، الر) ی تێدایە، و (حم عسق) هەردوو (حم ، عسق)ی تێدایە، و دەتوانرێت ئەم شکڵە جاڵجاڵۆکەییەی کە دێت دروست بکرێت لەم سوورەتانەوە:




## هێڵکاری ژمارە ( ٢ )

-کۆی بازنەی یەکەم = ١١٠
-کۆی بازنەی دووەم = ١١٢
-کۆی بازنەی سێیەم = ١١٤
-کۆی بازنەی چوارەم = ١١٦

ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە جیاوازی نێوان کۆی هەموو بازنەیەك و ئەوەی بەدوای‌دا دێت بریتییە لە (٢).

# ئیعجازی سوننەتی پیرۆز لە چەند نموونەیەکی سەردەمدا

ئامادەکردنی: د. عبدالرحمن سەنگاوی
بەکالۆریۆس لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتیدا



سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێکەوە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا موعجیزە گەورەکەیان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەرکەوتووە کە ئیعجازی زانستییە، هەموو ئەو بابەتانەی کە ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەردەخەن مەبەست لێیان ئەوەیە کە بە مرۆڤایەتی بڵێن: بەسە رۆیشتنە خوارەوە بە هەڵدێری جاهیلییەت و نەفامیدا و بزانە کە خوای گەورەیە کە رێکخەر و بەڕێوەبەری هەموو گەردوونە و پێویستە بۆی ملکەچ بیت، هەموو ئەو زانستانەی کە لە رۆژگاری تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا درکی پێدەکەن و دەیدۆزنەوە هەمووی شوێنەواری ئەو فێرکردنە خودایییەیە بۆ باوکی مرۆڤایەتی و نەوەکانی ﴿**وعلم آدم الأسماء كُلها**﴾ البقرة٣١.

هەموو توێژینەوەکانی ئیعجازی زانستیش مەبەست لێیان ئەوەیە کە مرۆڤەکان بزانن کە زۆرێک لەو راستییانەی کە زانست و توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان پێی گەیشتوون پەروەردگاری زانا و دانا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا ئاماژەی پێداوە و هەروەها پێغەمبەری پێشەواش (صلى الله عليه وسلم) لە سوننەتە پیرۆزەکانیدا بەهەمان شێوە ئیشارەتی بۆ کردووە چونکە هەر پەروەردگار خۆی ئاگاداری کردووە و فێری کردووە، دەی ئەی مرۆڤایەتی هەق وویست بگەڕێرەوە بۆ لای خودای پەروەردگاری بە هەق و واز لە رێبازە ناڕەوا و سەرلێشێوێنەرەکان بهێنە، دوور بکەوەرەوە لە شەوی دەیجوور لەبەر ئەوەی رووناکییەکی درەوشاوە لەبەردەمتدایە، خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی هیدایەتت بدات بۆ ئەو رێبازە راست و تاقانەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا فەرموودەکانی خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەمووی پڕن لە حیکمەت و سوود بۆ مرۆڤایەتی، کە ئەگەر دەستی پێوە بگرین تووشی خێر و بەرەکەتی دونیا و دوارۆژ دەبین، من لێرەدا پێم خۆش کە ئاماژە بدەم بە چەند نموونەیەك لە دەریای پڕ لە فەڕی سوننەتی پیرۆز کە خۆم بە قوتابییەکی قوتابخانە ناوازەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەزانم.

## نموونەی یەکەم:

### ئەو بڕە خواردنەی کە مرۆڤ پێویستییەتی:

–عن المقدام بن معد يكرب (رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يقول: ﴿**ما ملأ آدمي وعاءً شراً مِن بطنِهِ، بِحسبِ ابنِ آدم لُقيماتٍ يقِمن صلبه، فَإِنْ كانَ لا محالَةَ، فَثُلُثٌ لِطَعامِهِ، و ثُلُثٌ لِشرابِهِ، و ثُلُثٌ لِنفَسِهِ**﴾ **حديث صحيح رواه أحمد والترمذي والنسائي وابن ماجة وابن حبّان والحاكم ووافقه الذهبي**.

واتە: لە (میقدامی کوڕی معد یکرب)ەوە کە هاوەڵێکی پێغەمبەر بووە (رەزای خوای لێبێت) ووتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو (درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: مرۆڤ هیچ دەفرێکی پڕ نەکردووە کە لە سکی خۆی خراپتر بێت (واتە سکتان پڕ مەکەن بەزیادڕەوی لەخواردن و خواردنەوەدا)، هەرئەوندە بەسە بۆ مرۆڤ کە چەند پارووییەك بخوات بۆ ئەوەی هێزی تێدا بێت و بتوانێت خۆی راگرێت، ئەگەر هەر ناتوانێت خۆی راگرێت و پێویست بکات با سکی بکات بە سێبەشەوە: بەشێکی بۆ خواردن، بەشێکی بۆ خواردنەوە، و بەشەکەی تر بە خاڵی بهێڵێتەوە

بۆ هاتووچۆی هەوا و هەناسەکەی (واتە ئەوەندە نەخوات کە نەتوانێت بە ئاسانی هەناسە بدات).

لەشی مرۆڤ بە هەموو ئەندامەکانی جووڵە و هەستەکان و ئەو مێشکەی مرۆڤیش کە بیر دەکاتەوە و تەگبیر دەکات، هەموویان پێویستی‌یان بە ووزە هەیە کە خۆی لەو خواردنەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ رۆژانە دەیخوات، و پاشان هەرسی دەکات و دەیگۆڕێت بۆ ئەو ماددە بەسوودانەی کە هەموو ئەندامێك پێویستی‌یەتی بۆ راپەڕاندنی کارەکانی، لەبەر ئەوەی کە خواردن خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە لەزەتەکان و لەوانەیە مرۆڤ بیکات بە مەبەست لەژیانیدا، لێرەدا رۆڵی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) دێت کە بە مرۆڤ دەڵێت:

خواردن لە ژیاندا خۆی لەخۆیدا ئامانج و مەبەست نییە، بەڵکو هۆکارێکی بەردەوام بوونی‌یەتی، کە خوای گەورە دایناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە کارە گرنگەکانی هەڵسێت لە ژیانی‌دا، کەواتە گرنگ لە خواردندا ئەوەیە کە وا لە مرۆڤ بکات کە بتوانێت خۆی راگرێت و هێزی تێدابێت، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هەموو کەسێك بەپێی کارەکەی و ئەرکەکانی لە ژیانیدا پێویستی بە خواردن هەیە، و مرۆڤەکان وەك یەك نابن لەم مەسەلەیەدا، و هەرگیز یەکێك کە بەردەوام لە کار و جووڵەدایە وەك یەکێك نابێت کە زوربەی کات دانیشتووە و بە ئەرکێکی لاشەیی ئەووتۆ هەڵناسێت.

بەڵام پێغەمبەری خودا بەو بەرچاو روونی‌یەی پەروەردگار پێی دابوو دەیزانی کە زۆرێك لە مرۆڤەکان بەوەندە رازی نابن، بۆیە پێیان دەفەرموێت ئەگەر بەوەندە رازی نەبوویت کە پێویستت پێیەتی لە ژیانی رۆژانەتدا ئەوە من ئامۆژگاری‌یەکت دەکەم کە تەنها سێیەکی گەدەت پڕ لە خواردن بکە و سێیەکی تر بۆ خواردنەوە و سێیەکەکەی تر بە بەتاڵی بەجێ‌بهێڵە، بۆ ئەوەی سێیەکانت بەشێوەیەکی ئاسایی هەناسە بدەن، و هەوای رۆیشتوو بۆ ناو سی‌یەکان و دەرچووش لە سی‌یەکانەوە بە شێوەیەکی ئاسایی رێڕەوی خۆیان وەربگرن، ناوپەنچك بەهۆی گەدەی پڕ بوو پەستانی نەچێتە سەر (کە کاری سی‌یەکان و دڵ و کۆئەندامی سووڕانی خوێن ناڕەحەت تر دەکات) و بە پێچەوانەشەوە ئەمیش پەستان نەخاتە سەر گەدە و دەرەنجام هەناسەدان ناڕەحەت نەبێت، فەرموودە پیرۆزەکە ئیعجازێکی پزیشکی تری تێدایە ئەویش ئاماژەدانە بە پەیوەندی نێوان هەناسەدان و پڕێتی یان خاڵێتی گەدە کە زۆر نوێ ئەم پەیوەندی‌یە بەشێوەیەکی زانستی‌یانە سەلمێنراوە.

قەڵەوی (السمنة Obesity) کە نەخۆشی‌یەکی گرنگی سەردەمە، وەك لە کتێبە پزیشکی‌یەکاندا هاتووە بریتی‌یە لە زیادڕەوی لە خواردندا کە کاریگەرترین چارەسەری بریتی‌یە لە خواردن بەڵام تێرنەبوون، ووتەیەکی بەناوبانگ و ڕاست هەیە کە دەڵێت: ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژی، مەبەست لە زۆرخۆریش تەنیا زیادڕەوی نی‌یە لە خواردنی چەوری‌دا کە زۆرێك لە خەڵکی وا تێدەگەن کە تەنیا زۆر خواردنی چەوری دەبێتە هۆی قەڵەو بوون، بەڵام زۆرخواردن لە هەمووجۆرەکانی تری ماددە خۆراکی‌یەکانیشدا وەك: کاربۆهیدرات و شیرینی‌یەکان و پرۆتینەکان بۆ لەش زەرەرمەندە، و لە لەشدا دەگۆڕێن بۆ چەوری و لە دیواری خوێنبەرەکاندا دەنیشێن و دەبنە هۆی رەقبوون و تەسك بوونەوەیان.

بە ڕاستی ئەم فەرموودە پیرۆزە یەکێکە لە لوتکەکانی ئیعجازی زانستیی خۆپارێزی و خۆراکزانی، کە یاسایەکی دان پێدانراوی زانستیی لە خۆگرتووە کە دەڵێت: یاسای سروشتی لە خۆراکدا و خۆپاراستن لە نەخۆشی بریتی‌یە لە ئیعتیدال و ناوەنجینەیی لە خواردندا، نە ئەوەندە کەم کە مرۆڤ نەتوانێت کارەکانی راپەڕێنێت و نە زیادڕەویش کە هەمووی زەرەرەز.

پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) کاتێك کە داوا دەکات کە سێیەکی گەدە بە خاڵێتی بمێنێتەوە ئاماژەی داوە بە ڕاستی‌یەکی پزیشکی زۆر نوێ کاتێك کە زانای رووسی ئیڤان پاڤلۆڤ (Pavlov) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دۆزی‌یەوە کە گەدە چەندین دەردراوی تایبەتی هەیە کە بۆ هەرس کردنی خواردن دەیڕژێت (ئەم زانایە پاداشتی نۆبلی لەسەر دۆزینەوەکانی لە ساڵی ١٩٠٤دا وەرگرت)، ئەگەر مرۆڤ گەدەی پڕبکات لە خواردن و خواردنەوە ئەوا ئەو دەردراو و ئەنزیمانەی گەدە شوێنیان بۆ نامێنێت تاوەکو لەگەڵ خۆراکەکەدا تێکەڵ ببن و هەرسی بکەن، بۆیە هەمیشە ئەو کەسەی کە بەردەوام گەدەی پڕدەکات هەست بە ناڕەحەتی و پڕبوون دەکات و خواردن باش هەرس ناکات (التخمة و عسر الهضم) کە لەوانەیە بیڕشێنێتەوە و تووشی چەندین ناڕەحەتی تر دەبێت، هەروەها گەدەی مرۆڤ پێك هاتووە لە توورەکەیەکی ماسولکەیی کە کاتێك مرۆڤ لە خواردن دەبێتەوە هەڵدەستێت بە راوەشاندنی خواردن و خواردنەوەکە و لەگەڵ دەردراوەکانی گەدەدا تێکەڵیان دەکات (وەك مەشکەی کوردەواری خۆمان وایە)، ئەگەر مرۆڤ بەشێکی گەدەی بە خاڵێتی بەجێ نەهێڵێت و هەمووی پڕ بکات ئەوا بواری ئەم راوەشاندنەی نابێت خواردنەکە بە باشی هەرس نابێت.

لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بە فەرمانێکی تری پێغەمبەر (ﷺ) بدەم کە وەك هاوەڵەکانی بۆمان دەگێڕنەوە: ﴿نهى رسولُ اللهِ (ﷺ) عن إدخال الطعام على الطعام﴾، واتە: پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری و نەهی کردووە لەوەی مرۆڤ دوای خواردن خواردنێکی تر بکات بەسەری‌دا،

مەبەستی فەرموودەکە ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ ژەمێک و خواردنێکی خوارد با بەیەکەوە هەمووی بخوات و پاشان ماوەیەکی باش بووەستێت ئینجا خواردنی تر بخوات، نەک کە کەمێکی خوارد تۆزێک بووەستێت و ئنجا کەمێکی تر بخوات، وەک زۆر کەس عادەتی وایە کە نان دەخوات پاش کەمێک شیرینییەک دەخوات ئینجا میوە و دوای کەمێکی تر چەرەسات و بەو شێوەیە، ئەمە زۆر هەڵەیە.

حیکمەت و گەورەیی ئەم فەرموودەیە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەرکەوتووە لە ڕووی زانستی کارئەندامزانییەوە (فیسیۆلۆژی Physiology)، زانایان بینیویانە کە گەدە کاتێک خواردنی تێدەچێت هەڵدەستێت بە داخستنی هەردوو سەرەتا و کۆتاییەکەی (گەدە دوو دەرگای هەیە: دەرگای سەرەوە کە لە سورێنچکەوە بۆی دەچێت و دەرگای خوارەوە کە ئەوەی لە ناویدایە دەیڕژێنێتە ناو ریخۆڵەی دوانزەگرێوە)، پاشان کرداری راوەشاندنیخۆراک ئەنجام دەدات کەئەمە ٢-٤سەعاتی دەوێت بۆ ئەوەی بە باشی خواردنەکە هەرس بکات، ئەگەر مرۆڤ زووتر خواردن بخوات واتە هەموو نیو سەعات یان سەعاتی جارێک شتێک بخوات بوواری ئەم کردارە نادات بە رێک وپێکی بەڕێوە بچێت و تووشی (عسر الهضم) دەبێت و سوودی باش لە خۆراکەکە وەرناگرێت، کەواتە کە مرۆڤ خواردنی خوارد با عادەتی وا بێت بە یەکەوە هەمووی بخوات و پاشان تا ٢سەعات بەلایەنی کەمەوە خۆراکی تر نەخوات و نەیکات بەسەر یەکدا بۆ ئەوەی تووشی ناڕەحەتی نەبێت، وەک چۆن فەرموودە پیرۆزەکە ئامۆژگاری کردووین و زانستی ئەمڕۆش راستیی و دانایی ئەم ووتەیەی بۆ دەرخستووین، ئەم بابەتە لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی بۆ کراوە لە باسکردنی خواردنی بەهەشتییەکاندا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿و فَاكِهَةٍ مما يتخيرون{٢٠} و لحم طـير مما يشتهون{٢١}﴾ الواقعة، واتە: بۆ بەهەشتییەکان هەیە هەر میوەیەک کە خۆیان هەڵیبژێرن، پاشان گۆشتی هەر باڵندەیەک کە حەزیان لێ بێت، واتە خواردنەکانیان بە دوای یەکدایە بە ماوەیەک، ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی زانستیی گرنگی تری تێدایە، کە هاتووە میوەی پێش خواردنی سەرەکی خستووە، کە ئەمە رێگەیەکی زۆر تەندروستییە و ئێستا پسپۆڕەکانی خۆراکزانی ئامۆژگاری خەڵکی پێدەکەن (لێرەدا خوێنەری بەڕێز یاد دەخەمەوە کە عادەتی لای خۆمان کە خواردنی میوەیە دوای نان بە ماوەیەکی کەم خوویەکی تەندروستی نییە و پێویستە بگۆڕدرێت).

هەروەها فەرموودەی دابەشکردنی گەدە بۆ ٣بەش حیکمەتێک و نهێنییەکی تریشی تێدایە کە رێدەگرێت لە قەڵەو بوونی مرۆڤ و کێشی زیادە، تەنانەت ئێستا لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا رێگەیەکی نوێ بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بەکاردەهێنرێت، ئەویش ئەوەیە کە باڵۆنێک (میزەڵانێک)ی تایبەتی دەخرێتە ناو گەدەوە و هەوای تێدەکرێت تا سێیەکی گەدە پڕدەکات و دوو بەشەکەی تری بە بەتاڵی دەهێڵرێتەوە بۆ خواردن و خواردنەوە، بینراوە کە ئەم رێگەیە زۆر سوودبەخشە بۆ دابەزاندنی کێشی زیادە، هەروەها سوودێکی تری (د. محمـود الجزيـري) مامۆستا لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی (دیمەشق) لە سووریا باسی دەکات و دەڵێت:

سەرەتا کە دامەزرام وەک مامۆستا لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی دیمەشق، بڕیاری سوودی ئاو خواردنەوەمدا لەگەڵ خۆراکدا ئەویش بە پشت بەستن بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ): ﴿فَثُلُثٌ لِطَعامِه، و ثُلُثٌ لِشرابِه، و ثُلُثٌ لِنفسِه﴾، و ئامۆژگاری نەخۆشەکانی خۆمم پێدەکرد کە ژمارەیان گەیشتە زیاتر لە نیو ملیۆن و لەسەر خۆشم جێبەجێم دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابییەکانم لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی مندا نەبوون، چونکە لە سەرچاوە بێگانەکاندا دەیووت ئەم کردارە زەرەی هەیە، منیش سوور بووم لەسەر ئەو رایەی کە لەکاتی خواردندا چەند خۆراک دەخۆیت ئەوەندەش خواردنەوەی لەگەڵ بخۆ، و بەگوێی ئەو کتێبانەم نەدەکرد، ئەوەبوو لەگەڵ بەرەو پێش چوونی زانستی پزیشکی و لەم ساڵانەی دواییدا توێژینەوەکان هاتنە سەر ئەو رایە و پشتگیری ئەو ووتەیەی پێغەمبەرمانی کرد، چونکە دۆزرایەوە کە خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی لەگەڵ خواردندا دەبێتە هۆی زیاد کردنی رژاندنی دەردراو و ئەنزیمەکانی گەدە و جگەر و ریخۆڵەکانیش، و یارمەتی هەرس کردنی خواردنەکە دەدات لە رێی نەرم کردنەوەی و ئامادەکردنی بۆ هەڵمژینی ئەو دەردراوە هەرسکەرانە و قەبزیش کەم دەکاتەوە، بۆیە منیش هەر لە کۆنەوە ئامۆژگاری ئەو نەخۆشانەم دەکرد کە قەبزیی درێژخایەنیان هەبوو بەوەی لەگەڵ خواردندا رێژەیەکی زۆر ئاو بخۆنەوە و دەرچوو کە ئامۆژگارییەکی زۆر بەسوودە و ١٠٠٪ سەرکەوتووە.*

یەکێک لە مامۆستا موسوڵمانەکان کە ناوی (أحمد حميد)ە و مامۆستایە و مامۆستایە لە کۆلیژی (الشريعة و أصول الدين) هەستا بە جێبەجێ کردنی ئەم فەرموودەیە لەسەر خۆی و بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو لەسەری، ئاکامی ئەم کردارەی زۆر جێی دڵخۆشی و رێز بوو کە بینی کێشی لە ١١٥کیلۆگرامەوە دابەزی بۆ تەنها ٧٥کیلۆگرام، کەواتە ئەم

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: (السنة المطهرة و التحديات)/ دانراوی: د. نورالدين عتر/ لاپەڕە ٧٦-٧٧.

فەرموودەیە یەکێکە لە ناوازەترین و ڕەوانبێژترین ئەو فەرموودانەی کە ئیعجازی زانستی‌یان لەخۆ گرتووە، تەنانەت دوور لەدینان و دوژمنانیش دانیان بە گەورەیی و دانایی ئەم ووتەیەدا ناوە، (د.عبدالباسط السید) سەرۆکی بەشی کیمیای ژیانی لە پەیمانگای توێژینەوەی نیشتمانی لە قاهیرە-میصر دەڵێت: لە سەردانێکمدا بۆ شاری (شتوتگارت) ی ئەڵمانیا چووم بۆ نەخۆشخانەی سەرەکی لەو شارەدا کە هەزاران پزیشك و کارمەندانی تەندروستی کاری تێدا دەکەن، کاتێك چوومە هۆڵی سەرەکی نەخۆشخانەکەوە شتێکی سەیرم بینی! بینیم لە چوارچێوەیەکی گەورەدا نووسینێك بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئەڵمانی نووسراوە کە دەڵێت: (**فإنْ کانَ لا بُدَّ: فثُلثٌ لطعامِه، و ثُلثٌ لشرابِه، و ثُلثٌ لنفسِه**)، و لەژێری‌دا وەرگێڕانی ووتەکە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە، لە کۆتایی‌دا نووسراوە کە ئەمە ووتەی (محمد) پێغەمبەری ئیسلامە!! خۆ ئەوان باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی محمد (ﷺ) نی‌یە؟ بەڵام ئەم ووتەیە لەبەر دانایی زۆری و سوودەکانی کردوویانە بە سیاسەتێك بۆ خۆیان لە بواری خۆراکدا.

**نموونەی دووەم:**

## پەیدا بوونی قەڵەوی لە دوا ڕۆژدا:

-عن عِمران بن حُصين (رَضيَ الله عنهما) قال: قال النبي (ﷺ): ﴿**خيرُكُم قَرني ثُم الذين يلونهم، ثُم الذين يلونهم، ثُم إن بعدهم قوماً يشهدونَ و لا يستشهدون، و يخونون، و لايؤتمنون، و ينذِرونَ، و لا يوفونَ، و يظهر فيهم السمن**﴾ رواه البخاري و مسلم، و في رواية الترمذي: ﴿**يتسمنونَ و يحِبونَ السمن**﴾، واتە: عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خوایان لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: باشترین سەدە لەناو موسوڵماناندا ئەو سەدەیەیە کە منی تێدام (واتە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵەکان)، پاشان ئەو سەدەیەی بەدوامدا دێت (واتە سەردەمی تابیعی‌یەکان کە شوێنکەوتەی هاوەڵەکانن)، پاشان ئەو سەدەیەی بە دوایاندا دێت (واتە سەردەمی تابیعی تابیعی‌یەکان)، پاشان دوای ئەمان و لە داهاتوودا خەڵکانێك پەیدا دەبن کە شایەتی ناهەق دەدەن کە داواشیان لێنەکراوە کە شایەتی بدەن، و خیانەت دەکەن و دەستپاك نابن و کەسیش ئەمانەت ناداتە دەستیان، بەڵێن و نەزر دەکەن و نایبەنەجێ و بێوەفان، هەروەها قەڵەوی‌یان تێدا پەیدا دەبێت، یان فەرموویەتی: خۆیان قەڵەو دەکەن و حەزیان لە قەڵەوی‌یە.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە لە چەند گۆڕانکاری‌یەك لە کۆمەڵگادا کە لەدوای سەردەمی پیرۆزی ئەوەوە پەیدا دەبن، زانایانی فەرموودە دەڵێن کە ئەم نیشانانە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن و بە ئاشکرا خەڵکی بەچاوی خۆیان دەیبینن، لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) چەندین نیشانەی کۆمەڵایەتی باس کردووە کە ئێرە شوێنی ئەوە نی‌یە لێی بدوێین، ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەستە ئەو نیشانە تەندروستی‌یەیە کە لە کۆتایی فەرموودەکەدا هاتووە کە دەفەرموێت: لە داهاتوودا قەڵەوی بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو خەڵکی‌دا پەیدا دەبێت، پەیدا بوونی قەڵەوی لە خۆی‌دا ئاماژە دانە بە پێشکەوتنێکی گەورە کە لە ژیانی خەڵکی‌دا ڕوودەدات، چونکە شێوازی ژیان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) وای لە مرۆڤەکان نەدەکرد کە قەڵەو بن، زوربەی هەرە زۆری خەڵکی لەو سەردەمانەدا یان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری یان بە بازرگانی‌یەوە خەریك بوون، کە ئەم ئیشانە ئەرکێکی زۆری دەوێت تاوەکو مرۆڤ بژێوی خۆی و خێزانەکەی پێ پەیدا بکات، چونکە هۆکارەکانی کشتوکاڵ و کارکردن و هاتووچۆ زۆر سەرەتایی بوون، ئەمە سەرەڕای ئەو کارەساتە سروشتی‌یانەی کە مرۆڤ نەیدەتوانی خۆی لێ بپارێزێت و زۆر جار ڕەنجی بەفیڕۆ دەبرد.

بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەموو شتێك لە ژیاندا هانی مرۆڤ دەدات بۆ قەڵەو بوون، چونکە شێوازی ژیان زۆرێك لە هیلاکی و ماندوو بوونی مرۆڤی کەم کردووەتەوە، مرۆڤ لە شوێنی خۆیەوە دەتوانێت پەیوەندی بە هەموو سووچێکی ئەم جیهانەوە بکات و کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت و تەنانەت ڕێکەوتن نامەی بازرگانی گەورەش ببەستێت، هاتووچۆ بۆ هەموو شوێنێکی دونیا زۆر ئاسانە و پێویست بە هیلاکی و ماندوو بوون ناکات، تەنانەت کاری پیشەسازیش لەناو کارگەکاندا بەڕادەیەك ئاسان بووە مرۆڤ تەنها پێویست دەکات کە چاودێری کاری ئامێرەکان بکات و لەکاتی هەڵە و خراپ بووندا بە دوگمەیەك دەیان وەستێنێت، ئەم ئیسراحەتە لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریشی گرتووەتەوە، لەلایەکی ترەوە پێشکەوتنی گەورە لە بواری ئامادەکردنی خۆراك و خواردەمەنی‌دا و جۆراوجۆری‌یان بەشێوەیەك کە پێشتر نموونەی نەبووە، وای لە مرۆڤەکان کردووە کە ڕێژەیەکی زیاتر لە خواردن بخۆن، لە کۆتایی‌دا جمووجووڵی کەمی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بە قاچەکان و دەستەکانی هۆکارێکی ترە، ئەوەتا پەیژەی کارەبایی سەری دەخات و دایدەبەزێنێت، و ئۆتۆمبیل بۆ هەر شوێنێك بیەوێت دەیبات، کەواتە دەستەواژەی (پەیدا بوونی قەڵەوی) زۆر موعجیزە و لەخۆی‌دا هەواڵدانی تێدایە بەو گۆڕانکاری‌یە گەورانەی کە لە شێوازی ژیانی مرۆڤەکاندا ڕوودەدات.

هاتنی ئەم ووتەیە لەناو هەواڵدانی پێغەمبەردا (ﷺ) بە ڕوودانی چەندین

